# The Broken Windows of the KRG Private Universities: An Autoethnographic Study on XY University in Erbil

Faez Ibrahim Muhammad
Sociology and Mass Communication, College of Art, Salahaddin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.24*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract

This research aims at exploring some of the fundamental disorders and anomies in the Kurdistan private academic institutions. It tries to answer how and why these anomies and disorders originated, and how they are translated into macro-level structural chaos in the society at large. Is the commercial aspect dominant or the academic dimension? which one does shape and constrain the other? My research is theoretically informed by the "Broken Windows Theory", developed by "Wilson" and "Kelling", that studies the causes and contexts of spreading, expanding, and translating trivial problems into large-scale and societal problems. I also draw upon the notion "Institutional Anomie" proposed by "Messner" and "Rosenfeld", that focuses on the economization and commercialization of non-commercial and non-economic institutions. Methodologically, I employ the critical and interpretive autoethnography. To further strengthening my qualitative data, I also made use of focus group technique and unstructured interview with 37 samples (22 students, 7 instructors, and 8 university personnel) in addition to participant and direct observations. The name of the studied university is indicated by the symbol (XY), the researcher taught at this university for three years, and therefore chose it as a target sample. The results show that private universities in Kurdistan, despite their abundance, operate as commercial institutions more than academic and educational institutions, and participate in the marketing and sale of certificates accredited by the Ministry of Higher Education in Kurdistan.

***Keywords:*** *Broken Windows, Institutional anomie, Autoethnography, XY University, Commodification of high education.*

# پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆ ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستان
# لە هەولێرXYتوێژینەوەیەکی ئۆتۆئیتنۆگرافییە لەسەر زانکۆی


## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، ئامانجیەتی لە بێسەروبەرییەکانی بنیادی زانکۆ ناحکوومییەکان بکۆڵێتەوە؛ هۆکاری ئەو نارێکی و بێسەروبەرییانە چین و چۆن کێشە و بێسەروبەرییەکی ورد و بچووك کە ڕەنگە کەس حیسابی بۆ نەکات، دەبێتە کێشە و کە زانکۆ لە ڕەوتە زانستییەکەی دەردەچوێنێت؟ لایەنی زانستی یان بازرگانی، کامیان بەسەر بێسەروبەرییەکی وا گەورە ئەوی دیکەدا زاڵە؟ لە ڕووی تیۆرییەوە، توێژەر سوودی لە "تیۆری پەنجەرە شکاوەکان"ـی ویلسن و کلینگ وەرگرتووە، کە تایبەتە بە ناسینەوەی هۆکار و ئاکامی گەورەبوونی بێسەروبەرییەکی بچووکی دامەزراوە و، تەنانەت شار و کۆمەڵگایەك؛ هەروەها "تیۆری ئەنۆمیی دامەزراوەیی"ـی مێسنەر و ڕۆزێنفێڵد، کە باسی بەئابووریکرانی دامەزراوە نائابوورییەکان دەکات. لە ڕووی میتۆدۆلۆژیشەوە، پشتی بە "ئۆتۆئیتنۆگرافی"ـی ڕەخنەیی و تەفسیری؛ بۆ تەواوکاری و بەهێزترکردنی داتا "چۆنایەتی"ـیەکان بەستووە، توێژەر جگە لە ئامرازی "تێبینیکردنی بەشدارانە و نابەشدارانە"، "فۆکۆسی گرووپی" و "چاوپێکەوتنی ناسیستماتیك"یشی لەگەڵ 37 کەس (22 قوتابی، 7 مامۆستا و 8 کادیری ساڵەی وانەگوتنەوەی توێژەر لەو "ـدا دەوام دەکەن؛ لەبەر ئەزموونی سێXYئیداری)ـدا کردووە کە لە زانکۆی " زانکۆیەدا، ئەو دامەزراوەی کردووەتە "نموونە"ی توێژینەوەکەی و، پاش وەسف و لێکدانەوەیەکی ئیتنۆگرافیانەی تەفسیری و ڕەخنەیی، دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو زانکۆیە وەك نموونەیەك لە زانکۆ ناحکوومییەکانی دیکە، زیاتر لەوەی "زانینگە" بن، لە "کۆمپانیا"یەکی بازرگانی دەچن کە کاریان فرۆشتنی بڕوانەمەی دانپێدانراوی وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.


**وشە کلیلییەکان:** پەنجەرە شکاوەکان، ئەنۆمیی دامەزراوەیی، ئۆتۆئیتنۆگرافی، زانکۆی XY، بەکاڵابوونی خوێندنی باڵا.

# پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆ ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێرXYتوێژینەوەیەکی ئۆتۆئیتنۆگرافییە لەسەر زانکۆی

## پێشەکی

فەرمانبەربوون، مامۆستایەتی یاخود قوتابییەتی لە زانکۆیەکی ئەهلیدا چ واتایەکی هەیە و چۆن لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا مامەڵە دەکەن؟ ئەزموونی مامەڵەی ئەو سێ توێژە کە بنیادی هەموو زانکۆیەکن، بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵ و ئەرك و ماف و چاوەڕوانییان (تاقمی ئیداری لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان و، ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا)، هانیدام کە " بنووسم، کە سێ ساڵی خوێندن XYتوێژینەوەیەکی زانستی لە قاڵبی ئیتنۆگرافیای دامەزراوەیەکی وەك "زانکۆی (2019-2020 تاکو 2021-2022) وەك مامۆستایەکی کاتی (وانەبێژ) لە "بەشی کۆمەڵناسی" بۆ هەر چوار قۆناغ وانەم گوتووەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، بەشێك لە تێبینی و ئەزموونی سێ ساڵەی توێژەرە کە وەك بینەر و بیسەر، تەنانەت بکەر و کارەکتەرێکی چالاك، لە سێکوچکەی پەیوەندیی "مامۆستا" و "قوتابی" و "ئیدارە"دا بەشدار بووە و ڕۆڵێکی کولتووری-کۆمەڵایەتیی لەو زانکۆیەدا هەبووە.

هۆکاری هەڵبژاردن و لێگرتنی ئەو زانکۆیە وەك نموونەی توێژینەوە، بۆ ئەو هۆکارە زانستییانە دەگەڕێتەوە: "یشدا بۆ ماوەیەکی درێژ وانەی XYتوێژەر، جیا لە وانەگوتنەوە لە زانکۆ حکوومییەکەی "سەلاحەدین"دا، لە " گوتووەتەوە کە زانکۆیەکی ناحکوومییە؛ توێژینەوەی ئیتنۆگرافییش وا دەخوازێت، بەڵکو تاکە مەرجە زانستی و وەرگیرانەکەیشی وەك میتۆدێك، ئەوەیە کە توێژەر ـ کۆمەڵناس یان مرۆڤناس ـ دەبێ ماوەیەکی درێژ و پێویست لەو شوێنەدا مابێتەوە کە ئامانجیەتی لێی بکۆڵێتەوە؛ ئەو ماوەیە دەبێ ئەوەندە هەبێت توێژەر پێ ڕابگات داتای پێویست کۆبکاتەوە و ئەو زانیارییانە ڕێکبخات کە لە ئەنجامی تێبینییەکانی خۆی، چاوپێکەوتن و گفتوگۆ، پرسیارکردن و بەڵگەنامەکان تۆماری کردوون و، بگاتە خاڵی "تێروپڕیی تیۆری" (Theoretical Saturation) .

هەروەها توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکان، لەبەر ئەوەی پشت بە تێبینی و ئەزموونەکانی توێژەر خۆی دەبەستێ، ناکرێ نموونەکە زۆر گەورە بێت، بەڵکو دەبێ یەك نموونەی تەنها وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ورد و درشتی ڕووداوەکان ڕەچاوبکات و هیچ ڕووداو و زانیارییەکی پێویستی لێ بزر نەبێت؛ بۆیەشە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی، "مۆنۆگرافی"یشی پێ دەڵێن؛ واتە تاکنیگاری یاخود لێکۆڵینەوەی یەك دامەزراوە، یان یەك گرووپ و یەك چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کلتووری.

ئەو زانکۆیە، زانکۆیەکی ئەهلی و تایبەتە و بە پارەی قوتابیان خۆی بەخێودەکات؛ هەربۆیە قوتابی و مامۆستا و توێژی ئەکادیمیك لە هەرێمی کوردستان، چاوەڕوانییەکی زیاتریان لێی هەیە لەچاو زانکۆیەکی حکوومی کە پارە لە قوتابی وەرناگرێت و حکوومەت ئەرکی دەکێشێت؛ وەکچۆن ئەو چاوەڕوانییەی نەخۆش و پزیشکان لە نەخۆشخانەی تایبەت هەیانە، زۆر زیاترە بەراورد بە نەخۆشخانەی حکوومی.

توێژەر، توێژینەوەکەی لە ژێر ڕۆشنایی میتۆدی "ئۆتۆئیتنۆگرافی" و بە پێی دەستووری کار و نەخشەڕێگەی دوو تیۆری گرنگی کۆمەڵناسی دەباتە پێشەوە، کە هەردووکیان جەخت دەکەنە سەر بێسەروبەری و ناڕێکی و شپرزیی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان؛ کە ئەویش تیۆری "پەنجەرە شکاوەکان" و "ئەنۆمیی دامەزراوەیی"ـە؛ دەمانەوێ بە تیۆری یەکەم، ـدا؛ XYجەخت بکەینە سەر نیشانەناسی و هۆکارناسی و ئاکامناسیی ئەو بێسەروبەریانە لە دامەزراوەیەکی وەك زانکۆی بە تیۆری دووەمیش، دەپرژێینە سەر کۆڵینەوە لە پرۆسەی بەئابووریکرانی دامەزراوەیەکی نائابووریی وەك ئەو زانکۆیە و نیشانە و ئاکامەکانی بەکاڵابوونی زانست و مەعریفە و نمرە و بڕوانامە و بارزگانیپێکردنیان؛ هەربۆیە لەو توێژینەوەیەدا تەنها جەخت دەکەینە سەر ئەو تێبینی و ئەزموونانەی کە بۆ توێژەر و نموونەی لێتوێژراوانی زانکۆی XY ، نیشانەی ئەنۆمی و بێسەروبەری و ناڕێکی و نائاساییبوونن، لە هەر سێ ئاستی ماکرۆ و مایکرۆ و مێسۆدا، نەك بابەتە نۆرماڵ و ئاسایی و ڕۆتینەکان.

## خستنەڕووی کێشە و پرسیاری توێژینەوە:

سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانکۆکان، وەك ناوەندێکی خوێندنی باڵا بە فۆڕم و شێوازە نوێیەکەی ئێستا، بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و گۆڕانە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپایە؛ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ناچار بوون بۆ بەرەنگاری و چارەسەرکردنی ئەو هەموو کێشە و گرفتەی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە خوازراو و نەخوازراوانەی کە بەرۆکیانی گرتبوو، پەنا ببەنە بەر زانست و سەنتەرەکانی زانست و مەعریفە؛ بە گەشەسەندنی زانست و زانکۆکان، خوێندنی باڵا وەك سیستەم و دامەزراوەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای مودێرندا وەدەرکەوت؛ زانکۆکان، بۆ دابینکردنی سێ پێداویستیی سەرەکیی کۆمەڵگای مودێرن دامەزران:

1. پەروەردە و ڕاهێنانی هێزێکی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ و کارزانی مرۆیی، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کار و پیشەی جۆراوجۆر بەوان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ماددی و مەعنەوی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە (صالحیعمران و دیگران، 2011: 54).

2. داهێنان و خولقاندنی تەکنۆلۆژیا و پەرەپێدانی بەردەوام بۆ دابینکردنی زیاتر و ئاسانتری پێداویستییەکانی مرۆڤ لە بواری جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا (Schofer & Meyer, 2005: 902).
3. پەرەپێدانی زانست و مەعریفەی مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئەو دنیایەدا، هەم لە جیهانی مرۆیی و هەم سروشتیدا (Karabel, 2005: 184).

دامەزراوەی خوێندنی باڵا و زانکۆ لە باوەشی بنیادە زاڵە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگای مودێرنی ئەوکاتدا گەشەی کرد کە تا سەر ئێسقان سەرمایەداری بوو؛ لەم سیستەمەدا، کەرتی تایبەتیش لە تەك کەرتی حکومییەوە، زۆر بەهێز دەرکەوت و هەردووکیان لە چالاکی و ئەرکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتووری و زانستیدا بوونە تەواوکەری ؛ بە واتایەکی دی، دابەشبوونی کار و لێککردنەوەی (Trumbic, 2010: 597-602)یەکتر و پشتی یەکتریان گرت ئەرکەکان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، پرۆسەی گەشە و پەرەسەندنی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریی زۆر خێرا کرد و هاوسەنگی و هەماهەنگییەکی زیاتری لە نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرەکان، بە تایبەت لە نێوان زانکۆکاندا دروستکرد؛ بۆیە، زانکۆی نوێ کە دەرکەوتەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، لە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری حکومی و ناحکومیدا زۆر گەشەیان کرد و بەم شێوەیە کۆمەڵگای مودێرن لە ڕووی دەستڕاگەیەشتنی بەردەوام بە زانست و تەکنۆلۆژیای مودێرن و دەرفەتی خوێندنی باڵا، زۆر سوودمەند بوو.

پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری و بنیادی کۆمەڵگای مودێرن لە جیهان و بەرفراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەورووپا و کۆمەڵگاکانی دیکە، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوین بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، بووە هۆی ئەوەی وڵاتان بۆ گەشە و پێشکەوتن لە جۆرە مودێرنەکەی، دەستکەوت و ئامرازەکانی شارستانیەتیی نوێی وەك زانکۆ و پەیمانگاکان دابمەزرێنن.

لەبەر گەشەی بەردەوامی خوێندنی باڵا و گرنگیی زانست، ژمارەی زانکۆکان و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا لە هەموو جیهان و لە هەرێمی کوردستانیش بەردەوام لە زیادبووندان؛ لەبەر ئەوەی دامەزراندن و زیندووهێشتنەوە و بەردەوامیدان بەو ناوەندانە، بودجەیەکی زۆری دەوێ و، هیچ حکومەتێکیش ئەو هەموو قورساییەی پێ جێبەجێناکرێت، بۆیە زۆر زانکۆی ئەهلی و تایبەت لەو ساڵانەدا لە هەرێمی کوردستانیشدا دامەزران کە بە پارەی قوتابیان خۆیان بەخێودەکەن. ئەو سەرمایەگوزارییە کە زیاتر لە لایەن بازرگانانەوە کراوە، سەرەڕای ئەوەی هاوکاری و پاڵپشتییەکی باش بووە بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام ئەو کەرتەیان بەرەو لای بەکۆمپانیابوون و بازرگانیکردندا بردووە و ئێستا خوێندنی باڵا وەك کاڵایەکی پڕقازانجی ماددی سەیردەکرێت کە بۆ ئەو بزنسمەنانە قازانجێکی ماددیی خێرای هەبووە و هەیە؛ بۆ قوتابیانیش بڕوانامەی ئاسان و مسۆگەری دابینکردووە و، بۆ مامۆستایانیش بووەتە سەرچاوەیەکی داهات و پیشەی دووەم و تەنانەت سێیەم؛ هەموو ئەمانەش نەك لەسەر بنەمای وەبەرهێنان و پەرەپێدانی مەعریفەی زانستی، بەڵکو لەسەر بنەمای بزنسێکە کە پاشاگەردانییەکی ئەکادیمیکی ئەوتۆی بەرهەمهێناوە کە بە دڵنیاییەوە ڕەچاوی هیچ مەرج و پرەنسیپێکی کۆمەڵگای ئەکادیمیکی تێدا ناکرێت؛ بە کورتی "چۆنایەتی" بووەتە قوربانی "چەندایەتی".

بە پێی ئاماری ساڵی 2022ی وەزارەتی خوێندنی باڵا، سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان 36 زانکۆیان لێ هەیە؛ ژمارەی زانکۆ تایبەتەکان ڕێك لەگەڵ زانکۆ حکومییەکان یەکسانن؛ 18 زانکۆی حکوومی و 18یشی ناحکوومی (جگە لەوەیش 12 پەیمانگای تایبەتیشیان لێ هەیە)؛ یەکەم زانکۆی حکوومی ساڵی 1968 لە سلێمانی دامەزرا کە ساڵی 1981 گواسترایەوە بۆ هەولێر و، یەکەم زانکۆی ئەهلییش ساڵی 2007 لە هەولێر دامەزراوە (وەزارەتی خوێندنی باڵا، 2022). لەبەر ئەوەی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵە ئاسەوارێکی ئەرێنی و نەرێنی دەهێنێ، بابەتی "بەکاڵابوونی خوێندنی باڵا"ش لەو یاسایە بەدەر نییە و کۆمەڵە ئاکامێکی نەرێنیی هەبووە و هەیە کە توێژەر لە ماوەی مامۆستایەتی لە زانکۆیەکی ئەهلیدا، بە زەقی بە چاوی خۆی بینیویەتی و بووەتە خەم و کەڵکەڵەیەکی زانستی کە چۆن بتوانین ئەو بابەتە لە ناوەندە زانستییەکاندا باس بکەین و وەکو مژارێکی زانستی بیورووژێنین و توێژەران و کاربەدەستان و پلاندارێژەرانیش پێی هەڵبستن و ئاوڕێکی لێ بدەنەوە.

ئاماری ئێستای وەزارەتی خوێندنی باڵا (2022)، ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی گشت قوتابیانی هەرێمی کوردستان 195,793 کەسە، کە 150,560 قوتابیی لە زانکۆی حکوومی و 45,233 قوتابییش لە زانکۆی تایبەتدا خەریکی خوێندنن؛ شیان لە 3,010یان لە زانکۆی حکوومی و 10,115 کەسن کە 13,125ژمارەی گشت مامۆستاکانی هەرێمی کوردستانیش زانکۆی ئەهلیدا وانە دەڵێنەوە. دیسانەوە سەرەڕای یەکسانبوونی زانکۆی حکوومی و ئەهلی (18 بە 18)، ڕێژەی قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان، نزیکەی 3.3 ئەوەندەی زانکۆ ناحکوومییەکانە؛ ساڵی خوێندنی (2021-2022) گشت یان لە زانکۆ و 58,999 قوتابی، کە 70,752قوتابیانی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگا حکوومی و تایبەتەکان گەیشتووەتە یان لە ئەهلییەکاندا وەرگیراون (وەزارەتی خوێندنی باڵا، 2022)؛ کەچی ساڵی 2020، 11,573پەیمانگا حکوومی و نزیکەی 60هەزار قوتابی لە خوێندنی باڵا وەرگیراون، کە نزیکەی 15هەزاریان واتە 25%یان لە زانکۆ ناحکوومییەکان وەردەگیرن (ڕوانگە و ڕەخنە، 2020)؛ کەواتە، سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی زانکۆ و پەیمانگای تایبەت، ڕێژەی وەرگیرانی قوتابی لێیان کەمتر دەبێت؛ ساڵی 2020، 25% بووە و ساڵی 2022 گەیشتووەتە 16%.

کێشەیەکی دیکەی خوێندنی باڵا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی زانکۆ ناحکوومییەکان، کەمبوونی مامۆستایە؛ لەبەر نەبوونی مامۆستای پێویست لە هەرێمی کوردستان، زانکۆ ناحکوومییەکان ناچاربوونە پەنا بۆ مامۆستای بێگانە و هەرزانی دەرەوەی هەرێم ببەن؛ تەنانەت هەروەك سەرۆکی پێشووی زانکۆی سەلاحەدین لە چاوپێکەوتنێکدا کە ساڵی

2017 لەگەڵیدا کراوە، ڕایدەگەیەنێت %90ی مامۆستایانی زانکۆ حکوومییەکان بوونەتە وانەبێژ لە زانکۆ ئەهلی و تایبەتەکاندا؛ بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، 8 هەزار مامۆستا لە زانکۆ حکوومییەکاندا وانە دەڵێنەوە، هەرچی زانکۆ ئەهلییەکانە 2هەزار مامۆستایان هەیە؛ لەو کاتەشدا زانکۆ حکوومییەکان و ئەهلییەکان یەکسان بوونە (14 بە 14)؛ .بەمەش ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ حکوومییەکان بەراورد بە زانکۆ ئەهلییەکان چوارهێندە بووە (کوردیپیێدیا، 2017)
بەچەندایەتیکردنی سیستەمی خوێندن و گرنگیدانی لە ڕادەبەر بەو بابەتە، لە سەرەتای دەهەی 1950وە، ڕەخنەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سیستمی خوێندن و پەروەردەی بەدوای خۆیدا هێنا و دوایی دروشمێکیان سازکرد کە هەتا ئێستا ڕەگوڕیشەی لەو سیستەمەدا داکوتاوە: "قوتابیی زۆرتر، یەکسانە بە قوتابیی ئاستنزمتر"؛ چونکە لەگەڵ چەندایەتیگەرایی، زانکۆکان چیتر وەکو جاران نوخبە و بژاردەی بواری زانست و مەعریفەیان بەرهەمنەدەهێنا و لە "نوخبەپەروەری"یەوە بوونەتە "جەماوەرپەسند")Cooperman, 2014: 112)
بەچەندایەتیبوون و بەکاڵاکردنی لەڕادەبەدەری خوێندن، خەیاڵ و ئاواتی خوێندنی لە زانکۆکانی کوردستاندا عەیبدار کردووە؛ فێربوونی زانست و مەعریفە و شەوقی چوونەپۆل و مشتومڕی زانستی، بووەتە جێگای پرسیار و بابەتی زۆر لاوەکی و یۆتۆپیك و خۆزگەیی؛ دیاردەی کورسییە بەتاڵەکانی زانکۆ ناحکوومییەکانیش، پرسیارێکە پێویستە وەڵامبدرێتەوە کە سەرەڕای ئەو هەموو زانکۆ و پەیمانگا ناحکوومییەی هەرێم، بۆچی زۆرێك لە خێزانەکان منداڵی خۆیان دەنێرن بۆ دەرەوەی وڵات بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەر و زۆر جاریش بۆ زانکۆیەکی ئاستنزمی ئەو وڵاتانە، بەڵام ئامادە نین بیاننێرنە زانکۆکانی ناوخۆ؟
ئەزموونی چەند ساڵەی مامۆستایەتیی توێژەر، گەواهی دەدات ئاستی زانست و خوێندن لە ڕووی کوالێتییەوە لە زانکۆکانی هەرێمدا ڕوو لە دابەزینە؛ ساڵ بە ساڵ، کۆرس بە کۆرس دەبینین کە چۆن ئاستی قوتابی و مامۆستا و وانەکانیان دادەبەزێت؛ ڕێژەیەکی زۆری قوتابیان لە هەرێمی کوردستان تەنها بۆ وەرگرتنی بڕوانامە و تێپەڕاندن و تەواوکردنی قۆناغێکی دیکەی ژیان دەچنە زانکۆ؛ چوونە زانکۆ بووەتە هەوەس و ئامانجێکی ناچارەکی بۆ هەموو کچ و کوڕێك، نەك بۆ فێربوون و چاوکرانەوە و ژیرمەندی و زانایی و دانایی، بەڵکو تەنها بۆ وەرگرتنی بڕوانامەیەکی ڕۆتین و ڕواڵەتی، ئەویش بە زانیارییەکی کرچوکاڵ و بەبێ ماندووکردنی مێشك و ئاوەز؛ زانکۆ بووەتە شوێنی دەرچوواندنی قوتابیی ناپسپۆڕ و دەرکردنی بڕوانامەی زۆروبۆر؛ بووەتە کارگەی بەرهەمهێنانی بڕوانامەی بێزانست؛ بووەتە فرۆشگای بڕوانامە؛ قوتابی لە سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنەوە وا ڕادێت تەنها بیری لای بڕوانامە بێت نەك زانست؛ قوتابی، ڕۆڵی کڕیارێك دەبینێ کۆمەڵگا پاڵپێوەناوە و خستوویەتیە ژێر گوشارێکی وەهاوە هەرچۆنێك بێ، ئەو کاڵا کەمالیاتەیشی پێویستە هەیبێ کە پێی دەڵێن "بڕوانامە"؛ ئەو کاڵایەش لە هەموو بازاڕێکدا دەست ناکەوێت؛ تەنها لە بازاڕێکی وەرزیدا دەفرۆشرێ کە ساڵێ جارێک بۆ ماوەیەك دەکرێتەوە؛ دەستڕاگەیشتن بەو کاڵایە، دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی وا بزانێت بووەتە کەسێکی سەرکەوتوو لەو کۆمەڵگایەدا؛ چونکە هەر بە بڕوانامەیەکی پەتی، پلە و مووچەی پێ بەرزدەبێتەوە و پۆزی پێ لێ دەدات، با لە ڕووی زانست و مەعریفەشەوە کەسێکی لاواز و ڕووکەش و بێکەڵکیش بێت؛ چونکە ئەوەی گرنگە خودی بڕوانامەکەیە، نەك زانست و ناوەرۆك و زانایی و پسپۆڕایەتی؛ ئینجا پاش وەرگرتنی بڕوانامەیش، ڕۆڵی لە "کڕیار" و ئەودالّی بڕوانامەوە دەگۆڕێ و دەبێتە "داواکار"ێکی تێرنەخۆر کە داوا و ئیددیعایەکی زۆری هەیە؛ چاوەڕوانییەکانی ئەوەندە بەرز دەبێتەوە کە دەبێتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگا و حکوومەتەوە؛ چونکە ئەو هەموو خاوەن بڕوانامەی ناپسپۆڕی کارنەزان و بێکارە، بە هەموو کارێك ڕازی نین و داوای کار و مووچە و پلەی بەرز دەکەن کە بە دڵنیاییەوە بەشی هەموویان ناکات؛ ئەوانەی خۆیان بڕیار بوو ببنە بەشێك لە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا، دەبنە کێشەیەکی دیکە بۆ کۆمەڵگا و گرێیەکانی کوێرتر دەکەنەوە.
"دا کە زانکۆیەکی ئەهلییە و ساڵی 2007 دامەزراوە و ئێستایش XYئەزموون و تێبینییەکانی توێژەر لە "زانکۆی قوتابی لێی دەخوێنن، ئەو هەقیقەتە دەردەخەن کە لەو کۆمەڵگایەدا زانست و مەعریفە چ نرخ و بەهایەکی 2,500نزیکەی هەیە؛ چۆن کوالێتیی خوێندن بووەتە بابەتێکی لاوەکی و بێبایەخ؛ هەر بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاقمی ئیداری، مامۆستایان و قوتابیانیدا دیارە کە ئەوەی گرنگ نییە، زانست و خوێندنە؛ بۆ زانکۆ پارە و قیستەکان گرنگە و، بۆ مامۆستایش وەرگرتنی مووچە و پڕکردنەوەی ژمارەی سەعاتی وانەگوتنەوە و بەرزکردنەوەی تایتەڵی ئەکادیمی خەمی یەکەم و ئاخرە و، بۆ قوتابییش نمرە و دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامە بە هەر ئامراز و ڕێگایەکەوە بووبێ. چاوپۆشیی ئیدارە لەو هەموو بێسەروبەرییە زۆرە و، کەمتەرخەمی لە نۆژەنکردنەوەی ئەو هەموو پەنجەرە شکاوە و، لە هەمان کاتدا ئەو هەموو گرنگیدانەی بە پارە و قیستی خوێندنی قوتابیان، خۆیلەخۆیدا گڵۆپێکی کەسکە بۆ مامۆستایان و قوتابیان کە دیارە ئەو زانکۆیە، ئەگەر لایەنە ماددییەکەی پارێزراو و مسۆگەر بێ، لایەنە ناماددییەکانی دیکەی بە هەر جۆرێك بۆی بچێتە سەر، کێشەی نابێ و بۆیە قوتابی دەڵێت مادام قیستەکانم داوە، دەتوانم بە دڵی خۆیشم بجووڵێمەوە و مامۆستایش تەنها بداتە قوتابی، هیچ A4بە ئامادەبوونێکی پەتی لە پۆلدا، ئەگەر بە درێژایی خوێندنی کۆرسێك، تەنها چوار لاپەڕی نیگەرانییەکی نییە؛ چونکە هەم قوتابی پێی خۆشە و هەم خۆیشی بە لایەوە ئاساییە تا ئەو ڕادەیەی کە گەیاندوویانەتە هەلومەرجێکی وا تاکە گلەیی و ڕەخنەیان ئەوە بێ کە بۆچی مووچە لە وەختی خۆیدا نادرێ و دوا دەکەوێ؛ لە شێوازی دانیشتنی هەندێ لەو قوتابیانە لە پۆلدا، چۆنیەتیی تەماشاکردن و گوێگرتن لە مامۆستا، هەڵاتن لە فێربوون و وانە و پۆل، نەهاتنەژوورەوە و پیاسەکردن لە حەوشەی زانکۆ، گزی و غەشکردن لە تاقیکردنەوەکان، هەروەها کاتکوشتنی مامۆستایان، کەمتەرخەمی لە ناوەرۆکی وانەکان، بەلاوەنانی زانست و مەعریفە، چاوپۆشی لە هەموو ڕەفتاری

لەقاڵبدەرچووی قوتابیان و تەنانەت ئیدارە و، بە کۆمەڵێك نیشانەی دیکەیشەوە دیارە کە پەنجەرەیەکی شکاو و بێسەروبەرییەکی بچووك ئەگەر چارەسەرنەکرێت، دەکرێ تەشەنە بکات و زانکۆ پەنجەرەی دیکەیشی لێ بشکێندرێ و بێسەروبەری و کێشەی دیکەیشی بەدوادا بێت، بێئەوەی کەس هەستی پێ بکات.

بەم پێیە، پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەبێ:

1. پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆی XY وەك دامەزراوەیەکی کلتووریی کۆمەڵایەتیی ئابووری لە ڕوانگەی توێژەر و ئەندامانی ئەو زانکۆیەوە کامانەن؟
2. مامۆستایان و قوتابیان لەو زانکۆیەدا چۆن باسی ئەو پەنجەرە شکاوانە دەکەن و تاچەند لەگەڵ تێبینییەکانی توێژەر هاوڕان؟
3. لایەنی زانستی یان ماددی، کامەیان لەو زانکۆیەدا بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵە؟

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:

دەروازەیەکە کە توێژەر بەوێدا دەچێتە ناو بابەتەکەیەوە؛ توێژەر، (Theoretical Framework)"چوارچێوەی تیۆری" هەر لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا، لێنز و عەدەسەیەك هەڵدەبژێرێت و لەوەوە سەیری دیاردە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەی دەکات و لەسەر ئەو چوارچێوە و بنەمایەش حوکم و بڕیاردەدات.

ڕاستە کە توێژینەوەی ئێتنۆگرافی بە تایبەت شێوازی ئۆتۆئێتنۆگرافی، زۆر پشت بە دیدگا و تیۆرێکی تایبەت نابەستێ و خۆی بە ئەزموونکردن و جێبەجێکردنی تیۆرێکەوە خەریك ناکات؛ بەڵکو زیاتر جەخت دەکاتە سەر ڕەسەنایەتیی زەین و جۆری تێگەیشتن و لێکدانەوە و تەفسیری توێژەر و لێتوێژراوان و مانای هاوبەش و ڕەفتاری هەردووکیان؛ چونکە لە بنەڕەتدا دەوەستێتە سەر ڕێدۆزی "فێمینۆلۆژی" و "ئێتنۆمێتۆدۆلۆژی"؛ بەڵام تیۆر کاتێك لە توێژینەوەیەکی ئێتنۆگرافیدا بەکاردەبردرێت، کە توێژەر بتوانێت لە نێوان بابەتی توێژینەوەکە و تیۆرێك یان چەند تیۆرێکدا، لینك و پەیوەندییەك دروستبکات و بە جوانی سوود لە ئەزموون و چەمك و گۆڕاو و ئیندێکسەکانی ئەو تیۆرە وەربگرێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایە، ئەم توێژینەوەیە، لە ژێر ڕۆشنایی دوو تیۆری نوێی کۆمەڵناسیدا جێبەجێدەکرێت کە بریتین لە: "تیۆری پەنجەرە شکاوەکان" و "تیۆری ئەنۆمیی دامەزراوەیی"؛ توێژەر دەیەوێ ئەو دوو تیۆرە وەك نەخشەڕێگا و ڕێپیشاندەرێك بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوە، تێبینیکردن، گرافکردن (وێناکردن)، گێرانەوە (ریوایەتکردن)، و بەرجستەکردنی و دەرخستنی ئەو هەموو پەنجەرە شکاوەی کە لە زانکۆیەکی ناحکومیی لە هەولێردا وەك "ئەزموونی ژین" (Lived Experience)ـی خۆی هەستی پێ کردووە و بە جۆرە ئەنۆمی و بێسەروبەری و گرفتێکی دەزانی، کە شایانی بەدواداچوون و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە ئەدەبیاتی ئەو دوو تیۆرە دەکەین:

### 1. تیۆری پەنجەرە شکاوەکان (Broken Windows Theory)

تیۆری پەنجەرە شکاوەکان یەکەمجار لە لایەن دەروونناسێکی کۆمەڵایەتیی ئەمریکی بە ناوی "فیلیپ زیمباردۆ"[2] (1969) پێشکەشکرا. زیمباردۆ لە تاقیکردنەوەیەکدا، دوو ئۆتۆمبێلی هێنا، پلاك و ژمارەی لێ کردنەوە و بە سندووقی کراوە، یەکێکیانی لە شەقامێکی نیویۆرکدا بەجێهێشت و ئەوی دیکەیانی بردە گەڕەکێکی زەنگینی کالیفۆرنیا. ئەوەی یەکەمیان، دە خولەکی نەبرد، تاڵانکرا؛ ئەوەی کالیفۆرنیا هەفتەیەك زیاتر کەس دەستیشی بۆ نەبرد. زیمباردۆ ئەمجارەیان، هەریەکەو جامێکی لێ شکاندن؛ دوای چەند سەعاتێك، خەڵکی ڕێبوار هەریەکەو پارچەیەکیان لێ کردەوە و هەر قەواخەکەیان لێ هێشتەوە. ئەوەی لای زیمباردۆ زۆر سەیر بوو، ئەوانەی هیچیان بە ئۆتۆمبێلەکەوە نەهێشتبوو، کەسیان پێشینەیەکی تاوانی وەك دزین و دەستپیسییان نەبووە(Zimbardo, 1969: 237-307).

ساڵی 1982، دوو تاوانناسی ئەمریکی بە ناوی "جەیمس ویلسن"[3] و "جۆرج کلینگ"[4] پەرەیان بە تیۆرەکەی زیمباردۆ دا و کردیانە تیۆرێکی گرنگ لە بواری تاوانناسیدا کە بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی زۆر دیاردەی دەرەوەی تاوانناسییش بەکاردێت. ئەو دوو زانایە، دیتیان کە ئاماری کوشتن و دەستدرێژی و ڤەندالیزم[5] (تاڵانکاری و وێرانکردنی سامانی گشتی) لە شاری نیویۆرکدا 70% زیاترە لە شارەکانی دیکەی ئەمریکا. شار نوقمی بەنگەمەنی (ماددەی هۆشبەر) و قاچاخ و ڕێگری و توندوتیژی بووە؛ هەر لە بابەتی سیستەمی مێترۆ (هێڵی شەمەندەفەر)دا، دەوڵەت، ساڵانە 200ملیۆن دۆلار زیان دەکات؛ چونکە خەڵك بەبێ ئەوەی پسوولەیان پێ با، بەسەر پەرژین و تارمەی وێستگەدا دەرباز دەبوون و بێئەوەی پارەی تیکێتیان دابێت، سواری پاس دەبوون. هەر بە ئەنقەست و لەخۆڕا کورسییان دەشکاند و بەرگیان هەڵدەدڕاند و جام و دەسکەی کە لەسەر دەرگایان لێ دەکردەوە. ئەوەی جێگای سەرنجی ئەو دوو زانایە بوو، ئەو وێنە "گرەفیتی"ـیانە بوو، دەرودیواری قەتار و لەسەر کورسی و کوشنی شەمەندەفەر و پاس دەیانکێشا؛ ئەو شەش هەزار شەمەندەفەرەی خەڵکیان دەگواستەوە، شتاقیان لەو گرەفیتیانە بێبەش نەبوون. ویلسن و کلینگ پێیان وابوو، گرەفیتی نیشانە و سیمبۆلی بەرەڵایی و بێسەروبەری و لێکترازانی سیستەمی کۆمەڵایەتییە؛ هەروەها ئەم وێنانە، یان خۆدزینەوە لە پارەی پسوولە و ئەو تاڵانکارییە بچووکانە، ئەو پەیامەیان دەرخواردی کۆمەڵگا دەدا کە تاڵان و تاوان و گەندەڵی، ئازاد و ڕەوایە؛ چونکە ئەوان پێیان وابوو ئەو کێشە و تاوانە بچووکانە، پەیامێك بە کۆمەڵگا دەدەن کە دەستبردن بۆ تاوانی گەورەش ئازادە و کەس نییە

لێیان بپێچێتەوە؛ بۆیە پێویستە لە کێشە و بێسەروبەری و تاوانی بچووکەوە دەستپێبکرێت و، پێشنیازیان کرد هەر لە وێستگەی فرۆشتنی پسوولەوە بەری کێشەکە بگرن (Wilson & Kelling, 1982: 29-38) .

لە دەیەی 1990دا، "رۆدی جۆلیانی"[7] شارەوانی ئەو کاتەی نیۆیۆرك هەر زوو بەپیر پێشنیازەکەی ویلسن و کلینگەوە چوو؛ "دەیڤید گان"[8]ـی ڕاسپارد کە ئەو بێسەروبەرییە چارەسەر بکات و پڕۆژەی چەند ملیار دۆلارەکەی دەستپێبکات؛ گان، لە ساڵی 1984ەوە بەڕێوەبەری ترانزیت و سیستەمی گواستنەوەی نیۆیۆرك بوو؛ بەرپرسان و شارەزایان ئامۆژگاریی بەڕێوەبەریان دەکرد کە لە خاڵی زۆر گرنگەوە دەستپێبکات، وەکو گۆڕینی قەتار و پاس و، خۆی بە گرەفیتی و شتی زۆر بچووك و بێنرخەوە سەرقاڵ نەکات، بەڵام وەڵامی دەیڤید گان ئەوە بوو: "گرەفیتی خۆی نیشانە و سیمبۆلی ئەو بێسەروبەری و لێکترازانەیە و، ڕێك دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین"؛ بە بۆچوونی گان، بەبێ زاڵبوون بەسەر کێشەی گرەفیتی، هەر گۆڕانکارییەکی دیکەی فیزیکی، مسۆگەر تووشی شکست دەبێت؛ قەتار و پاسی نوێ دەکڕین، بەڵام یەك ڕۆژ ناخایەنێت دیوی دەرەوەیان پڕ دەبێ لە نووسین و نەخشونیگاری گرەفیتی، ئینجا نۆرەی ژوورەوەی دێت و دەرودیوار و کوشنەکانی بە گرەفیتی، چرکن دەکرێن و تێك دەدرێن؛ بۆیە لە سەنتەری گەڕەکی "هارلم" کە ناوچەیەکی زۆر مەترسیدار و پڕهەڕەشە بوو، کارگەیەکی گەورەی بۆیاغکردن و نۆژەنکردنەوەی قەتار و پاسەکان دروستدەکات؛ ڕایسپاردبوو کە هەر پاس و قەتارێك کە پیس دەکرێت و بە وێنەی گرەفیتی دەشوێندرێت، یەکسەر بۆ ئەو کارگەیە بگوازرێنەوە و نۆژەنی بکەنەوە؛ ئینجا ئەگەر دووبارە تێکیان دایەوە، ئەوجارە سێ ڕۆژ بوەستن و مۆڵەت بدەن تاکو ئەو خەڵکە بە دڵی خۆیان پیسی بکەنەوە و هەرشتێکیان ویست لەسەری بنووسن، ئینجا شەو بیگوازنەوە بۆ کارگەکە و سەرلەنوێ نۆژەن و بۆیاغی بکەنەوە و بەیانی زوو بیخەنەوە ئیش (Harcourt & Ludwig, 2016: 278-281).

هاوکات کە گان ببووە بەڕێوەبەری ترانزیتی نیۆیۆرك، "ویلیام براتۆن"[9]یش کرابووە سەرۆکی پۆلیسی مێترۆ؛ براتۆنیش لایەنگری تیۆری پەنجەرە شکاوەکان بوو؛ ئەوکاتەی کە دەستبەکار بوو، هەزاران تاوانی بچووك و گەورە لە وێستگەکان و گەڕەکی دەوروبەریان دەکرا؛ بۆ نموونە، ڕۆژانە 170هەزار کەس لە پارەدان و کڕینی تیکێت هەڵدەهاتن و بە دزییەوە سواری قەتار و پاس دەبوون؛ براتۆن پەنجە دەخاتە سەر کێشە و تاوانی بچووکی وەك خۆدزینەوە لە تیکێت و جارێ واز لە تاوانی گەورەی دیکە دەهێنێت؛ ژمارەی پۆلیسەکانی وێستگەکانی زۆر بەرز کردەوە، بە دیتنی بچووکترین سەرپێچیکاری، کابرایان دەستگیر دەکرد و لە پێش چاوی خەڵك دەست و لاقیان کەلەمچە دەکرد. ئامانجی براتۆن ئەوە بوو کە ئەو پەیامە نوێیە بدرێتە خەڵك: "ئێرە خاوەنی هەیە و پۆلیس لە بەرەنگاربوونەوەدا زۆر ڕژد و جدییە". ئینجا لە هەنگاوی دووەمدا، چەند بنکەیەکی پۆلیسی لە وێستگەکاندا دامەزراند؛ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەردەوام لەو شوێنانە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا ڕاگیرابوو؛ کەسانی گوماناوییان دەپشکنی؛ لە هەر 20 پشکنین، کەسێك دەگیرا کە چەکی بێمۆڵەتی پێ بوو؛ زۆر تاوانبار و بکوژی هەڵاتوو بەم شێوەیە دەستگیر کران؛ لە ئاکامدا تاوانباران هەر زوو زانییان کە بە نەدانی تیکێت و هەڵگرتنی چەکی سارد و گەرم، خۆیان تووش دەکەن؛ ئەوان سیاسەت و دروشمێکیان هەبوو کە بە جوانی جێبەجێیان دەکرد؛ ئەویش "لێبوردەیی و چاوپۆشیی سفر"[10] بوو؛ واتە بەبێ هیچ چاوپۆشی و لێخۆشبوونێك؛ ژمارەی تاوان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەیر کەمی کردەوە، سواڵی سەر چوارڕێیان، مەستی و سەرخۆشی، میزکردن لە شەقام و زۆر ڕەفتاری لادەرانەی کە جاران زۆر ئاسایی بوو، بە یەکجاری نەما، بەبێ ئەوەی کەس فێری کردبێتن یان ئامۆژگارییانی کردبێت. ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بێسەروبەری و ڕەفتاری خراپ و تاڵانکاری زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە، بەڵام چەسپاندنی ڕەفتاری باش و پەسەند، بەبێ هێز ناکرێت و کۆنترۆڵ و چاودێرییەکی بەردەوام و بێدابڕانی دەوێت (Kelling & Bratton, 1998: 1217-1232).

بە کورتی ئەم تیۆرە، پێمان دەڵێت: ئەگەر پەنجەرەی باڵەخانەیەك شکابێت و پشتگوێ بخرێت و چاکنەکرێتەوە، پاش ماوەیەك ئەو لێکدانەوەیە لای خەڵك دروستدەبێت، گوایە لێرە کەس بۆی گرنگ نییە کە پەنجەرەیەك لێی شکاوە و هەتا ئێستا نۆژەن نەکراوەتەوە! بە تێپەڕینی کات، ژمارەی پەنجەرە شکاوەکان زیاتر دەبێت و کار دەگاتە تێکدان و پیسکردن و خراپکردنی دەرودیوار و کەلوپەل و پێکهاتەکانی دیکەی باڵەخانەکە؛ پاشان دەبێتە نۆرەی شەقام و کۆڵانی دەوروبەری ئەو باڵەخانەیە؛ ئەو پەیام و سیگناڵەی کە دەداتە ڕێڕەوەکان ئەوەیە: "لێرە، ئازادن هەر کارێك کە دەتانەوێ بیکەن، بێئەوەی کەس ڕێتان لێ بگرێت!"؛ بە پێچەوانەوە، ئەگەر پەنجەرە شکاوەکە، هەر زوو چاکبکرێتەوە، ئەو کەسانەی کە تێکدەرن، یاخود مەیلی تێکدانیان لە دەروونیاندا هەیە، دەست بۆ شکاندنی پەنجەرەی دی و تێکدانی باڵەخانەکە نابەن؛ چونکە ئەو جارە، ئەو پەیام و سیگناڵەیان پێ دەگات: "باڵەخانەکە، بێخاوەن نییە؛ گرنگی دەداتە کەلوپەل و موڵکی خۆی؛ بەرانبەر بە تێکدان و پیسکردن و زیانگەیاندن، بێدەنگ نابێت و ناتوانی هیچ گەندەڵییەکیش بکەی."

کەواتە "تیۆری پەنجەرەی شکاو" دەیسەلمێنێ کە پشتگوێخستنی گەندەڵی و بێسەروبەری و کێشەی بچووك، ئەو پەیامە دەداتە خەڵکی بەدنیاز و گەندەکار گوایە کۆمەڵگا بێخاوەن و بەرەڵا و شپرزە و، دەتوانی بە ڕۆژی ڕووناك هەموو تاوانێکی تێدا بکەی؛ بەڵام بە پێچەوانەوە، دەبینن کە ئەگەر کۆمەڵگا تەنانەت لە هەموو شتێکی بچووکیش بپێچێتەوە و چاوی لێ نەپۆشێت، مسۆگەر بۆ شتی گەورەتر زۆر جدیتر مامەڵە دەکات و کەس لێی قوتار نابێت.

کاکڵەی ئەو تیۆرە ئەوەیە کە چاکسازی و گۆڕانکارییەکان، پێویست ناکات زۆر بنچینەیی و گەورە بن؛ بەڵکو گۆڕانکاری و چاکسازیی بچووك (وەکو نەهێشتنی گرەفیتی و چارەسەکردنی کێشەی خۆدزینەوە لە پارەی تیکێت) دەکرێ ببێتە هۆی وەرچەرخان و گۆڕانێکی زۆر گەورە و سەرتانسەری لە دامەزراوە، یان شار و کۆمەڵگایەك.

دایاگرامەکەی خوارەوە، کورتکراوەی تیۆری پەنجەرە شکاوەکانە:



شێوە

## 2. تیۆری ئەنۆمیی دامەزراوەیی (Institutional Anomy Theory)

تیۆری ئەنۆمیی دامەزراوەیی، کە واتاکەی بێسەروبەریی دامەزراوەیی و سیستەماتیکە، نوێترین ڤێرژێنی تیۆری ئەنۆمییە کە "ستیڤن مێسنێر"[11] و "ڕیچارد ڕۆزێنفێلد"[12] بە سوودوەرگرتن لە تیۆرەکەی مێرتۆن و پارسۆنز دایدەڕێژن و ئەوەی مێرتۆن دەبارەی "بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی" و پارسۆنز دەبارەی "هاوسەنگیی نێوان دامەزراوەکان" گوتوویانە، وەکو چوارچێوەی تیۆریکی کارەکەیان بەکاریدێنن (Savolainen, 2000: 1030) .

مێسنێر و ڕۆزێنفێڵد لە دانانی تیۆرەکەی خۆیاندا، چەند دامەزراوەی وەک "ئابووری"، "خێزان"، "پەروەردە" و "سیاسەت" لەبەرچاودەگرن. ئەوان دەڵێن دۆخی ئەنۆمیك یان بێسەروبەری کاتێك سەرهەڵدەدات، کە هاوسەنگی و باڵانسیی نێوان ئەو دامەزراوانە تێکبچێت و "بەهای ئابووری" زاڵ ببێتە سەر هەموو دامەزراوەیەکی نائابووری. ئەوان لە توێژینەوەکانیاندا بۆیان ڕوونبووەوە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکاییدا، دامەزراوە نائابوورییەکانی وەك خێزان و قوتابخانە ئەوەندە لاواز بوونە کە ناتوانن پێداگری و جەختی لەڕادەبەدەر بۆ گەیشتن بە پارە و سەرکەوتنی ماددی کۆنترۆڵ بکەن؛ چونکە دامەزراوەی ئابووری لە دامەزراوەکانی دیکە زۆر بەنرختر و لەپێشترە. باڵادەستی و زاڵبوونی دامەزراوەی ئابووری، هانی ئەو بەها کولتوورییانە دەدات کە دەڵێ سەرکەوتن گرنگە، جا بە هەر نرخێکیش بووبێت (نادری و دیگران، 2011: 188).

بێسەروبەری و دۆخی ئەنۆمیک لەوەوە دروستدەبێت کە بۆ گەیشتن بە خواست و ئاواتی سەرکەوتن ئەویش بە هەر نرخێک و هەر چۆنێك بێت، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی خەڵک لە یەکتر، لاوازداگەڕانی هەستی کۆیی و یەکگرتن و، بەرزبوونەوەی بایەخی کورسی و پۆست و پلەوپایەخوازی و سنووردارکردنی ئارەزووی گەیشتن بە بابەتی مەعنەوی و نامادی کە نرخ و بەهای ماددییان نییە؛ وەکو زانستپەروەری و ڕێزلێنان و ڕێزلێگیران لەسەر بنەمای بەهای نامادی؛ بە پێی ئەم ڕوانگەیە، ئەنۆمی لەبەر ئەوە هەیە کە دامەزراوەی وەک ڕێکخراوەی خێرخوازی یان ئاینی، لاواز کەوتوونە . سێ هۆکاری کۆمەڵایەتی یاخود سێ جۆر گوشار هەن، کە دەبنە هۆی (Siegel, 2017: 178-179)یان بەلاوە نراون لاوازکردنی ئەو دامەزراوانە:

کە ڕۆڵ و بەرهەمی نائابووری پەست و بێنرخ دەبێ، سیستەمی خێزان، پەروەردە و فێرکاری و ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی هەموو دەستکەوتێکی ماددی و ئابوورییان پێ سەرکەوتن نییە، ڕۆڵیان کەمدەبێتەوە و لە بەرامبەر سیستەم و بنیادی ئابووریدا لاواز دەبن؛ بۆ نموونە: کاری ناو ماڵ (بنەوانەییکردن و ئەرکی خێزانی)، قوتابخانە (ئەرکی مامۆستایەتی و فێرکردن)، یان ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە (ئەرکی خێرخوازی و کاری خۆبەخشانە)، لەچاو سەرکەوتنی ماددی، بە پلەدوو و کەمبەهاتر لەقەڵەمدەدرێن؛ واتە لە دامەزراوەی خێزاندا، ئەو کەسەی چاودێریی منداڵ دەکات، یان چێشت لێ دەنێت، لەچاو ئەو کەسەی لە دەرەوە کار دەکات و داهاتی ماددی و بژێویی خێزانەکە پەیدادەکات، ڕێزێکی کەمتری هەیە؛ ئەگەر لە قوتابخانە و زانکۆدا، پارەیەکی زۆر کەم بە مامۆستایان دەدرێت، هەر ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە.

کە ناهاوسەنگی لە نێوان دامەزراوەکان و ئینجا دژایەتیی نێوانیان پەیدادەبێت، ڕۆڵی نائابووری (وەکو فێربوونی زانست و مەعریفە) دەکەوێتە ڕیزی دووەمەوە و ملکەچی ڕۆڵی ئابوورییەکان دەبێ و ناچارە خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێ. بەرنامە و کاروباری پیشەیی و دارایی و ماددی، دەکەونە پێش کاروباری خێزانی، خوێندن و پەروەردەوە؛ بۆ نموونە: ژیانی خێزانی پێویستە بە پێی جۆری کار و داهاتەکەیان پلان دابڕێژن؛ قوتابخانە و زانکۆش، پلانی فێرکاری و خوێندنیان بە پێی پێداویستییە ئابووری-بازرگانییەکان ڕێکدەخەن.

بەرەبەرە پێوەری ئابووری دزە دەکاتە نێو دامەزراوە نائابوورییەکانەوە؛ پەروەردە و خوێندن وەکو کاڵایەک بۆ فرۆشتن هەژماردەکرێت و قوتابیانیش بە کڕیار و بەکاربەری زانست لەقەڵەمدەدرێن و زانکۆ و قوتابخانەکان، حکوومەت و تەنانەت خێزانیش لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ نموونە و ئامانجە بازرگانییەکانی بەڕێوەبردندا، تا ڕادەیەکی زۆر دەکەونە ژێر گوشارەوە؛ وشە و دەستەواژەی بواری ئابووری و پێوەر و پێودانگ و ڕێسای ماددی دزە دەکاتە قەڵەمڕەوی دامەزراوە نائابوورییەکانەوە؛ وشە و زاراوەی ئابووری دەبێتە بەشێک لە زمانی باوی کۆمەڵگا؛ بۆ نموونە: باوك یان بەخێوکەری ماڵ، خۆی بە "بەڕێوەبەر"ی خێزان دەزانێت، وەك بڵێی لە ژینگەیەکی کاروپیشەییدا دەژین (Messner & یاخود خاوەنی زانکۆ یان قوتابخانە، خۆی بە هەمەکارە و بەڕێوەبەری گشتیی ئەو .(Rosenfeld, 2011: 149-150 زانینگەیە دەزانێت.

لە ڕوانگەی مێسنێر و ڕۆزێنفێڵدەوە، کە کەرتی ئابووری زاڵ بوو بەسەر هەموو دامەزراوەیەکدا، دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەرکی کۆنترۆڵی دامەزراوە نائابوورییەکان؛ چونکە دامەزراوەی ئابووری لە ڕێگای سەرکەوتندا بەکارهێنانی هیچ ئامراز و ڕێگایەکی ناشەرعیی پێ ناڕەوا نییە و سڵی لێ ناکاتەوە و تاك لەوە ناترسێنێت کە بەدەستهێنانی

پارە و دەستکەوتی دیکەی ماددی بە هەموو نرخێك ڕەوا نییە (وەکو غەشکردنی قوتابی بۆ دەرچوون)؛ ئەگەر بەربەستێك نەبێ وردەوردە ئامراز و ڕێگای ناڕەوا پەرەدەسێنێت و دەبێتە باو و، شوێنی بەها و ڕێگای ڕاست و ڕەوا دەگرتەوە؛ بۆیە لاوازداگەڕانی دامەزراوە نائابوورییەکانی وەکو قوتابخانە و خێزان لەباتی ژیاندنەوە و پەرەپێدانی بەها و بایەخی ڕاست و ڕەوا، دەکەوێتە بن ڕکێفی دامەزراوەی ئابووری (کوزر و ڕوزنبرگ، 2015: 202-203)؛ ئەوەیش وا لە تاك دەکات خۆی لەگەڵ دامەزراوەی ئابووریدا بگونجێنێت و بەگوێرەی پێوەر و پێودانگی ئابووری بجووڵێتەوە؛ ئەو دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کلتووری تاکگەرایی و ڕکەبەرایەتیی خۆویستانە، ببێتە هۆی وروژاندنی ململانێ و زۆرانبازی لە دامەزراوەی لاوازکراوی نائابووریدا. لە باروودۆخێکی ئاوادا، تاک بەختەوەری و سەرکەوتنی ئەوانی دیکەی پێ گرنگ نییە و خۆی لێ بە بەرپرسیار نازانێت و هەر خۆی دەبینێت (Sherman, 1992: 647) .

کە ئەم دامەزراوانە هێزی ڕێکخستن و کۆنترۆڵی ڕەفتاری تاکیان پێ نەما، دەبنە مەیدانێکی باش بۆ بانگەشەی ماددی؛ بۆ نموونە، زانکۆ و قوتابخانە لەسەر بنەمای گواستنەوەی زانست هەڵناسەنگێندرێن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ڕایکێشێتە بوارێکەوە داهات و مووچەی بەرزی تێدا بێت؛ هەربۆیە هەموو بڕوانامەیەك لە بازاڕی کاردا خوازراو نییە و بەش و بوارەکانی خوێندن لە زانکۆ بەو پێوەر و پێودانگە هەڵدەسەنگێندرێن. کلتوور، دامەزراوەکان دیاریدەکات و گۆڕانی دامەزراوەییش کار دەکاتەوە سەر کلتوور. ئەگەری ئەوە هەیە کە لە ئابوورییەکی ڕێك و ڕاستاڵیشدا ڕێژەی گەندەڵی و لادان بەرزببێتەوە؛ چونکە مەیلی خۆشبژێوی، دەستکەوتی ماددیی زیاتر، سەرنجڕاکێشتر دەبێت و تاك هان دەدات هەموو ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ داهاتی زیاتر؛ لێرەوەیە بەرژەوەندیی تاکەکەسی گەشە دەکات و سەر دەکێشێت بۆ بێئەخلاقی و نایەکسانی و هەقخواردن و، دەستکەوت و دەرفەتی بچووکی پێ هیچ نییە و سەرکۆنەی دەکات(Cullen & Hoegl, 2017: 422-424).


یان خەونی ئەمریکاییانە"[13] دەکەن، کە هەم وەکو "ئامانج"ێک و هەم وەکو ئەوان، ئاماژە بە زاراوەی "خولیا "پرۆسە"یەک بە کاریدەهێنن. خولیای ئەمریکاییانەی وەکو ئامانج، ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی کاڵای ماددی و سامان و پارە لە ڕێی کێبڕکێی ئازادانەی تاکەکەسییەوە و، وەکو پرۆسەیش ئاماژەیە بە پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنان و بەکۆمەڵایەتیبوون کە لە منداڵییەوە فێردەکرێن چۆن بە دوای پارە و پێگەی ماددییدا بگەڕێن و بیکەنە نیشانە و ئامانجی سەرکەوتن و بەختەوەری و خۆشبەختی کە لە کلتووری ئەمریکادا ئەوەندەی دەهێنێ کە تاك لەپێناویدا تێبکۆشێت (Messner & Rosenfild, 1997: 65) .

بە بۆچوونی ئەوان، خولیای ئەمریکایی، لانیکەم چوار بەهای کلتووریی تێدایە کە دەبێتە هۆی بێسەروبەری یان ئەنۆمیی دامەزراوەیی:

1. **مەیل و حەزی زۆر بۆ دەستخستنی ئامانجی ماددی و بەدیهێنانی خەونی تاکەکەسی** کە کلتوورێك دروستدەکات، بەو پێیە، کەسەکان بەگوێرەی ئەو شتەی کە هەیانە یان بەدەستیدەهێنن هەڵدەسەنگێندرێن؛ بە بۆچوونی مێسنێر و ڕۆزێنفێڵد، بەهاکانی سەرکەوتنگەرایی، وا لە زەین و مێشکی مرۆڤ دەکات کە بڵێت: "بابەتەکە ئەوە نییە چۆن گەمە دەکەیت، گرنگ ئەوەیە ئایا دەیبەیتەوە یان دەیدۆڕێنیت!"؛ کەواتە بەهای سەرکەوتنگەرایی خەڵك هان دەدات تاکو لە کێبڕکێیەکی بەردەوامدا بن بۆ دەستخستنی ئامانجی ماددی؛ ئەوەی نەتوانێ سەر بکەوێت، واتە کەسێکی شیاو و براوە و لێهاتوو نییە (Messner & Rosenfeld, 2001: 63).
2. **تاکگەرایی** (Individualism) کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاك هەموو شتێکی تەنها بۆ خۆی بوێت و بۆ بەرژەوەندی و لەبەر خاتری خۆی هەموو شتێک بکات و بۆ خۆی داگیری بکات و لە ڕەوتی کێبڕکێ لەگەڵ تاکی دیکەدا، لەبری نواندنی هەڵوێستی جوامێرانە و تەبایی و هاوکاری و هاوخەمی، هەڵوێستی دژمنکارانە نیشان بدات و ڕقەبەرایەتی بکات (Messner & Rosenfeld, 2011: 134-136; Muftic, 2007: 630-653).
3. **پێداگرتنی توند لەسەر جیهانگەرایی** (Universalism) کە دەبێتە هۆی خولقاندنی ئەو چاوەڕوانییە ڕێپێدراوەی کە دەڵێ هەموو تاکێکی ئەمریکایی دەبێ خوازیاری گەیشتنەئامانج و سەرکەوتن بێت؛ ئەم چاوەڕوانییە لە کۆمەڵگایەکی بەجیهانیکراودا، زۆرینەی تاکەکان هان دەدات بۆ سەرکەوتن و گەیشتنەئامانج وەکو یەك هەوڵبدەن و قەت دانەنیشن، نەوەك لەو پێشبڕکێیەدا دوا بکەون (Messner & Rosenfeld, 2011: 142-143).
4. **پارەپەرستی** (Money Fetishism) کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی پارە ببێتە ئامانجێکی سەرەکی و لەبەرچاوبگیرێت و پارە ببێتە تاکە پێوانەی سەرکەوتن. زەنگینی و پەیداکردنی پارەی زیاتر، ئامانجێکی هەرگرنگە کە ڕادەی پێگە و سەربەرزی و عیزەتی تاکی پێ دەستنیشان دەکرێت. چەند پارەی زیاتری هەبێت پلەوپایەیشی بەرزترە و ئەمەیش هیچ سنوورێکی بۆ نییە و هەمیشە بەردەوامە و تاکی ئەوداڵی ئەو شێوە ژیانە ئۆقرە نەگرێت؛ پارەپەرستی و دیتنەوەی سەرکەوتن لە پارەدا، وا لە تاك دەکات بە هیچ تێرنەبێت و بە دوای سەرکەوتنی زیاتردا وێڵ و سەرگەردان بێت و بۆ پەیداکردنی پارە خۆی لە هیچ نەگێڕێتەوە (Messner & Rosenfeld, 2001: 64)؛ پارەپەرستی یان ماددەگەرایی، تەنها جەخت دەکاتە سەر پاداشت و سەرمایەی "نەخت و کاش"(Cash). مێسنێر و ڕۆزێنفێڵد پێیان وایە، بەو ئەندازەی کە بەهای کلتووری، پارەی کردە ئامانجێکی بەنرخ و پڕبەها، ئەوەندەش مەیل و حەزی گەیشتن بەو ئامانجە زیاتر و چاوبرسیتر دەبێت (Messner & Rosenfeld, 2011: 147-148).

لە کۆتاییدا، مێسنێر و ڕۆزێنفێلد بەو ئەنجامە دەگەن کە باڵادەستیی ئابووری لە ئاستی دامەزراوەییدا دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەنۆمی لە ئاستی کلتووریدا و ئەنجامەکەیشی هەڵکشانی ئاماری تاوان و ڕەفتاری لادەرانەیە لە کۆمەڵگادا (Trompenaars & Hampden-Turner, 2012: 52).

دەکرێ تیۆریی ئەنۆمیی دامەزراوەیی مێسنێر و ڕۆزێنفێلد، بەو دایاگرامەی خوارەوە کورت بکەینەوە:




## میتۆدنا

ئەم توێژی

ئامرازی

نابەشدارا ،

"فۆکۆسی

"ئیتنۆگرا ێمێك لە

توێژەران ەو

کۆمەڵگایەدا و لە کۆتاییدا دەیخەنە ژێر تیشکی ڕەخنە و لێکدانەوە؛ ئیتنۆگرافی واتە وێناکردنی خەڵك، وەسفکردنی کلتوور یان وردەکلتوورێکی تایبەت، ئاین، هێما، دابونەریت، بیروباوەڕ، ئاراستە و ڕەفتار و، بە گشتی لایەنە ماددی و نامادییەکانی کۆمەڵگا یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە دەوەستێتە سەر ئەو زانیارییانەی کە توێژەر لە ڕێگەی کاری مەیدانییەوە پەیدای دەکات و بە توندی گرێدراوە بەو زانیاری و داتایەی کە لە ڕێگەی تێبینیکردن، چاوپێکەوتن و دۆکیۆمێنتەوە بەدەستدەکەون(Naidoo, 2012: 1) .

ئەم توێژینەوەیە، بە دوو پارادایمی "تەفسیرگەرایی"[20] و "ڕەخنەگەرایی"[21] کارەکەی بردووەتە پێشەوە؛ لە میتۆدۆلۆژیی تەفسیریدا، توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دەچێت بەرەو لای تێگەیشتن و ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی کارا و داینامیك دەربارەی سیستەم و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی تێبگات ئەو سیستەم و دامەزراوەیە چۆن دروستبووە و چۆن پێکهاتووە و چۆن دەگۆڕێت و چۆن تێگەیشتنێکی دیکە لێی دروستدەبێت؛ ئامانجی ئەم مێتۆدناسییە، وەسف و ڕاڤەی ورد و قووڵی بابەتی توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە "ڕێبازی چۆنایەتی" و میتۆدی "چاوپێکەوتن" و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو تاکانەی کە لە ژینگەی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەدا دەژین. بەڵام لە میتۆدۆلۆژیی ڕەخنەییدا، زەمینەیەکی زۆر گرنگ بۆ توێژەر دەڕەخسێ کە چۆن توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکەی لەسەر بنەمای پێشگریمانە و بیروبۆچوون و ئاراستە و بەهاکانی خۆی بباتە پێشەوە و، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات لەگەڵ بابەتی وەکو ڕێز، دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی و بەهای دیکە، ئینجا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تاوتوێیان دەکات؛ ئەم میتۆدە زیاتر لە لایەن مارکسیستەکان، فێمێنیستەکان بە تایبەتی ڕەوتە ڕادیکاڵەکەیان و، پۆستمودێرنەکانەوە بەکاردەهێنرێت، کە هەرهەموویان سەر بە پارادایمی ڕەخنەگەران؛ هەربۆیە میتۆدێکی هەرەگرنگی ئیتنۆگرافی، "ئیتنۆگرافیای ڕەخنەیی"[22]ـە کە زۆر جار بە "ئیتنولۆژی"[23]یش ناوی دەبەن؛ ئیتنۆگرافیای ڕەخنەیی، میتۆدی "تێبینیکردن"ـی بەشدارانە و نابەشدارانە بەکاردەبات (Sarantakos, 2013: 218-221)؛ ئیتنۆگرافیای ڕەخنەیی لە ڕێگەی کۆڵینەوە لە بابەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕەخنە لە کلتووری کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکەی دەگرێت و جەخت دەکاتە سەر دژایەتی و ململانێ، وتووێژ و مشتومڕ، هێز و دەسەڵات و سەرکوتکردن (Schwandt, 1997: 22). دامەزراوەکانی سەر بە "کەرتی پەروەردە و فێرکاری" زۆر سوود لەو میتۆدەوە وەردەگرن (ایمانی، 2002: 38).

"ئۆتۆئیتنۆگرافی"(Autoethnography)، شێوازێکی نوێی ئیتنۆگرافییە کە ئامانجی، وەسف و شیکردنەوەی سیستەماتیك(Graphy)، تێگەیشتن لە ئەزموونی کلتووریی کۆمەڵە خەڵکێکە (Auto)ـی ئەزموونی توێژەر خۆی و، (Ethno) (Chang, 2008: 98)؛ لەو شێوازەدا، توێژەر ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت و دەرفەتی ئەوەی دەبێت کە لە

دووتوێی ئەزموونی ژیانی خۆی لەو یەکە کۆمەڵایەتییەدا بگاتە فامین و تێگەیشتنێکی کلتووری؛ هەربۆیەشە، لەو چەند ساڵەدا، ئۆتۆئیتنۆگرافی پێگە و بایەخێکی زۆر گرنگی پێ دراوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا؛ چونکە توێژەر ئەو دەرەتانەی بۆ دەڕەخسێ کە دەنگی ببیسترێت، یادداشتەکانی بخوێندرێنەوە و، ئەو بیروبۆچوون و لێکدانەوە و شرۆڤە و ڕاڤانە بباتە ناو دڵی توێژینەوەکەوە کە جاران دەبا لە دەرەوەی توێژینەوەدا بەجێیانهێشتبا و، توێژەر لە کەسێکی بێگانە و بێلایەنەوە، دەبێتە کەسێکی خودی و نەجیا لە توێژینەوەکەی (Adams, Jones & Ellis, 2015: 22).

میتۆدناسان پێیان وایە کاری ئۆتۆئیتنۆگرافیست بریتییە لە هاتوچۆیەکی بەردەوام لە نێوان "تێبینی و ئەزموونکردن" و "شیکردنەوە و لێکدانەوە"دا؛ بەم پێیە "خود"ەکەی توێژەر تێکەڵ دەبێت بە "توێژینەوە"کەی و بەو چاوەی کە چۆن خۆی دەبینێت، لەوانی دیکە دەکۆڵێتەوە؛ بە واتایەکی دی، ئۆتۆئیتنۆگرافی، "ئەزموونی توێژەر" ناخاتە دەرەوەی توێژینەوەکە، بەڵکو لەگەڵ "ئەزموونی لێتوێژراوان" و خەڵکانی هاوبەش لە دامەزراوەکەدا، تێکهەڵکێشی دەکات تاکو بگاتە وەسفێکی زۆر قووڵ و دەوڵەمەند و هەمەڕەنگ لە ئەزموونی کلتووریی ئەو شوێنە؛ ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگەیش لە ڕێگەی گفتوگۆی دۆستانە، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، چاوپێکەوتنی کراوە، دەردەدڵکردن و کردنەوەی سفرەی دڵی خۆیان دێتە بەرهەم، کە توێژەر لە ئەنجامی تێکهەڵکێشکردنی ئەوهەموو ئەزموونە (ئەزموونی خۆی و لێتوێژراوان) دەربارەی ڕووداو، بەسەرهات، چیرۆك و گێڕانەوە و هەست و سۆزی هاوبەشیان، بەدەستیدەهێنێت (Ellis, 2004: 14).

ئامانجی هەموو توێژینەوەیەکی ئیتنۆگرافی بە ئۆتۆئیتنۆگرافیشەوە، پێشکەشکردنی وەسفێکی ورد و قووڵە کە ڕێك لەگەڵ جیهانبینی و تێڕوانینی لێتوێژراوان و تاکەکانی بەشدار لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە، هەماهەنگ و یەکسان بێت؛ توێژەر لەو جۆرە توێژینەوەدا، بە قووڵی لەگەڵ ئەو ژینگەیە و تاکەکان و چالاکییەکانی تێکەڵ دەبێت و ڕەچاوی بابەتی هەرە بچووك و وردیش دەکات؛ بۆیە لە توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکاندا، کۆمەڵگای توێژینەوە هەمیشە بچووك و سنووردارە؛ بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت زانیارییەکی ورد و تێروتەسەل بەدەستبهێنێت و هیچ شتێکی وردیش لە پێش چاوی دەرباز نەبێ (Brix, 2006: 853).

بە واتایەکی دی، ئامانجی توێژینەوەی ئیتنۆگرافی، دروستکردنی "مۆنۆگرافی"[24]یەکی تا ڕادەیەك کامڵە و گشتگیرە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکانی دامەزراوە یان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی؛ ڕێك وەکو ئەو گەشتیارەی کە ورد و درشتی گەشتە مەیدانییەکەی تۆماردەکات و دەیگێڕێتەوە (ریویر، 2017: 65). مۆنۆگرافی یاخود "تاکنیگاری"، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و قووڵ و هەمەلایەنەی یەکە و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان، هۆز، گوند، کارگە و دەزگایەك و هتد، کە لەسەر بنەمای تێبینیکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر (ئۆتۆئیتنۆگرافیست)ێك دەوەستێ و توێژەر، چالاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیەوێ لێی بکۆڵێتەوە، بەشداردەبێت و تێکەڵی تاکەکانی ئەندام لەو یەکە کۆمەڵایەتییەدا دەبێت و، بە تەکنیکی چاوپێکەوتن، گفتوگۆ و پرسیارکردن، تۆمارکردنی دەنگ و فیلم و وێنە، ئەزموونی ژینی خۆی و لێتوێژراوان تۆمار دەکات (تقوی، 2020: 215).


" وەك یەکە و XYهەر بە ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایە، **"کۆمەڵگای توێژینەوە"**ی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە "زانکۆی دامەزراوەیەکی کلتووری-کۆمەڵایەتی و ئابووری، کە زانکۆیەکی ئەهلییە لە شاری هەولێر و توێژەر لە ماوەی سێ ساڵی خوێندن (2019-2020 تاکو 2021-2022) وەك مامۆستایەکی شایەتحاڵ و چاودێر، زۆرێك لەو پەنجەرە شکاوانەی تێبینی کردووە، کە مەبەستیەتی لەو توێژینەوەیەدا بە چاوێکی کۆمەڵناسیی ڕەخنەییەوە، وەسف و شرۆڤە و شیکاری و ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی زانستیانەی بۆ بکات. بوارە مرۆییەکەی توێژینەوەکەش، بریتییە لە سێ یەکەی "تاقمی ئیداری"، "مامۆستایان" و "قوتابیان"ـی ئەو زانکۆیە.

بەم پێیە، **"نموونەی توێژینەوە"**کە، لە جۆری "مەبەستداری ناهاوچەشن و نالێکچوو"ە[25]؛ چونکە هاوکات کە سێ توێژی جیاواز وەکو نموونە وەرگیراون، خودی توێژەکانیش خاوەن تایبەتمەندیی جۆراوجۆر و نالێکچوون؛ بۆ نموونە قوتابییەکان هەم کچی تێدایە، هەم کوڕ؛ قۆناغی جیاوازی خوێندن؛ مامۆستایش بە هەمان شێوە؛ لەناو کادێری ئیدارییشدا، لەگەڵ خاوەن پۆست و پلەوپایەی جۆراوجۆر گفتوگۆ کراوە؛ ئەم لێتوێژراوانەش لەسەر بنەمای "سەرڕێژی و تێروپڕیی تیۆری"[26] هەڵبژێردراون؛ لەسەر ڕاسپاردەی میتۆدناسان، بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی ئیتنۆگرافی بگاتە خاڵی تێروپڕیی تیۆری، باشترە نموونەکەی 30 تا 50 کەس بێت (فلیك، 2021: 253)؛ لەو توێژینەوەیەدا بە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە، هەوڵدراوە ئەو کەسانە بۆ گفتوگۆی دۆستانە و چاوپێکەوتنی کراوە و ڕاشکاوانە گوڵبژێر بکرێن، کە زۆرترین زانیاری لایان دەستدەکەوێت هەتا پێویست بە کەسانی دی و پرسیاری دیکە نەبێت؛ نموونەی هەڵبژێردراو کە ژمارەیان بە پێکڕا دەگاتە 37 کەس (22 قوتابی، 8 کادیری ئیداری و 7 مامۆستا)، لەبەر ئەوەی زۆربەیان لەگەڵ توێژەردا پەیوەندییەکی زۆر قووڵ و نزیکیان هەبووە، هەورەها خۆیشیان تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئیدارییان هەبووە لە سێکوچکەکەی ئیدارە، مامۆستا و قوتابیانی ئەو زانکۆیەدا، بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشان کراون؛ شێوازی گفتوگۆکە لە جۆری کراوە و نارێکخراو و نافەرمی بووە؛ هەروەك میتۆدناسان دەڵێن لە چەشنی گفتوگۆی دۆستانەی ڕاستەوخۆ (ڕووبەڕوو) و ناڕاستەوخۆ (تەلەفۆن) بووە؛ بۆیە، هەروەك لە میتۆدۆلۆژیی (Wilkinson & Birmingham, 2003) چۆنایەتیدا، "ڕاستیەتی و باوەڕپێکراوەیی"[27]ـی زانیارییەکان کاتێك قبووڵ دەکرێت، کە توێژەر بگاتە خاڵی تێروپڕیی تیۆری، لەو توێژینەوەیەشدا لە ڕاستیەتی و ئیعتیباری زانیارییەکان پشتڕاستدەبینەوە. جگە لەوەیش، بە ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەیەکی دیکەی میتۆدۆلۆژیستەکان کە دەڵێن بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ڕاستیەتی لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا،

، توێژەر داتا و (Mertens, 2005)پێویستە زانیارییەکان لە لایەن چەند هاوکارێکەوە پاڵپشتی و دووپاتبکرێنەوە زانیارییەکانی توێژینەوەکەی دەخاتە بەر دەستی دوو مامۆستای دیکە و سێ قوتابی و کادیرێکی ئیدارییش کە هەر لەو زانکۆیەدا لە شوێن و کات و ئەزموونەکاندا لەگەڵ توێژەردا هاوبەش بوون و ئەوانیش ڕاست و دروستیی زانیارییەکان دووپاتدەکەنەوە.

**"شیکردنەوەی داتا"** و زانیارییەکانیش، هەم بە شێوازی "شیکردنەوەی بنیادی"[28] بووە، بەو مانایەی کە وتەی لێتوێژراوان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیك، ئەو بەشەیان کە لەگەڵ تێبینی و ئەزموونی توێژەر هەماهەنگن، جیا دەکرێنەوە و هاوپەیوەندیی نێوانیان دەدۆزرێتەوە پاش پۆلێنبەندی و ئینجا کۆدینگیان، شیدەکرێنەوە؛ هەم بە شێوازی "شیکردنەوەی تەفسیری"[29]یش بووە؛ بەو مانایەی کە ئەو تێگەیشتن و مانایەی کە لە پشت وتەکانی لێتوێژراواندا هەیە و شاردراوە، لە لایەن توێژەرەوە زەق دەکرێنەوە و تەفسیر و ڕاڤەیەکی گونجاو و هەماهەنگ لەگەڵ چوارچێوەی تیۆری . لە کۆتاییدا، ئەو پەیام و دەرئەنجامەی لێی هەڵدەهەنجێت کە هەمان (Gillham, 2000)توێژینەوەکە بۆ دەخرێتەڕوو وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بێت. لە خستنەڕووی داتاکان و زانیارییەکانیشدا (ئەزموونی توێژەر و وتەی و گێرانەوەی بەسەرهاتمان بەکاربردووە کە وەك میتۆدۆلۆژیستەکان دەڵێن، [30]لێتوێژراوان)، شێوازی "ڕیوایەتکردن" بربڕەی پشتی توێژینەوەی ئیتنۆگرافیایە؛ بە پێی تیۆری "لینتوێلت"[31] مەبەست لە ڕیوایەتکردن، گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتێکی باوەڕپێکراوە، کە تەنها قسە و وتەی گێڕەرەوە (توێژەر) نییە، بەڵکو وتە و قسەی ڤەگێڕەکان (لێتوێژراوان)یشە، کە وەکو ئەڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە گرێ دەدرێن و وتە و قسەکانی یەکتر دووپاتدەکەنەوە (لینت ولت، 2012: 25-26).

بە کورتی، ئەم توێژینەوەیە بەم ڕەوتەی خوارەوەدا تێدەپەڕێت:




شێوەی 3: ڕەوتی میتۆدۆلۆژیی ... ە پیشان

## خستنەڕووی زانیاری و ئەنجامەکانی توێژینەوە

یەی کە ڕەچاوی کردووە، داتای چۆنایەتیی توێژینەوەکەی کۆ [32]توێژەر، لەسەر بنەمای ئەو "هەستیارییە تیۆری" کردووەتەوە؛ ئەو داتایە کە لە ئەنجامی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆی بەشدارانە و نابەشدارانە، گفتوگۆی دۆستانە و چاوپێکەوتنی کراوە و فۆکۆسی گرووپی کۆکراوەتەوە، بە گوێرەی پرسیاری توێژینەوەکە، لە چوار تەوەردا پۆلێنبەندییان لەو بوارانەدا: "لایەنی ئیکۆلۆژی"، "لایەنی کۆمەڵایەتی و XYدەکات کە بریتین لە پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆی پەیوەندییە ئیدارییەکان"، "لایەنی خوێندن و زانستی" و، لە کۆتاییدا "لایەنی بەکاڵابوونی خوێندنی باڵا و زاڵبوونی لایەنی بازرگانی بەسەر لایەنی زانستی و فێرکاریدا"؛ ئینجا پاش کۆدینگ و ڕێکخستنیان بە پێی خشتەی خوارەوە، یەکبەیەك دەیانخاتەڕوو:

خشتەی 1: چوارچێوەی نموونەی توێژینەوە؛ چاوپێکەوتنە کراوەکانی توێژەر لەگەڵ ئەندامانی زانکۆی XYدا

| چاوپێکەوتنی کراوە لەگەڵ **"کادیر و بەرپرسانی زانکۆ"**دا: 8 کەس | چاوپێکەوتنی کراوە لەگەڵ **"مامۆستایان"**دا: 7 کەس | چاوپێکەوتنی کراوە لەگەڵ **"قوتابیان"**دا: 22 کەس |
|---|---|---|
| وتەکانیان بە کۆدی (K1-K8) پیشان دراوە | وتەکانیان بە کۆدی (M1-M7) پیشان دراوە | وتەکانیان بە کۆدی (Q1-Q22) پیشان دراوە |

**:XY**

کە کەو

قوتابیان: بەشی یاسا، کارگێڕیی بازرگانی، ژمێریاری، ئایتی، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و کوردی و عەرەبی، کارگێڕیی یاسا، پەروەردەی گشتی، مارکێتینگ، دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵناسی، کارگێڕیی گەشتوگوزار، کارگێڕیی نەخۆشخانە؛ ئەندامیشە لە یەکێتیی زانکۆ عەرەبییەکاندا (AAU) (XYU, 2022).

توێژەر لە ماوەی مانەوەی لەو زانکۆیەدا، بەردەوام ئەو پەنجەرە شکاوانەی خوارەوەی بە چاوی خۆی بینیوە و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی چەندجارەی بەرپرسانی ئیداری لە لایەن توێژەرەوە، کەسیان لە چاککردنەوەی ئەو پەنجەرە شکاوانە هەنگاوێکیان هەڵنەگرت و، هێشتایش هەروەك خۆی ماوەتەوە:

لە XYهەر لە سەرەتاوە کە دەتەوێ لە جادە سەرەکییەکەوە بێیتە ناو کۆڵانەکەی زانکۆوە، پێشتر گوایە تابلۆی زانکۆی سەری کۆڵانەکە هەڵوسرابوو، بەڵام دوایی لەبەر بڕیاری شارەوانی سەبارەت بە وەرگرتنی پارە بە گوێرەی گەورەیی تابلۆکە، خاوەنی زانکۆ بڕیاری دا بۆ ئەوەی هیچ پارەیەك نەدات، تابلۆکە لێ کرایەوە؛ ئەوەی کە پێشتر نەهاتبێتە زانکۆ و

یەکەم جاری بێ بێتە زانکۆ، بە ئاسان نایبینێتەوە و دەبێ پرسانپرسان بیدۆزێتەوە؛ هەروەك سەرەتا بۆ تویژەر خۆی و دوایی بۆ میوانەکانیشی چەندین جار رووی داوە و، بە تەلەفۆن رێگایان پیشان دراوە. (پاش ئەوەی شارەوانی ئەو بڕیارەی هەڵوەشاندەوە، دیارە تابلۆی زانکۆ هەڵوەسراوەتەوە).
کە دێیتە ناو کۆلانەکەوە، ئەوەندە بەرتەسك و تەنگەبەرە، بە تایبەتی بەیانیان جەنجاڵی و چڕەبەندانێکی وا دروست دەبێت، زۆرێك لە قوتابی و مامۆستاکان، ناچار دەبن ئۆتۆمبێل لە دوورەوە ڕابگرن و ئەوەی ماوە بە پێیان بچن؛ لەبەر ئەم کێشەیە، زۆربەی مامۆستایان داوایان دەکرد کە سەعاتی وانەگوتنەوەیان لە سەعاتی یەکەمی دەوامەوە بگۆڕێت و بۆیان بکرێتە سەعاتی دووەم یان سێیەم؛ تویژەر کە ساڵی یەکەم و دووەمی وانەگوتنەوەی لە سەعاتی یەکەمدا وانەی هەبووە، هیچ کات نەبووە کە هەموو قوتابیان لە کاتی خۆیدا گەیشتبێتنە پۆل و هەندێکیان چارەکێك هەتا بیست خولەك هەمیشە دوا دەکەوتن.
کە دێیتە ناو زانکۆ، لە گۆشەوکەناری کەمپیسی زانکۆدا (ناو حەوشەی زانکۆ، لێواری دیوارەکانی تەنیشت باغچە و سەوزاییەکان، مێز و کورسی، ڕێڕەوەکان، بندیواری بیناکان، پەیژەکان، نوێژخانە، کافتریا و تەنانەت پۆلەکانی خوێندنیشدا) هەمیشە زبڵ و خاشاکێکی زۆر و هەمەڕەنگی لێیە؛ سەرەڕای تەرخانکردنی کرێکارێکی بەنگلادیشی بۆ خاوێنکردنەوە، تویژەر زبڵ و خاشاکی وای دەبینی بە مانگ ماوەتەوە و پاك نەکراوەتەوە؛ وەکو پارچە کاغەز، کلینێکس، قوتووی کۆلا و شەربەت و ڕێدبوڵ، پەرداخ و بوتڵی ئاو، پەرداخەچای سەفەری و قاوە، پاشماوەی جگەرە، کیسە و نایلۆن، بنێشتی فڕێدراو، کاغەزی کێك و چۆکلێت، تەنانەت سیسرکەی کوژراو و هتد.
سەرەڕای چەندین جار ئامۆژگاری و بیرهێنانەوە، تەنانەت پلار و توانجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تویژەر بۆ بەرپرسانی زانکۆ، کەسێکیان پێ هەڵنەستا و کۆتاجار یەکێکیان لە وەڵامدا گوتی:

"دکتۆر گیان خۆت ماندوومەکە! ئەو قوتابیانەی کە من بینیومن، هەر پیسی دەکەنەوە؛ ئەوە کلتووریانە! تەنانەت پێنج پاکەوانیشی بۆ تەرخان بکەین، هەر پێراناگەن هەموو ڕۆژێک خاوێنی بکەنەوە؛ چونکە هەر هەمان ڕۆژ پیسی دەکەنەوە؛ ئەو قوتابیانەی هەتا ئێستا فێر نەبوونە چۆن بچنە سەرئاو و ئاوێک بە پاشماوەی خۆیاندا ناکەن، تۆ دەتەوێ ئێستا فێریانبکەیت؟"(K1)

هەرجار کە تویژەر ئەو شتانەی لە پۆلدا دەبینی، بە تایبەت تاڵەپرچی فڕێدراوی ئافرەتان، بە قوتابییەکانی دەگوت باشە ئەو تۆپەڵە مووە هەفتەی ڕابردووش هەر لێرە بوو، چۆن خاوێنیان نەکردووەتەوە؟ دەی با بزانین هەتا کەی لەو شوێنەدا دەمێنێ و لای نابەن؛ چەندین هەفتەی پێ دەچوو هێشتا ئەو زبڵ و خاشاکە وەکخۆی لەسەر زەوی دەمایەوە و کەس خاوێنی نەدەکردەوە و ئەوەش ببووە شتێکی سروشتی و ئاسایی؛ هەم لای قوتابی، هەم لای مامۆستا و ئیدارەیش، تەنانەت پاکەوان خۆیشی بۆی ئاسایی بوو، بە پیسی نەدەزانی.
گڵۆپی سووتاوی هۆڵەکانی خوێندن، ئیشنەکردنی سپلێتەکان، ئیشنەکردنی پلاکی کارەبا، ئیشنەکردنی پلاك و وایەری ئینتەرنێت، پێکردنی داتاشۆ بە شیش یان داری گسکە بۆ داگیرساندن و کوژاندنەوەی، هەموو ئەو پەنجەرە شکاوانە کە تویژەر خۆی بەردەوام بینیونی، گلەیی و دەنگی کەسی دەرنەدەهێنا؛ تەنانەت بۆ دۆزینەوەی ئەو دارە یان ئاسنە درێژە دەبا چەند هۆڵێکیان کردبا هەتا بیاندۆزیبایەتەوە؛ چونکە پۆلی دیکەش پێویستیان پێ بوو و دەهاتن دەیانبرد؛ دوو مانگ زیاتر بوو کە دەسکەی دەرگای یەکێك لەو هۆڵانەی تویژەر وانەی لێ دەگوتەوە، تێکچووبوو، بە ناچار دەبا سەلەی زبڵی ژوورەکە بخاتە پشت دەرگا بۆ ئەوەی دەرگاکە بگرێ و سەرما و دەنگ و هەراوچەقەی ناو ڕێڕەو و پۆلی دیکە نەهێتە ژوورەوە.

"دکتۆر گیان! ئەگەر بزانم ئەو دەرگایە هەر چاکناکەنەوە، با خۆم دەسکەیەک بهێنم و بیگۆڕم؛ کارێکی زۆر ئاسانە و دەتوانم بە پێنج دەقە بیکەم؛ بەڵام ناشیکەم! چونکە بۆچی بۆ پارەوەرگرتن ئەوەندە زیرەک و مەزبووتن، بەڵام بۆ کارێکی وا ئاسان، ئەوەندە خۆیان دەهێنن و دەبەن؛ ئەوە چەند مانگە هێشتا ئەو دەسکەیە هەر وایە... بە ڕاستی ئێرە وێرانەیە!"(Q4)

هیچ پۆلێکم نەبینی کە ماجیکی لێ بێت؛ مامۆستا دەبا خۆی هەبیا؛ تەختەسڕیشی یان لێ نەبوو، یان وایتبۆردیان زیاتر پیسدەکرد؛ تویژەر ناچار دەبوو بە کلینێکس پاکیبکاتەوە.
جامی پەنجەرەکان لە دیوی ژوورەوە پیس و تۆزاوی و لە دیوی دەرەوەش جگە لە تۆز، جیقنەی کوتر و باڵندەی پێوە نووسابوو. پەردەکان جگە لە کۆن و چڵکنی، تێکیشچووبوون؛ هەندێکیان هەڵنەدەکرا یان دانەدەدرایەوە. دەرودیواری هۆڵەکان پیس داگەڕابوو لە ئاسەواری بنی پێڵاو و نووسین و نەخشونیگاری گرەفیتی؛ لە زۆر شوێن، ڕەنگی دیوار بە گێچەوە لێ ببووەوە؛ یان لەبەر چیامان و تەڕایی هەڵوەرابوو.
تویژەر لە هەر هۆبەیەکدا وانەی گوتبێتەوە (لە نهۆمی یەکەم یان نهۆکی دووەم) و لەپشت هەر مێزێکی تایبەت بە مامۆستا دانیشتبێت، هەرهەموویان کەم تا زۆر خەتخەتی و پیسکرابوون یان تەپوتۆز و قژی ئافرەتانی لێ نیشتبوو؛ بە شێوەیەکی وا کە هەمیشە بنی جانتای تویژەر تۆزی سەر مێزی پێوە دەمایەوە؛ مێز و کورسیی قوتابییەکانیش بە هەمان شێوە؛ سەکۆی زۆربەی هۆبەکانیش کە کەمێك لە زەوی بەرزترە و مامۆستا لەسەری ڕادەوەستێت و وانەی لێ دەڵێتەوە، تەختە

و پەروازە ئەلۆمینیۆمییەکەی تەنیشتیان لێ بووەوە و دەبێ مامۆستا لە کاتی هاتوچۆدا، زۆر وریا بایە دەنا پێی تێ ئاڵابایە، بەر دەبوویەوە!
مامۆستایەك بۆ توێژەری دەگێڕایەوە:

"من وەکو چاودێری تاقیکردنەوەکانی فاینال لە هۆبەیەکدا بووم کە سەرۆکی بەش هاتە ژوورەوە و بە قوتابییەکانی گوت: تکایە! هەرکەس و پاشماوەی زبڵی خۆی لەگەڵ خۆیدا بباتە دەرەوە؛ با ئەو هەموو کاغەز و پەرداخە ئاوە لێرە نەمێنێتەوە، کەس نییە خاوێنی بکاتەوە"(M5)

ئەو هۆڵانەی توێژەر دەرسی لێ دەگوتنەوە، یەکێکیان لە تەنیشت ئاودەستەکەوە بوو و ئەوی دیکەیان ڕێك لە بەرانبەریدا؛ لەبەر بۆنی توند و بێزارکەری ئاودەست، دەنگی توێژەر و بەشێك لە قوتابیان دەردەهات؛ بە تایبەتی لە سەعاتی یەکەمدا کە پاشماوەی دوێنێ هەر وەکخۆی مابووەوە و هێشتا ئاوی لێ نەڕژابوو؛ توێژەر ناچار دەبوو ڕاشکاوانە بە قوتابییەکانی بڵێت ببورن دەزانم سەرماتانە، بەڵام ناچارم پەنجەرە بکەمەوە، بەرگەی ئەو بۆنە پیسەیە بگرم. ئاودەستەکان، جگە لە بۆنە پیسەکەی، هەمیشە پیس و پۆخڵ بوون و تەنانەت بۆ یەك جاریش، پاك و خاوێن نەبوون؛ سۆندەی ئاودەست، سەرەڕای پیسی یان ئاوی لێ دەچۆڕا، یان سەرەکەی گیرابوو؛ ئەو گیرە دیوارییەی کە سۆندەی پێ هەڵدەواسرێ، زۆربەیان لێ بووەوە و سۆندەکە دەکەوتە سەر ئەرز یان کاسەی ئاودەست؛ دەستشۆرك و مەغسەلەکان لەوپەڕی پیسیدا بوون؛
بەڵوعەی دەستشۆرکەکان لە سینك جیابوونەوە و لەگەڵ کردنەوەی ئاو، بەڵوعەکە بە سۆندەی بنەوە دەجووڵا و هاتوچۆی دەکرد؛ سەرەڕای ئەوەی قەپاخ و بۆکسی کلینێکسی لێ بوو، بەڵام تەنانەت بە درێژای ئەو سێ ساڵە، تەنها یەك جاریش کلینکسێکی تێدا نەبوو؛ قوتووی سابوونی شل بە دەگمەن نەبێ سابوونی تێدا نەبوو؛ ئاوێنەی دەستشۆرك وەك بڵێی لەوەتەی بەو دیوارانەوە هەڵوسراون، قەت خاوێن نەکراونەتەوە. دەرودیواری ئاودەستەکان بە تایبەت لە دیوی ژوورەوە پڕ بوو لە نووسین و نەخشونیگاری گرەفیتی.
نوێژخانەکەیش لەو پەنجەرە شکاوانە بێبەش نەبوو؛ مافورە پیس و نەشۆراوەکەی وەها بۆنی گۆرەوی و تەڕاییی گرتبوو، لە سجدەدا، دەبا هەناسەی خۆت ڕاگرتبا؛ دیوی ژوورەوەی میحرابەکەی لەبەر تەپوتۆز، مافورەکەی ڕەنگی گۆڕابوو؛ وەك بڵێی چەندین ساڵە گسکێکی پێ نەکەوتووە؛ پەنجەرەکانی نوێژخانەش بەردەوام پیس و تۆزاوی، تۆڕەکانیشی دڕابوو، مزگەوت هەمیشە پێشکە و مێش و مەگەسی لێ بوو؛ هەتا نوێژێکت دەکرد، پێشکە پێوەی دەدای؛ نوێژخانە ببووە شوێنی نووستن و مۆبایلبازی و پاڵدانەوەی قوتابی، هەندێجاریش لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، قوتابی لەوێ ڕادەکشان و خەریکی دەرس و مەلزەمە دەبوون؛ کە دەرگای نوێژخانەت بکردبایەوە، وەها ژەنگی هەڵهێنابوو، سیکەسیکی دەکرد و، بە کەڵکی نووستن و خوێندنیش نەدەهات.
هەردوو کافتریاکەیش، پڕ بوون لەو پەنجەرە شکاوانە؛ زبڵ و خاشاکی زۆری لێ ڕژابوو؛ دەرودیوار و جامخانەی پیس، مێز و کورسیی پلاستیکیی چەور و چڵکن، بۆن و دووکەڵی جگەرە، جەنجاڵی و هەراوهوریای قوتابیان، مێشکی مرۆڤی دەبرد و بە کەڵکی ئەوە نەدەهات لەوێ دابنیشیت.
مامۆستایان و قوتابیان، خوێندنی ساڵی 2021-2022یان لەبەر پرۆژەی گەورەکردنی بینای کۆلێژەکان و زیادکردنی نهۆمێکی دیکە بەسەریانەوە، بە دەنگی وەستا و کرێکار و پێمەڕە و قەلابە و کرێن و چەکوش و دریل و لەحیم و کۆسەرە تێپەڕاند.

"... مامۆستا! بە خوا مێشکمان چوو؛ لەبەر ئەو تەقەتەقە هیچ گوێمان لێ نییە؛ تەنانەت هەموو ئەو ڕیکۆردانەیش کە بۆ خۆمان هەڵگرتووە، پڕە لە دەنگی کارکردنی ئەو کرێکارانە و ئەو هەموو وانە ڕیکۆردکراوەیش بێکەڵک دەرچوونە."(Q5,Q18)

توێژەر، خۆی بەردەوام جگەرەی ئەلکترۆنیکی بەدەست قوتابییە کوڕەکانەوە دەبینی؛ لە تەنیشت مۆبایلەوە لەسەر مێزی خوێندن دایاندەنا بەبێ شەرم و شوورەیی؛ وەك بڵێی قەڵەم و دەفتەری نووسین بێ؛ قوتابی و مامۆستای بینیوە کە لە حەوشەی زانکۆ و تەنانەت لە بانیژە (بەلەکۆن) و ڕێڕەوی بەشدا خەریکی جگەرەکێشانن، سەرەڕای ئەوەی یەك دوو شوێنیش، هێمای قەدەغەبوونی جگەرەکێشانی لێدرابوو؛ کچەکانیش هەر لە ژووری خوێندندا هەرچەند جارێك ئاوێنەیەکی بەرباخەڵیان لە جانتا دەردەهێنا، یاخود لە شاشەی مۆبایلەوە سەیری دەموچاوی خۆیان دەکرد بزانن نەکا مکیاجەکەیان تێکچووبێ؛ یانیش بە ئاماژە بە کوڕەکانیان دەگوت کە خەتی ئینتەرنێتیان بۆ بکەنەوە تاکو سناپێك بگرن و بینێرن.
بەکارهێنانی مۆبایل و سناپ و ئینستاگرام و چاتکردن و ناردنی تێکست و وێنە، لایان ببووە کارێکی ئاسایی و ڕۆتین و شەرم و شوورەیییان نەدەکرد.
هەر لەگەڵ ئەوەی توێژەر وانەکەی تەواودەکرد، چەند کچێك کە کاری هەمیشەییان بوو، یەکسەر بەبێ سێودووکردن، هورووژمیان دەبردە ئاودەستی تەنیشت پۆلەکە، بۆ ئەوەی لەو پێشبڕکێیەدا زووتر بگەنە ئاوێنەی دەستشۆرك؛ ئینجا دەبووە سەرەی کچەکان و پاش چەند خولەکێك بە مکیاجێکی نوێ دەهاتنە دەرەوە و بە پەلە دەچوونە حەوشەی زانکۆ و پاشان لەمسەر بۆ ئەوسەر پیاسەیان دەکرد و لە چەندین شوێندا دەوەستان و بە لەقتەی جۆراوجۆرەوە وێنەیان دەگرت. ئەمەیش بەزمی هەموو ڕۆژێکیان بوو.
جارێك، یەکێکیان لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا بە توێژەر دەڵێت:

"ئاخر زۆربەمان نانی بەیانی ناخۆین، شەوان دەرنگ دەخەوین و تێرخەویش نین؛ دەموچاومان خەواڵووە؛ ئینجا لە کلاسیشدا زیاتر ماندوو دەبین؛ زۆر جار سەرمان بەسەر مێز و جانتامان دەکەین، مکیاجمان تێکدەچێ؛ بۆیە پێش ئەوەی بچینە حەوشە، ناچارین دووبارە مکیاج بکەینەوە."(Q6)

جارێکی دی، توێژەر کاتی دەرچوون لە بەشەکەی خۆی، لە پەیژەکان گەیشتە دووانیان کە پێکەوە قسەیان دەکرد:

"[ئەوەی یەکەم لێی پرسی:] ئەرێ چوویتە ئاودەست [...]ت کرد؟ ئەوەی دووەم گوتی: ئا! کچێ خۆ وەختبوو میزڵدانم بتەقێ! [ئەوەی یەکەم لێی پرسییەوە:] ئەی کوا بۆ دەستت نەشوشت هەروا هاتی؟ گوتی: زۆر سەرمایە، ناوێرم دەستم بدەمە بەر ئاوی سارد؛ کرێمیشم لێدایە، حەیفە!"(Q6,Q7)

جارێکی دیکە هەر ئەو دوو کەسە لەگەڵ کوڕێکی دیکەدا لە حەوشەی زانکۆ ڕاوەستابوون و خەریکی قسە بوون؛ توێژەر دەگاتە لایان و پاش سڵاو و چاکوچۆنی، گوێی لە یەکێکیان بوو کە هەر لەوێ بەو کوڕەی دەگوت:

"وەڵڵا یەک کوڕمان بەدڵ نییە؛ کوڕەکانی ئێرە [XY] هەرهەموویان تەنتەن؛ چوار ساڵ تێپەڕی و خۆمان کوشت ئەوەندە جوانکاری و بۆتاکس و فیلەر و مکیاج بکەین، یەکێکی وا نەهاتە پێش ماندووبوونمان بەلاش نەچێ؛ یەکێکیان تێدا نییە بە پیاوان بچێت"(Q6)

بە قسەی ئەو کچە بێ، کچە قوتابییەکان کاڵایەکن لە جامخانەی بازاڕی ئەو زانکۆیەدا بۆ عەرزکردن و فرۆشتن و، کوڕەکانیش داواکار و کڕیار؛ بۆیە ڕواڵەتگەرایی لەو زانکۆیەدا گەیشتبووە لووتکە و ئەوەی نەدەبینرا ناخ و ناوەڕۆك و گەوهەرە؛ کێشە نییە کە ئەگەر ئەو کچە لێوی خۆی فیلەر بکات و ددانەکانی بکاتە هۆلیۆدسمایڵ، بەڵام بۆنگەنی لە دەمی بێ، یان چۆن ڕەفتار بکات و لە ناخ و دەروونیدا چ دەگوزەرێ و لە چ کێشەیەکی سایکۆلۆژی دەناڵێنێت.

### 2. پەنجەرە شکاوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی زانکۆی XY:

لە پەیوەندییەکانی نێوان کادیری ئیداری لەگەڵ خۆیان و، مامۆستا و XYجۆری دووەمی پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆی قوتابیدا، مامۆستا لەگەڵ خۆیان و قوتابیدا و، قوتابی لەگەڵ قوتابیدا خۆی دەبینێتەوە.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی ئەو زانکۆیە بە گشتی دەوەستێتە سەر بنەمای دووفاقی و دووڕوویی، بێمتمانەیی و پشتکردن لەیەکتر، ململانێ و دووبەرەکینانەوە، تاکگەرایی و بەرژەوەندیگەرایی، ماددەگەرایی، نمرەگەرایی، خۆویستی، خلێنەوبلێنە و لەژێرەوە کارکردن، تەگەرەتێخستن، حەسوودی و چاوپێهەڵنەهاتن، ڕابواردن، ڕق و کین، زەمکردن، قسەوقسەڵۆك و سیخوڕی لەسەر یەکتر.

توێژەر، سەری سوڕمابوو لەو هەموو دووفاقی و دووڕوویییەی کە لە نێوان ئەو سێ تاقمە (ئیدارە و مامۆستا و قوتابی)دا هەبوو. لە دانیشتنێکی فۆکۆسی گرووپیدا بۆ توێژەر دەرکەوت کە ئاراستە و سەرچاوەی ئەو دووفاقییە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە؛ لەو دانیشتنەدا سەرۆکی یەکێك لە بەشەکان لە وەڵامی پرسیاری توێژەردا کە لێی پرسی بۆچی لای فڵانەکەس واتگوت و لای کەسانی دیکە بە شێوەیەکی دی، بە ڕاشکاوی گوتی:

"زۆر داوای لێبوردن دەکەم دکتۆر! با شتێکت پێ بڵێم: سەرۆکی زانکۆ بانگیکردم و گوتی با ڕاشکاو بم لەگەڵتدا؛ من هیچ ڕازی نیم لە شێوازی بەڕێوەبردنت... با ئامۆژگارییەکت بکەم بۆ ئەوەی لەو پۆستەدا سەرکەوتوو بیت، دەبێ سەد ڕوخسارت هەبێت؛ بۆ قوتابی بە ڕوخسارێک، بۆ مامۆستا بە دەموچاوێکی دی و بۆ کەسانی دیکەش بە چەهرەیەکی دی خۆت دەربخەی؛ بۆ هەریەکەو ماسکێکت پێویستە، دەبێ زۆر زیرەک بیت و بتوانی ئەو ڕۆڵانە بە جوانی بگێڕیت!"(K6)

مامۆستایەکیش بە توێژەر دەڵێت:

"بە خوا هەرهەموویان دووڕوون؛ سەرۆکی زانکۆ دووڕووە؛ ڕاگر دووڕووە؛ سەرۆکی بەشیش ڕاست ناکات و دووڕووە."(M5)

**پەیوەندیی ئیدارە-ئیدارە:** ئەو دەستەواژە و ڕستانەی خوارەوە، توێژەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە فەرمانبەر و بەرپرسانی ئیدارییەوە گوێ لێ بووە و دژی یەکتریان بەکاربردووە:

"کەسێکی فوول گەندەڵە"(K5).. "لەو زانکۆیەدا ئەوەی هیچوپووچ و ماستاوچی و داوێنپیسە، پلەی بەرز دەبێتەوە"(K7,K8).. "کەسێکی زۆر بێکەرامەت و پانکەرەوەیە"(K7).. "لەخۆباییە و هەوای پڕە... بە ڕاستی شایانی ئەو پۆستە نییە و پۆستەکەی زۆر لە خۆی گەورەترە"(K8).. "سیاسەتی مام ڕیویانەی هەیە؛ لە ڕووتدا دەڵێ بەچاوان و قەتیش بۆت ناکات"(K7).. "ئامادەیە لەپێناو پۆستەکەی و ڕازیکردنی سەرووی

خۆی، هەموو کارێکی بکات"(K6,K7).. "لاوازترین و پرکێشەترین کۆلیژ و بەش، ئەو کۆلیژ و بەشەیە کە ئەو دوو ژنە بەڕێوەی دەبەن"(K4).. "هەموومان بە من و تەنانەت خاوەنزانکۆش پێمان خۆش نییە ئەو ژنە لە پۆستی ڕاگرایەتی بمێنێت و کەسمان لێ ڕازی نین، بەڵام چونکە حزب پاڵپشتیی دەکات، پێی ناوێرین دەری بکەین"(K4,K8).."باوەڕ ناکەم بڕوانامەکەی ڕاستەقینە بێ؛ چونکە بە ڕاستی هیچی پێ نییە"(K7,K8).. "هەر هیچ نازانێ و زۆر نەخوێندەوارە؛ نازانم چۆن ئەو پۆستەیان پێ داوە"(K5,K8).. "کە گفتوگۆیەکی زانستی دێتە پێشەوە، دەڵێ لەبەر ئەوەی لە دەرەوەم خوێندووە، هیچ کوردیم باش نییە و ناتوانم قسە بکەم؛ بۆیە لە هەموو باسێکی زانستیدا خۆی لێ دەدزێتەوە، بەڵام بۆ قسەوقسەڵۆکیش زمانی بە هیچ ڕاناوەستێ و بە هەردوو زاراوەکە، سۆرانی و بادینی، قسەی ئەموئەو دەهێنێ و دەبات"(K8).. "من باوەڕ ناکەم ئەم کەسە لە دەرەوە ژیابێ، چونکە هەڵسوکەوتی هیچ بەو کەسانە ناچێ کە لە دەرەوە ژیاون؛ ئاخر چۆن خەڵکی دەرەوە ئەوەندە کاتیان هەیە بۆ قسەوقسەڵۆک"(K8).. "درۆ و بوختانهەڵبەستن لای وی، ئاوخواردنەوەیە"(K7).. "سەری مارە"(K4).. "هەر کافر و مولحیدێکی تەواوە و ئیمانی بە هیچ شتێک نییە؛ یەکەم کاری کە کرد، بەرماڵی نوێژی لە ژوورەکەی فڕێ دا"(K5).. "وا دەزانێ کوێخایە و ئێمەیش کۆیلەین"(K7,K8).. "هەر کە بیچمی دەبینم، یان ژمارە تەلەفۆنەکەی دێتە سەر شاشەی مۆبایل، قەڵبم تێکدەچێ"(K7).. "شەرمی بە خۆی نییە و سەعاتی زیادی بۆ خۆی نووسیوە"(K5).. "[...] هەر هیچ نییە و کەسێکی زۆر فاشل و نەزانە و، دڵنیام کە ساڵی دابێ لە پۆستەکەی لای دەبەن"(K5).. "لەوەوە دڵنیام کە لە حەسوودی و ئیرەییدا ئەو بڕیارەیان داوە و چاویان بە زانست و بڕوانامە و بەرهەمەکانی [...] هەڵنایەت"(K7,K8).. "با هیچ شکاتێکی لێ نەکات؛ چونکە هاوسەرەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، دەتوانێ وا بکات تایتەڵە زانستییەکەی لێ بستێننەوە"(K3).. "سەرۆکی زانکۆ زۆر بە تووڕەیی و بە دەنگێکی بەرز سەرۆکبەشی لە ژوورەکەیدا دەرکرد؛ جاران نەیدەوێرا وا لەگەڵیدا بجووڵێتەوە؛ چونکە کاریان بە مێردەکەی هەبوو کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا پۆستێکی بەرزی هەیە، و لە ترسی مێردەکەی، حیسابێکیان بۆ ئەویش دەکرد، بەڵام ئەمساڵ دەستمان گەیشتووەتە سەرووتر و، پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەری مێردەکەیدا دروستکردووە و چیتر پێویستیمان بە مێردەکەی نەماوە!"(K5)

ڕکابەرایەتی و زۆرانبازییەکانی نێوان فەرمانبەر و کادیری ئیداری لەو زانکۆیە، وای لێیان کردبوو کە لە ڕقی یەکتردا کاری ئیداریی قوتابی و مامۆستایان پشتگوێ بخەن؛ فایلێکی توێژەر دەربارەی چاپی کتێبێکی ئەکادیمی و زانکۆیی کە توێژەر لەسەر داوای لیژنەی زانستیی بەشی کۆمەڵناسی نووسیبووی، نزیکەی ساڵێك زیاتر، لە نێوان بەش و ڕاگرایەتی و یاریدەدەری زانستیی سەرۆکی زانکۆ وەکو تۆپی پینگ‌پۆنگ هاتوچۆی پێ دەکرا؛ ئەو دەیگوت ناردیتم، ئەوی دیکە دەیگوت نەگەیشتووەتە دەستمان؛ پاش ئەوەی بۆ توێژەر دەرکەوت جگە لەوەی ئەوان بە هیچ شێوەیەك کتێب چاپناکەن، خۆشیان لەگەڵ یەکتر ڕێکنین و بەردەوام زەمی یەکتر دەکەن و یەکتر دەشکێننەوە؛ تەنانەت لەو ماوەیەدا، زانکۆ سێ یاریدەدەری زانستیی گۆڕی و هەریەکەو کە دەهاتە سەر ئەو کورسییە، توێژەر ناچار دەبوو، کۆپییەك لە سەرلەبەری فایلەکەی بۆ ئەویش ببات؛ لە کۆتاییدا، توێژەر لەو هێنانەبردنەیان ماندوو دەبێت و لە ماوەی 10 ڕۆژدا ئەو کتێبە زانکۆییەی لەسەر ئەرکی خۆی چاپکرد. توێژەر ئەزموونی کتێبێکی دیکەیشی هەبووە لەگەڵ ئیدارەی زانکۆدا؛ ساڵی 2019، سەرۆکی زانکۆ خۆی بە توێژەر دەڵێت ئەم کتێبەت بهێنە، با زانکۆ چاپی بکات؛ پاش تەواوبوونی قۆناغە ئیداری و بەراییەکان، سێ مانگ چاوەڕوانی واژۆی کۆتایی دەبێت، کە لە کۆتاییدا سەرۆکی زانکۆ ڕایگەیاند: "خاوەنی زانکۆ بڕیاریداوە هیچ کتێبێك چاپ نەکرێت؛ با شەرمەزارت نەبم، لێگەڕێ با لەسەر ئەرکی خۆم چاپی بکەم"، کە توێژەر بە هیچ شێوەیەك ڕازی نابێت و خۆی لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا ئەویشیان چاپ دەکات.

ناکۆکیی نێوان هەندێ کادیری ئیداری لە هەندێ کۆلیژ و بەشدا، گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی، تەنانەت لە ڕقی یەکتردا بڕیاری جیاوازیان دەردەکرد و بە کردە کردبوویانە دووئیدارەیی؛ بۆ نموونە سەرۆکی بەش بڕیارێکی ڕادەگەیاند، بەڵام سەرپەرشتیاری خوێندنی ئێواران کە حوکمی ڕاگری کۆلیژی هەبوو، بڕیارێکی ڕێك پێچەوانەکەی دەردەکرد؛ جارێکیان توێژەر لەبەر ئەو دووبڕیارییە، دەست لەکارکێشانەکەی خۆی بە فەرمی ڕادەگەیەنێت، بەڵام لەبەر نارەزایەتیی قوتابیان و بەشێك لە مامۆستایان، هەروەها هورووژمی قوتابیان بۆ بەش و سەرۆکایەتیی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیژ ناچار دەکەن داوا لە توێژەر بکەن بگەڕێتەوە؛ هەر لەسەر ئەم بابەتە، سەرۆکی بەش لای توێژەر بەم شێوەیە بەرگری لە خۆی دەکات:

"بەخوا، م. [...]یش ئاگادارە و لەوێ ئامادە بوو کە [...] ئەو بڕیارەی دەرکرد و خۆی گوتی پێویست ناکات، مامۆستایان بێنە دەوام؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەم کێشەیەکی وی لە وەزارەتی خوێندنی باڵای چارەسەر نەکرد و کارەکەی ڕایی نەکردووە، ڕقی لە من هەڵگرتووە و بەم شێوەیە دەیەوێ من لای مامۆستایان و سەرۆکی زانکۆ خراپ بکات!"

**پەیوەندیی ئیدارە-قوتابی:** سەرەڕای ئەوەی زانکۆی ناحکوومی "قوتابیتەوەر"ە و پشت بە پارە و قیستی قوتابی دەبەستێ، ئەو چەشنە زانکۆیانە هەمیشە لە کێشەی نێوان قوتابی و مامۆستادا، زیاتر پشتی قوتابی دەگرن، بەڵام ئەگەر قوتابی هێڵەسوورەکان ببەزێنێت، (بۆ نموونە قیستەکەی بەوەخت نەدابێت) یەکسەر کاردانەوەیان دەبێت و لە تاقیکردنەوە، بێبەش دەکرێ و ناوی لەناو پۆلدا Zoom و Moodleیاخود پێدانی لینك و پاسۆردی داخڵبوون لە بەرنامەی دەخوێندرێتەوە؛ جارێك بەرپرسێكی باڵای زانكۆ لە گفتوگۆیەكی دۆستانەدا دەربارەی قوتابیان بە توێژەر دەڵێت:

"من ئەو قوتابیانە باش دەناسم و ئەزموونێکی باشیشم هەیە لەگەڵیاندا؛ دەبێ وەک [...] توند بیت لەگەڵیان؛ دەنا قەت ملکەچی بڕیار نابن؛ ئەگەر وایان لێ نەکەی، خۆ قیستەکان نادەن؛ بەڵام کە ئەوها ناچارت کردن، یەکسەر پارە دەهێنن."(K2)

ئەو دەستەواژە و ڕستانەی خوارەوەیش، توێژەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە قوتابیانەوە گوێی لێ بووە کە چۆن باسی زانکۆ دەکەن:

"سوێند بە خوا، لە داخی ئەو زانکۆیەدا هەردوو وڵاتەکە، X و Yیشم لە پێش چاو کەوتوون و ڕقم لەوانیش دەبێتەوە؛ بەس زانکۆ نییە"(Q15).. "زۆر پەشێمانم کە هاتوومەتە ئەو زانکۆیە؛ خۆزگە دەمزانی ئەوهایە، بە حەیاتم نزیکی نەدەکەوتم"(Q1,Q12,Q18).. "هەر لە پرسگەوە بگرە، بە سەرۆکی زانکۆ و ڕاگر و سەرۆکبەش و هەموو مامۆستاکان و تەنانەت ئەو کرێکارە بەنگلادیشییەی، بە بنی پێڵاوی خۆم حیسابیان بۆ ناکەم"(Q9).. "چوار ساڵ تەمەنمان بەفیڕۆ چوو"(Q1,Q14,Q15).. "ئەو زانکۆیە بەس خەون و بەهرە و توانستەکانت دەکوژێت؛ چ ئاواتێکم هەبوو و چیم دەویست، بەڵام چیم بینی و چیم دەست کەوت"(Q1).. "بە خوا بەس لێرە تەواو بم، تەنانەت بە تەنیشت ئەو کۆڵانەیشدا تێناپەڕمەوە"(Q6,Q14,Q18).. "زۆر شەرم لە خۆم دەکەمەوە کە بڵێم لەو زانکۆیەدا دەخوێنم"(Q2,Q15).. "تەنها بیر لە گیرفانی خۆیان دەکەنەوە"(Q1,Q21).. "ئەو پارەیان لێ حەرام بێت یا ڕەبی، بەس زانکۆ نییە"(Q12,Q19).. "یەک مامۆستای وایان نەهێناوە کە شتێکی لێوە فێر ببین"(Q1,Q3,Q11,Q15,Q22).. "دەک عەمریان نەمێنێ لەگەڵ ئەو سیستەمە سەقەتەی کە دایانناوە"(Q15).. "ئەوپەڕی بێعەدالەتیمان بینی لەو زانکۆیەدا، زۆر فەرق و جیاوازی و جیاکاری دەکەن."(Q1,Q15,Q22)

**پەیوەندیی ئیدارە-مامۆستا:** وەك بەشێك لە مامۆستاكان كە بۆ توێژەریان دەگێڕایەوە، بە تایبەت ئەوانەی پێشینەیەكی زیاتریان لەو زانكۆیەدا هەبوو، لە هەڵسوكەوتی ئیدارە لەگەڵیاندا زۆر بە گلەیی بوون و لەوەی كە چۆن دەڕوانن پێیاندا و، دەیانگوت:

"وەکو فەرمانبەر یان کرێکارێکی ئاسایی سەیرمان دەکەن؛ زۆر دەمانشکێننەوە؛ بێڕێزیکردنی ئیدارە بە مامۆستا لەو کاتەدا دەگاتە لووتکە، کە مامۆستا بۆ وەرگرتنی مووچەکەی پێویستە بچێتە بەردەم ژمێریاری و لە پشت پەنجەرەیەکی زۆر بچووکەوە لەپێش چاوی قوتابیان بوەستێت و مووچە کەمەکەی وەربگرێت؛ وەک بڵێی شتێکی فرۆشتبێ یان کرێکاریی کردبێت و چاوەڕێی هەقدەست بێت؛ مووچەکەت دەژمێرن و هەروا بەبێ پاکەت و زەرفێک لە پەنجەرەکەوە دەیدەنە دەست مامۆستاوە؛ بە ڕاستی مرۆڤ شەرم لە خۆی دەکاتەوە؛ چونکە کەرامەتی دەشکێ."(M1,M4)

"بێزارم لەو زانکۆیە؛ هەر ئیشێکی دیکە بدۆزمەوە، یەک دەقەش لێرە نامێنمەوە؛ بۆ یەک چاخواردنەوە لە دەرەوەی زانکۆ، خەریک بوو لیژنەم لەسەر دروست بکەن؛ چەند جار بانگیان کردوومە و ڕێک وەک تاوانبار و کۆیلەیەک لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کردوومە"(M1)

ئەو ڕستانەیش لە زاری مامۆستاکانەوە دەرهاتووە:

"بەو خوایە، ئێرە بەس زانکۆ نییە؛ بە هەموو شتێک دەچێ، جگە لە زانکۆ"(M1,M3,M4,M5).. "خۆ ئەوە زانکۆ نییە، کۆمپانیایەکی بازرگانییە"(M1,M4).. "هیچ بڕوام بەو زانکۆیە نییە"(M1).. "بەس کارەکان لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوە"(M1,M4,M5).. "ئەو زانکۆیە بەس مامۆستای وای دەوێ کە کاری بە هیچ شتێکدا نەبێ و گوێ نەداتە هیچ کەس و هیچ شتێک و بە بێدەنگی بێت و ئارام و بێدەنگیش بڕواتەوە، با هیچیشی پێ نەبێ"(M1,M3).. "ئامادەیە لەپێناو پۆستدا، هەموو کارێکی بکات"(M5).. "لە ئیدارەوە پێیان ڕاگەیاندیمە ئەگەر وەڵامی تەلەفۆنی فلان مامۆستا بدەیتەوە، یەکسەر دەرتدەکەین"(M1,M5).. "ناوێرم هیچ بجووڵێمەوە، نەکا دەرمبکەن؛ قەردارم و هیچ داهاتێکی دیکەم نییە، دەنا یەک دەقەیش کەرامەت و عێزەتنەفسی خۆم نەدەشکاند بۆیان"(M1).. "ئەو زانکۆیە کەشوهەوایەکی وای دروستکردووە، دەڵێی دەزگای پاراستن یان هەواڵگەرییە؛ مرۆڤ هیچ ئازاد نییە و بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدایە"(M1).. "سەرۆکی زانکۆ کە لەو کێشەیەدا وەڵامی تەلەفۆن و پەیامەکانی مامۆستای خۆی ناداتەوە، نیشانەی زەعف و لاوازییەکەیەتی و لەبەر ئەوەی ناتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکە ببێتەوە، خۆی لێ دەدزێتەوە!"(M5)

**پەیوەندیی مامۆستا-مامۆستا:** ئینجا مامۆستا بە ئاسایی لای مامۆستا و تەنانەت لای قوتابیان لە کاتی وانەگوتنەوە و لە دەرەوەی پۆلیشدا، باسی مامۆستای هاوپیشەی دەکرد؛ توێژەر، بەخۆی چەندین حاڵەتی بینیوە کە چۆن مامۆستا زەم و پاشملەی مامۆستای هاوڕێ و هاوپیشەی خۆی دەکات و لە پشتەوە خەنجەری لێ داوە و ئەوەی دیکەیش بە هەمان شێوە لەپشتەوە قسەی دژی کردووە و نهێنییەکانی یەکتر ئاشکرا دەکەن. دوو مامۆستای هەمیشەیی، ژوورێکی هاوبەشیان هەبوو؛ بەڵام ئەوندە ڕقیان لە یەکتر دەبووەوە، پێکەوە هەڵیاننەدەکرد و یەکێکیان، ناچار مێز و کورسییەکەی خۆی بردە ژوورێکی دیکە؛ خوویەکی خراپی دی کە لە نێوان مامۆستایاندا باو بوو، فێر ببوون نامەی ئەلکترۆنی یەکتر، یان هی قوتابییان سکرینشات دەکرد و دەستاودەست بڵاویان دەکردەوە و لە کاتی پێویستدا دژی یەکتر بەکاریان دەبرد. هیچ دانیشتنێك نەبووە کە ئەو چەشنە باسوخاس و قسەوقسەڵۆکانەی تێدا نەبێ؛ توێژەر، ئەو سیفەت و دەستەواژانەی تۆماری کردوون کە دژی یەکتر دەیانگوت:

"هیچی پێ نییە"(M5).. "ئەقڵی مندالآنەیە"(M1).. "زۆر کاڵفامە"(M4).. "کەسێکی سایکۆپەتە"(M2).. "ئاگری بن کایە"(M2).. "بەو ژنانە دەچێ کە لە بەردەرگای ماڵان دادەنیشن و بنێشتیان لەدەمە و کاریان بەس باسکردنی ئەموئەوە"(M4).. "کەسێکی فیتنەکەرە"(M4).. "زۆر ترسنۆکە"(M5).. "ماستاوچی و زمانلووسە"(M4).. "بۆ حاڵی خۆی زۆرزان و شەیتانە"(M3).. "زۆر لە مێردەکەی دەترسێ"(M1,M4,M5).. "هەست بە خۆبەکەمزانین دەکات"(M4,M5).. "لە حەسوودیان چاویان پێ هەڵنایەت"(M5).. "ئەگەر لەبەر هاوسەرەکەی نەبایە کە خاوەن پۆستێکە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، یەک دەقەیش نەیاندەهێشت لێرە بمێنێتەوە"(M1,M4,M5,K8).. "بە درێژایی خوێندن چوار لاپەڕی ئەیفۆڕی داوەتە قوتابیان"(M1).. "زمانی بە هیچ کۆنترۆڵ ناکرێت"(M3).. "کە نامەکان دەخوێنیتەوە، پەیوەندییەکەیان بە هی قوتابی و مامۆستا ناچێ و بۆنێکی دیکەی لێوە دێ."(M2)

**پەیوەندیی مامۆستا-قوتابی:** مامۆستا ئەوەندە لە قوتابی بێزار ببوون، کە ئاواتیان دەخواست زووتر چوار ساڵەکەیان تەواو ببایە و لەکۆڵیان ببنەوە و سەروبیچمی یەکتر نەبینن؛ ئەو قسانەی خوارەوەش قسەی مامۆستایان بووە بە قوتابیان:

"کوا ئەمانە قوتابین؟ کۆمەڵێک نەخوێندەواری بێکەڵکی هیچنەزانن"(M3).. "بەڵێن بێ، پاش ئیمتحاناتی فاینالّ، یەکەم کار کە بیکەم، ناوی هەرهەمووتان لە مۆبایلەکەم دەسڕمەوە، لە فەیسبووک و ئینستاگرامدا بلۆکتان دەکەم"(M1).. "زۆر بەپەلەم چیتر سەروبیچمتان نەبینمەوە"(M4).. "ئەو قوتابیانە شایانی یەک زەڕەش بەزەیی نین"(M1,M6).. "ئەو کچانە، هیچیان لێ دەرناچێت؛ نە دەبنە هاوسەرێکی باش، نە دایکێکی باش، نە مامۆستایەکی باش، نە کابان و چێشتلێنەرێکی باش، لەگەڵ ڕێزمدا نە دەبنە ڕاقیسەیەکی باشیش"(M1).. "پێم باشترە نەهاتبانە زانکۆ و لەسەر جادە بنێشتتان فرۆشتبا، هێشتا باشتر بوو؛ هەر هیچ نەبێ سوودێکتان دەبوو"(M4).. "لای من گزی و دزی هیچ جیاوازییەکیان نییە؛ ئەوەی لە تاقیکردنەوەی مندا غەش و گزی بکات، دڵنیام کە لە شوێنی کار یاخود لە هاوسەرەکەیشی دزی دەکات"(M4).. "بێنەزاکەت و پەروەردەنەکراون"(M3).. "ئێوە لە هیچ کەس ڕازی نین؛ دنیاشتان بۆ خراپ

بکەین هەر گلەیی دەکەن"(M1,M4).. "فشەچی و خەمسارد"(M3).. "شانۆگێڕ و ئەکتەرێکی پرۆفیشناڵ"(M1,M4).. "زۆر بێشەرم و زماندرێژە"(M3,M6).. "ئامادەن بۆ یەک نمرە بتفرۆشن."(M1,M4)

ئەو دەستەواژە و ڕستانەی خوارەوە لە لایەن قوتابیانەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە مامۆستاکان گوتراوە کە توێژەر تۆماری کردوون:

"خراپترین مامۆستایە"(Q1,Q5,Q19,Q17).. "مامۆستایەکی زۆر بێسەروبەرە؛ هیچی پێ نییە"(Q1,Q3,Q10,Q15,Q16,Q19).. "قسەکانی هەمووی دووبارەیە"(Q1,Q4,Q21).. "بۆ نمرە زۆر زۆر ڕەزیلە؛ وا دەزانێت پارەیە لە گیرفانی سەرف دەکات!"(Q1,Q6,Q15,Q22).. "هێشتا من زیاتر لەوی دەزانم"(Q10,Q15).. "مامۆستایەکی زۆر حاقدە و ڕق هەڵدەگرێت و لە کاتی نمرەدان تۆڵەی دەکاتەوە"(Q1,Q4,Q5,Q15,Q22).. "نیوەی وانەکانت بەس بە توانج و پلار بەڕێ کرد"(Q8).. "مامۆستایەکی زۆر سەرژنانییە؛ چ ئیشی بە ئێمەدایە کە دەمانەوێ مێرد بکەین یان نا؟ ئێستا وا خەریکە بەحسی تەخەڕوجمان بۆ دەنووسێت، دەنا هەر ئێستا بلۆکم دەکرد؛ بەڵام با ساڵەکە کۆتایی پێ بێت، وەعد بێ یەکسەر بلۆکی بکەم"(Q6).. "چۆن بچمە ئەو ژوورە و دووبارە چاوم بەو مامۆستایە چاوحیز و مەیموونە بکەوێت"(Q9).. "ئەو مامۆستایە، کلاسی کردووەتە مزگەوت و تەکیە"(Q9).. "مامۆستا! حەز ناکەم کێشەکە گەورەتر ببێ، ئەگەر ئەو دە دەرجەی ڕۆژانەم پێ نەدەیت، کارێک دەکەم پەشیمان ببیتەوە، دوایی مەڵێ کە پێی نەگوتم!"(Q6).. "بە برامم گوتووە کە مامۆستا قسەی پێ گوتینە و دە دەرەجەی ڕۆژانەیشی پێ نەداینە؛ گوتی چۆن قبووڵتان کردووە و بێدەنگ بوونە؟ خەمت نەبێ بۆ منی بەجێ بهێڵە خۆم بۆتی دەکەمە مرۆڤ"(Q9).. "وەڵڵا هەموو عەشیرەتی خۆم دەهێنمە سەری؛ پێی وایە هەروا بۆی دەچێتە سەر؟"(Q6,Q9)

لە ساڵی یەکەمی وانەگوتنەوەی توێژەر لەو زانکۆیەدا، مامۆستا و هاوڕێیەکی نزیکی کە ئەو کات سەرۆکایەتیی بەشێشی لەئەستۆ بوو، گوتی:

"ئاگات لێ بێ دکتۆر گیان! ئێرە وەکو زانکۆی سەلاحەدین نییە؛ قوتابیانی ئەو زانکۆیە وەکو هیچ شوێنێکی دیکە نین؛ نابێ زۆر بەزەییت پێیاندا بێتەوە؛ ئەکبەر مەسڵەحەتچی و فێڵباز و هیچوپووچن؛ بەس بە نمرە دەتپێون؛ بەس یەک جار لە دەرسەکەت دەرنەچن، زەربی سفرت دەکەن."(M1)

دوایی، ئەزموونی توێژەر لەگەڵ ئەو قوتابیانە، ئەزموونی ئەو مامۆستایە دووپاتیکردەوە؛ کەسانی وایان تێدا بوو کە هەرگیز بە قوتابی نەدەچوون؛ ڕاشکاوانە و بوێرانە هەموو سنوورێکی ئیداری و پەروەردەیی و ئەخلاقییان دەبەزاند. توێژەر لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوتی چەند قوتابییەك بوو، کە هەموو مامۆستایان لێیان بەگازندە بوون؛ چەندین جار لەبەر بێڕێزی بە مامۆستا، لە هۆڵ دەرکراون؛ چەندین جار هۆشدارییان پێدراوە؛ تەنانەت ناڕەزایەتیی مامۆستایان و قوتابییەکانی دیکەیش بە فەرمی گەیشتووەتە ئیدارە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی جدی و ڕژدیان نەگرتە بەر و هەڵسوکەوتیان تا کۆتا ڕۆژی خوێندنیان، هیچ نەگۆڕا؛ لەو کاتەی سەرۆکی بەش گوێی لە سکاڵای مامۆستا و چەند قوتابییەك گرتبوو کە شکاتیان لەو چەند قوتابییە باتیزۆکە دەکرد، توێژەر خۆی لەوێ ئامادە بوو؛ بە چاوی خۆی دیتی کە چۆن وەڵامیانی دایەوە:

"دەزانم کە زۆر بێڕێزن؛ ئەوانە زۆر سەربەکێشەن... خۆیشم لە ماوەی مامۆستایەتیمدا تەنها یەک جار ناچار بوومە قوتابییەک دەربکەم، ئەویش [...] بووە؛ زۆر زماندرێژە؛ لە قۆناغی یەکەم، برای هاتە بەش و لە ڕێڕەوی بەشدا بە پێش چاوی ئێمەوە، پرچی گرت و بە دوای خۆیدا ڕایکێشا؛ من یەکسەر شۆک بووم و حەپەسام؛ نازانم چی کردبوو، بەڵام دیارە جگە لێرە، لە ماڵەوەیش کێشەی هەیە"(K6)

جارێکیشیان توێژەر چووە لای سەرۆکی بەش و بە ئامادەبوونی چەند قوتابییەکی دیکە، لە هەڵسوکەوتی بێڕێزانەی دوو لەو قوتابیانە گلەیی کرد و قوتابییەکانیش زۆر بە توندی لە ڕەفتارە سنووربەزێنەکەیان ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی و چاوەڕوانی ئەوە بوون لیژنەیان لەسەر دروستبکرێت، بەڵام وەڵامی سەرۆکی بەش ئەوجارە بەم شێوەیە گۆڕدرا:

"ئەوانە موراهقن؛ ئێوە نازانن کە [...] چ کێشە و معاناتێکی قووڵی هەیە؛ من لە نزیکەوە ئاگادارم و چەندین جار قسەم لەگەڵدا کردووە و ڕێنماییم کردووە کە چی بکات... بەردەوام دەگریێت و دەڵێ جار وایە دەمەوێ کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم... بۆیە لێی مەگرن و ساڵی ئاخرە با تەواو بێ و بڕوات."(K6)

قوتابییەك هەر لەوێ گوتی: "جەماعەت با هەستین بڕۆین! بە خوا بە قەستیە لەگەڵ ئەو زانكۆیە؛ ئەوانە بۆ ئێمەیان سەلماندووە كە هەرگیز قوتابی بە مامۆستا نادەن؛ قوتابی واتە 8ملیۆن دینار! چۆن ئەو پارەیە لەكیس بدەن!"(Q2)

**پەیوەندیی قوتابی-قوتابی:** ئەو كەشە نالەبارە، لە پەیوەندیی نێوان قوتابییەكانیشدا ڕەنگیدابووەوە؛ توێژەر بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی وانەی لەو زانكۆیەدا گوتووتەوە، شتی وای لە نێوان قوتابییەكانیدا بینیوە، لە هیچ كات و شوێنێكدا نەیدیتووە؛ نە لەو كاتەی كە خۆی قوتابی بووە، هەم لە كوردستان و هەم لە دەرەوەی كوردستانیشدا، نە لەو كاتەیشدا كە بووەتە مامۆستا و 10 ساڵ بەردەوام قوتابیی هەبووە:

قوتابیان ببوونە كوتلەكوتلە و دەستەدەستە؛ بەردەوام و بێپچڕان زەمی یەكتریان دەكرد و لە یەكتر بەگلەیی بوون؛ تەنانەت سەلامیان نەدەكرد و وەڵامی سەلامیشیان نەدەدایەوە؛ لەسەر هیچ بڕیارێك ڕێكنەدەكەوتن؛ لە هیچ بەرنامە و پلان و تەنانەت سەفەرە و كۆبوونەوە و نانخواردنێكدا هاوبەش نەدەبوون و ئەو چوار ساڵەیان تێپەڕاند، ئامادە نەبوون لە تەنیشت یەك بوەستن و وێنەیەكی بەكۆمەڵ بگرن؛ تەنها یەك وێنە نەبێ كە ئەویش وێنەی فەرمیی دەرچوونە و زانكۆ خۆی پێ هەستابوو و لەسەریانی سەپاندبوو؛ كەس نەیدەوێرا لەبەر ئەوانی دیكە لە پۆلی دەرسدا قسەیەك بكات، نەكا گاڵتەی پێ بكەن یان دوایی بیشكێننەوە؛ ئەوەی چەند ساڵێكە لە هەموو زانكۆكاندا باوە، لە ڕێگەی پلاتفۆرم و پرۆگرامێكی ئینتەرنێتییەوە (وەكو مێسنجەر، ڤایبەر، واتساپ، یان تێلیگرام) گرووپێكیان هەیە بۆ ئەوەی هەموویان پێكەوە ئاگاداری بەرنامە و بڕیارەكان بن و نوێنەر، ئەو پەیامانەی كە لە ئیدارەوە پێی دەگات، لە گرووپدا دایبنێت و ئاگاداریان بكاتەوە؛ بەڵام ئەو قوتابیانە بە قسەی خۆیان، 6 گرووپی جیاوازیان هەبوو! ئەو دەیگوت من لە گرووپێكدا نابم كە فڵانەكەسی تێدا بێت؛ تەنانەت ساڵێكیان سێ نوێنەریان گۆڕی و هەندێكیان بە نوێنەرایەتی ئەوی دیكە هەتا ساڵیش تەواو بوو، هەر ڕازی نەبوون.

ئەگەر قوتابییەك نەهاتبا، قوتابیانی دیكە هەر لە پۆلدا باسیان دەكرد، بە تایبەتی ئەوانەی كە جێگای گلەیی زۆرینە بوون؛ بەڵام پاش هەفتەیەك كە دەهاتەوە، هەمان كەس كە لە پاشملە زەمی دەكرد، دەچووە لای و دەستی دەكردە ملی و دەیگوت: "یاخوا بەخێر بێیەوە... ئێرەت ڕووناك كردەوە بە قوربان؛ بە ڕاستی ئێرەت چۆڵ كردبوو!"(Q1)

ئەو دەستەواژە و ڕستانەی خوارەوەش، توێژەر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە قوتابیانی دەبیست كە چۆن پاشملەی یەكتر دەكەن و تۆماریشی كردوون:

"مامۆستا ئاگات لێ بێ، [...] زۆر فێڵباز و شانۆگەرە؛ فێرە دەچێتە لای مامۆستاكان و خۆی لێیان نزیك دەكاتەوە و دەگریێت و دەڵێت كێشەی خێزانیم هەیە و براكانم لێم دەدەن، بۆ ئەوەی مامۆستا سكی پێ بسووتێت و یارمەتییەكی بدات"(Q1).. "[...] و [...] بەردەوام و زۆر ڕاشكاوانەیش قۆپیە دەكەن و كەسیش هیچیان پێ ناڵێ"(Q1,Q2,Q14,Q17,Q18).. "ئێمە بۆ خوێندن هاتووین و لە دەوامدا زۆر جدی و مەزبووتین، بەڵام ئەوانە بۆ ڕابواردن هاتوونە و بە دڵی خۆیان دەوام دەكەن، چۆن نمرەیان دەبێ وەكو ئێمە بێت؟"(Q1,Q15).. "ئەوانە كەسانی پەروەردەنەكراو و بێڕێزن"(Q3,Q11,Q20,Q22).. "ئەو سووك و تیڤتیڤۆكانە"(Q14).. "تۆ هەر بێدەنگ بە! بوویتە جانتاهەڵگری مامۆستا"(Q9).. "بە فرمێسك نمرە لە مامۆستا وەردەگرن"(Q14).. "ئاگات لە خۆ بێ، بۆ ئیدارە دەنگ ڕیكۆرد دەكات، ساڵی یەكەمی خوێندن بەم شێوەیە مامۆستایەكی دا بە دەركردندا"(Q2).. "كە ئەوانەم بینی، شەرم لە خۆم دەكەمەوە كە بڵێم قوتابیم و ئەوانە هاوپۆلی منن؛ نامەوێ خۆم بێنمە ڕیزی وان"(Q1,Q18).. "كەسێكی زۆر درۆزن و دووڕوو و دووزمانە"(Q2,Q6,Q14).. "كێشەی ئەخلاقیی هەبووە"(Q2,Q4,Q11,Q12,Q14,Q16,Q20,Q22).. "نازانم بۆچی فڵان مامۆستایە ئەوەندە پشتگیری [لەو كچە قوتابییە] دەكات"(Q1,Q2,Q14).. "تاكە قوتابییە كە لە كاتی تاقیكردنەوەدا، ئازادە مۆبایل و جانتای بهێنێتە ژوورەوە"(Q1,Q5,Q14).. ""منیش لەمەودا وەكو ئەو قوتابییە [كچە] بۆ مامۆستایان پان دەكەمەوە و خۆم لەوان نزیك دەكەمەوە و تەلەفۆنیان بۆ دەكەم و قسەی خۆشخۆشیان بۆ دەكەم، بۆ ئەوەی وەكو وی مامەڵە لەگەڵ منیشدا بكەن؛ بۆ خۆم پاڵ دەدەمەوە و بە ئیسراحەت دەریشمبچوێنن!"(Q6).. "ئەرێ ئاگاتان لێ بوو، [...] خۆی بوو كە بە مۆبایلی یەكەمی تەلەفۆنی بۆ مۆبایلی دووەمی كرد و مۆڵەتی وەرگرت بچێتە دەرەوە لە پۆل؛ فێر بووە ئەو تەكتیكەی بەكار دەبات و مامۆستای هەڵدەخەڵەتێنێت"(Q14)

**3. پەنجەرە شكاوەكانی سیستەمی خوێندنی زانكۆی XY:**

جۆرێکی دیکەی بێسەروبەری و پەنجەرە شکاوەکانی ئەو زانکۆیە، کە بەرهەمی بێسەروبەرییەکانی پێشوون (جۆری یەکەم و دووەم)، بە زەقی لە سیستەمی خوێندن و لایەنی زانستی و مەعریفیدا ڕەنگیدابووەوە؛ ئەوەی گرنگ نەبوو، زانست و فێربوون بوو؛ نە بۆ قوتابی، نە بۆ ئیدارە و تەنانەت نە بۆ مامۆستایش.
هەوڵی ئیدارە ئەوە بووە هەتا دەکرێ قوتابییەکی زیاتر وەربگرێت، بەڵام بە گوێرەی پێویست مامۆستا وەرنەگرێت و ئەوانەیشی وەردەگرت کە بە مووچەیەکی کەم ڕازی بن؛ چونکە "قوتابی" پارەی پێ دەدات، بەڵام "مامۆستا" پارەی لێ وەردەگرێت؛ بۆیە زۆربەی هەرەزۆری مامۆستاکان، بە مامۆستای هەمیشەیی و کاتییەوە، مامۆستای خاوەن ماستەری تازەدەرچووی گەنجی بێئەزموون بوون؛ ئەوانەی کە ئاوات و خولیای هەرەسەرەکییان، دۆزینەوەی پیشەیەك و دامەزراندنە و، کێشەی هەرەگەورەشیان لایەنی ماددی و داهاتە؛ چونکە زۆربەیان یان هێشتا خێزانیان پێك نەهێناوە، یان تازە هاوسەرگیرییان کردووە و لە ڕووی ئابوورییەوە نەگەیشتوونەتە قۆناغی سەقام و جێگیری؛ نە کتێب دەخوێننەوە؛ نە زەمینە و پاشخانێکی بەپێزی زانستی و مەعریفییان هەیە؛ تەنانەت حەز لە خوێندن و فێربوونیش ناکەن.

"یەک مامۆستامان نەبووە کە شتێکی پێ بێ؛ بە خوا شایانی ئەوەیش نین بۆ دواناوەندیش دەرس بڵێنەوە؛ هیچ نازانن و هەریەکەو شتێکی دەڵێت کە سەدلەسەد پێچەوانەی ئەوی دیکەیە؛ نازانین چۆن بڕوانامەیان پێ دراوە؛ دەڵێی لە بازاڕدا گەڕاون و ئەو کەسانەیان دۆزیوەتەوە و گوتیتیان وەرن ببنە مامۆستا لامان؛ ساڵی ڕابردوو مامۆستامان هەبوو، تەنها 4 پەڕی ئەیفۆڕی گوتووەتەوە؛ ئەو چوار پەڕەشی لە گووگڵی دەرهێنایە و هەر ناشزانێ شەرح بکات و دەشڵێ لە ئەورووپا بڕوانامەم وەرگرتووە و لەوێ ژیاوم! نە زانستی بە ئەورووپییەکان دەچێ، نە هەڵسوکەوت و ئەتیکێتی!"(Q14,Q17,Q20).. "ئەو مامۆستایانە، هیچیان پێ نییە و خۆیشیان پێ شتە و وا دەزانن کەس لەوان زاناتر و ڕۆشنبیرتر نییە."(Q4).. "ساڵی یەکەم مامۆستایەکمان هەبوو، بە هەردوو کۆرس تەنها 2 پەڕی ئەیفۆڕی پێداین؛ بەس چیرۆکی دەگوت؛ ئەلئەساس دەرچووی ئەورووپاش بوو، بەڵام پێکەنینمان بە مستەوای دەهات"(Q17).. "مامۆستامان هەبووە، پاوەرپۆینتی مامۆستای ساڵی ڕابردووی وەرگرتووە، هیچی لە بابەتەکەی نەدەزانی و بەس کاتەکەی بە قسەی لابەلا دەکوشت؛ مامۆستای دیکەشمان هەبووە بەس دەهاتە ژوورەوە لەسەر داتاشۆ یان لابتۆبەکەی دەخوێندەوە وەک بڵێی ئێمە نازانین بە کوردی بخوێنینەوە؛ مامۆستایش هەبووە یەک ساڵی خوێندن بە تاکە سەرچاوەیەکی تێپەڕاند و تەنها وەکو ڕۆژنامە لەسەری دەخوێندەوە و هیچ خۆی ماندوو نەدەکرد"(Q22).. "مامۆستا هەبووە کە بۆ ئیمتحانی فایناڵ، شەش پرسیاری هێنابووەوە، وەڵامی هەر پرسیارێک تەنها یەک وشە بووە؛ قوتابی بە نووسینی شەش وشە لە دەفتەرێکی چەند لاپەڕیدا، 60 لەسەر 60ی هێناوە"(M1)

مامۆستا لەو زانکۆیەدا، زۆر بە ئاسانی بە لەبەرکردنی قات و بۆینباخێك و هەڵگرتنی جانتایەك دەیتوانی بیسەلمێنێت کە مامۆستایە تاکو بە زانست و ئەزموون و شارەزایی؛ بۆیە مامۆستاکان زیاتر لەوەی کە خەریکی خوێندنەوە و گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوونی زانستی بن، خەریکی گۆڕینی جلوبەرگ و ڕواڵەتی خۆیان بوون؛ ئەگەر مامۆستا جلی دوێنێکەی لەبەربا، لای خۆی و قوتابیان پێیان شەرم بوو، بەڵام ئەگەر زانستی دوێنێیان پێ بایە و هیچیان پێوە زیاد نەکردبا، زۆر ئاسایی بوو.
زانکۆ، بۆ ئەوەی پارە بە مامۆستای دەرەکی نەدات، بۆ توێژینەوەی دەرچوون، هەر چوار قوتابییەکیان و کردە گرووپێك و گوتیان دەبێ پێکەوە یەك توێژینەوە بنووسن و تەنها مامۆستای هەمیشەییش دەبنە سەرپەرشتیار کە لەو بەشەی توێژەر لێی بوو، تەنها دوو مامۆستای هەمیشەییان هەبوو؛ لە هەندێ پۆلدا، گرووپی پێنج کەسەیشیان هەبووە. ئەو هەموو گرووپانەیش دەبا هەر ئەو دوو مامۆستا هەمیشەییە سەرپەرشتییان کردبا، بۆ ئەوەی بە کەمترین مامۆستا و کەمترین سەعات، زۆرترین قوتابی بەڕێبکەن. توێژەر بە حوکمی ئەوەی قوتابی بەردەوام پرسیاری لێ دەکرد، لە نزیکەوە ئاگاداری نووسینەوەی توێژینەوەکان بوو؛ مامۆستا هەبووە کە بە گرووپێکی گوتووە، هیچ خەمتان نەبێ لە ئەلفەوە هەتا یا، من بۆتانی دەنووسم، بەڵام با کەس نەزانێت؛ لەو گرووپە چوار پێنج کەسیانەدا، قوتابی هەبووە لە سەرلەبەری توێژینەوەکەدا (ئەگەر ناوی لێ بنێین توێژینەوە!) تەنانەت لە نووسینی یەك وشەیشدا بەشدار نەبووە، بەڵام نمرەکەی لەو قوتابی یان قوتابیانەی کە هەموو ئەرکی نووسینی لەئەستۆدا بووە، بەرزتر بووە! لە کاتی گفتوگۆی توێژینەوەکانیشدا هەروەك گرووپێك لە قوتابییەکان بە توێژەر دەڵێن:

"وەڵڵا بەس لەکۆڵکردنەوە بوو دکتۆر! بە خوا پێکەنینمان دەهات لە پرسیاری مامۆستاکان! وەڵڵا بە تەنیشت زانستیشدا تێنەپەڕیون ئەو مامۆستایانە! فشە بوو فشە!"(Q10,Q11,Q12,Q16)

سیمنارەکانی مامۆستاکانیش بێوەر بوو لە زانست، هەروەك مامۆستاکان خۆیان دەڵێن زیاتر بۆ وەرگرتنی خاڵە؛ تویژەر لەگەڵ چەندین مامۆستا و کادیری ئیداریدا قسەی کردووە و وەك خۆیشیان دانیان پێدا دەنا، چ ئەوەی خۆیان سمیناریان پێشکەشکردبوو، چ ئەوانەیشیان وەکو بینەر و بیسەر بەشدار دەبن، دەڵێن:

"سمینارەکان هەر سمینار نین؛ هەرەهموویان بێناوەرۆک، بێکەڵک و زۆر ڕواڵەتی و ڕووکەشین و تەنها ناوی سمیناری پێوەیە."(M1,M5,K8).. "هەندێ مامۆستا فێربوونە، لە یەک سمیناردا سەرەتا بە جلێک بەشدار دەبن و هەندێ وێنەی لەخۆدەگرن، پاش چەند دەقەیەک دەچنە دەرەوە جلی سەربەرگ دەگۆڕن و بۆ نموونە قەمسەڵەیەک لەبەر دەکەن، یان قاتەکەیان دادەکەنن و وێنەی دیکە دەگرنەوە، بۆ ئەوەی دوایی بڵێن لە چەند سمیناری جیاوازدا بەشدار بوونە و خاڵی زیاتری پێ وەربگرن."(M5)

مامۆستاکان وەکو قوتابییەکان گرووپێکی ڤایبەری تایبەت بە خۆیان هەبوو، هاوکات ئەوانەی لەگەڵ قوتابیانیشدا دەرسیان هەبوو، بە تایبەت لە کاتی خوێندنی سەرهێڵ (ئۆنلاین) لە کەرەنتینەدا، لەناو گرووپی قوتابیانیشدا ئەندام بوون؛ توێژەر لە هەردوو جۆرە گرووپەکەدا ئەندام بووە؛ تەنانەت بۆ یەك جاریشی نەبینی کە هەم مامۆستایان هەم قوتابیان بابەتێکی زانستی لە گرووپدا بڵاوبکەنەوە؛ هەرچی بوو، سەرۆکی بەش، بڕیارە ئیدارییەکان و جاربەجار ئەو پەیامەیشی دادەنا کە مامۆستایانی وانەبێژ با بفەرموون بچنە ژمێریاری و مووچەی فڵان مانگ وەربگرن؛ کە ئەو پەیامەیان دەدیت، دەبووە شەڕەلایك و ناردنی چەپکەگوڵ و دەستخۆشی. گرووپی قوتابییەکانیش تەنها تایبەت بوو بۆ ئەوەی بڵێن کەی قیستەکان بهێنن و کەی تاقیکردنەوەیە و ڕۆژێك پێش تاقیکردنەوە داوای مەلزەمە و کورتکردن و تەرککردنی بابەتیان دەکرد.
کچە قوتابی هەبووە کە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، پاش تەواوبوونی دەوام و نەمانی هیچ قوتابی و مامۆستایەك لە بەش، چووەتە ژووری مامۆستایەك و لە بەرانبەر مسۆگەرکردنی دەرچوون و پشتگیریکردنی، پێشنیازی بەو مامۆستایەی داوە هەرچییەکی بوێت، ئامادەیە پێشکەشی بکات! کوڕیش هەبووە کە داوای لە مامۆستا کردووە ئەگەر ڕاپۆرتێکی بۆ بنووسێت، ئامادەیە 150هەزار دیناری پێبدات (M1) .
مامۆستایەك کە لە لیژنەی تاقیکردنەوەکانیشدا بووە، بۆ توێژەر دەیگێڕایەوە:

"قوتابییەک پێی گوتم: مامۆستا! سەیارەکەی تۆم بینیوە، هیچ لێت ناوەشێتەوە! باوکم پێشانگای سەیارەی هەیە، بە باوکم دەڵێم کە سەیارەیەکی باش کە شایانی تۆ بێ، بە قیست پێت بفرۆشێت و خاتریشت بگرێت؛ مامۆستا گوتی پێم گوت: وەڵڵا باشە، مەمنوونیش دەبم! گوتی کەواتە بە باوکم دەڵێم، بەڵام تۆش دەبێ چاوت لە من بێ و مەهێڵە بکەوم!"(K7)

زۆربەی هەرەزۆری قوتابیان، بە تایبەتی کوتلەیەکیان کە چوار کچ بوون، لە سێ قۆناغی یەکەمی خوێندن لە یەکێك لە مامۆستاکان هیچ ڕازینەبوون و هەمیشە زەمیان دەکرد و دەیانگوت خراپترین و دڵڕەقترین و ڕقاویترین مامۆستایە، بەڵام لە ساڵی چوارەمدا، کە لەبەر دژایەتی و پیلانگێڕی و پێوەکردن و ژێرپێ بەتاڵکردنی لە لایەن سەرۆکی بەشەوە، هەڕەشەی دەرکرانی هاتە سەر و تەنانەت هۆشدارییەکی ڕەسمیشی پێدرا، بە یەکجاری لە هەڵوێستەکانی پاشەکشە دەکات و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ گشت قوتابیان بە تایبەت ئەو چوار قوتابییەدا گۆڕا و تەنانەت بڕیاریدا توێژینەوەی دەرچوونیشیان بۆ بنووسێت، هەر ئەو قوتابیانەی کە بەردەوام زەمی وییان دەکرد، پێیدا هەڵیاندەگوت و دەیانگوت باشترین مامۆستایە، وێنەی نییە!
دەبا حەتمەن مامۆستا ـ بە هەق بووبێ یان بە ناهەق ـ قوتابیی دەرچوواندبا، دەنا بە خێزانەوە بەردەبوونە مامۆستا و قسەیان پێدەگوت و دوعا یان نەرمەهەڕەشەیان لێ دەکرد، یانیش بە چەکی فرمێسك و گریان و پاڕانەوە، بە پاڵپشتی و هاندانی ئیدارەی زانکۆ کاریکیان دەکرد، کە دەریانیچوواندبا؛ مامۆستایەك دەگێڕێتەوە:

"قوتابییەکانی قۆناغی چوار زۆربەیان لە تاقیکردنەوەی میدتێرمدا لە دەرسەکەی من کەوتن و، بەڵێنم دابوو ئەمجارە یارمەتییان نەدەم، بەڵام سەرۆکی بەش هەڕەشەی لێ کردم کە ئەگەر دەریاننەچوێنی، [...]ت بڵاودەکەمەوە؛ بۆیە بۆ ئەوەی تووشی کێشە نەبیتەوە، ئەوەی پێت دەڵێم دەبی بیکەیت!"(M1)

قوتابییە کەوتووەکانیش هەرگیز نەیاندەگوت مامۆستا بیوورە، نەمانخوێندووە یان تێنەگەیشتووین بۆیە لەو دەرسە کەوتووین؛ بەڵکو دەیانگوت مامۆستا بۆچی ئێمەت کەواندووە؟ بە چ هەقێك نمرەت پێ نەداوین؟ ئەگەر مامۆستایش خێری پێیان کردبا و نمرەی پێ بدابان، دەیانگوت وەڵڵا تاقیکردنەوەکە زۆر ئاسان و خۆش بوو، زۆر باشم وەڵامدابووەوە، دەبا زۆرترم هێنابا، مامۆستا غەدری لێ کردیمە!
غەشکردن لە تاقیکردنەوەکاندا، بە شێوەیەکی سیستەماتیك و ڕێکخراو و ئامادەکاری و بە هەماهەنگییەکی پێشوەختە دەکرا؛ گشت مامۆستایان لە چەند قوتابییەك بەردەوام گلەییان هەبوو کە غەشدەکەن، بە ڕەسمی بە سەرۆکبەشیان دەگوت، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو و تەنانەت پشتگیری و پشتیوانیشیان لێ دەکرا؛ یەکێك لە فەرمانبەرانی ئیدارەی زانکۆ لە کاتی تاقیکردنەوەی فاینالدا بە توێژەر دەڵێت:

"دکتۆر گیان، دوێنێ قوتابییەکی کچ لە بەشی [...] هاتە ڕاگرایەتی و کێشەیەکی هەبوو، لەبەر چارەسەرنەکردنی کێشەکە گلەییی دەکرد و گوتی ئەی بۆچی بۆ [...] (قوتابییەکی کچی قۆناغی چوارەم) لە بەشی [...] وا بە ئاسانی بۆی دەچێتە سەر، کە ڕاشکاوانە غەشدەکات و هەمووشتان دەزانن... دکتۆر گیان، کچەکە سوێندی خوارد گوتی بە خۆم لە حەوشەی زانکۆ بە دەستی خۆم بلۆتۆسم بۆ [...] (کچەی قۆناغی چوارەم) داناوە و چاکم کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە تاقیکردنەوەی فاینالّدا غەش بکات... دکتۆر! ئەوەم کە بیست، یەکسەر بە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیەم گوت؛ گوتی زۆر باش بوو کە پێت گوتین، سبەینێ لە کاتی تاقیکردنەوەدا لێی دەگرین!.. بەڵام ئەوڕۆ کە چوومە ئەو هۆبەیەی کە ئەو قوتابییە لێیە، شتێکم بینی کە مێشکم وەختە ڕابوەستێ؛ ئەوانە یەکسەر چوون بە کچەکەیان گوتووە کە ئاگات لەخۆ بێ ئەوانە زانیویانە کە بلۆتۆست پێیە! ئەمرۆ لە کاتی تاقیکردنەوەدا چوومە ئەو ژوورەی کە کچەکەی لێ بوو و بە مامۆستای چاودێرم گوت، ئەرێ لیژنەی تاقیکردنەوە سەبارەت بەو کچەی کە لە پشتەوە دانیشتووە، هیچیان پێ نەگوتی؟ مامۆستا چاودێرەکە گوتی: ئەیچۆن! گوتیان ئاگاداری ئەو کچە بە، نەکا کەسێک بێت قۆپیەکی لێ بگرێت و شتێکی بۆ دروستبکەن و بە فەسڵکردنی بدەن!"(K8)

ئەو قوتابییە کچە (قۆناغی چوارەکە)، هەر ئەو کەسە بووە کە جارێك بە تەلەفۆن هەڕەشەی لە توێژەر کردبوو، کە ئەگەر دەرینەچوێنێت، بە "خاوەنی زانکۆ" دەڵێت و بەدەرکردنی دەدات؛ بەردەوام بە نیشاندانی ناسیاوێتی لەگەڵ بنەماڵەی خاوەنزانکۆ، مامۆستایانی دەترساند! ئەوەی خوارەوە، قسەی سێ قوتابییە کە بە توێژەریان گوتووە:

"[...] (ئەو کچە) بە درێژایی ساڵ، نەدەهاتە پۆل و غایب بوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا هیچی پێ بڵێت! تاکە قوتابییەک بوو کە سەرەڕای ئەوەی قیستی نەدەدا، بەڵام دەیتوانی بەبێ پیشاندانی کارتی مۆڵەتی ژمێریاری، بچێتە هۆبەی تاقیکردنەوەوە؛ تاکە قوتابییش بوو کە مۆڵەتی هەبوو جانتا و مۆبایل لەگەڵ خۆی بباتە ژوورەوە و تەنانەت پاسەوانیشیان بۆ دادەنا."(Q1,Q2,Q14)

دوو قوتابی سەبارەت بە هەمان کچ بە توێژەر دەڵێن:

"سوێند بە خوا، بە چاوی خۆم بینیم کە [...] و [...] چۆن پێکەوە غەش دەکەن؛ بە ئاشکرا دەنگیان دەهات و تەنانەت مامۆستای چاودێریش گوێیان لێ دەبوو، بەڵام خۆیان لە خەت دەدا"(Q2)... "لە میدتێرمیشدا چندین جار بینیومانە کە چۆن قۆپیەکەیان لە جلی ژێرەوەیان دەهێنایە دەرەوە و دووبارە لە [...] و [...]یاندا دەشاردەوە."(Q22)

ئەو قوتابییە، بە شێوەیەکی سەیر لە لایەن بەش و فەرمانبەرانەوە پشتگیری دەکرا؛ توێژەر و هەموو مامۆستایانی بەش و بەشێکی زۆر لە قوتابیان، لە کاردانەوەی ئیدارە بەرانبەر بەو کچە بە تەواوەتی بێهیوا ببوون و دەستیان لێ شوشتبوو؛ سەرەڕای گلەییی ڕەسمیی چەند جارەی مامۆستایانی بەش لە چەندین هەڵوێستدا وەکو غەشکردن، فیلم و وێنەگرتن لە پرسیاری تاقیکردنەوەی بەیانیان و ناردنیان بۆ ئێواران، بێزریزیکردن و دەرکران لە پۆل، هیچ ڕێکارێکی تەنانەت کاتی و پینەوپەڕۆیشیان لە ئیدارەوە نەبینی؛ ڕۆژێکیان هەمان قوتابی بەبێ مۆڵەتی توێژەر دەچێتە هۆبەی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوەی دەرچوون؛ توێژەر لە لایەن سەرۆکی بەشەوە ڕاسپێردرابوو، نمرەکانی هەموو قوتابییەکان بە نهێنی لای خۆی هەڵبگرێت و تەنانەت پیشانی مامۆستاکانیشی نەدات؛ چونکە وەکخۆی دەیگوت: "متمانەم بە کەسیان نییە!"؛ بۆ چەند چرکەیەك، توێژەر لە ژوورەکە دەردەچێت و پێش دەرچوونی فایلی نمرەکانی دەخاتە ژێر جانتاکەیەوە کە لەسەر مێزەکەی دانابوو؛ هەمان قوتابی ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و بە دزیەوە دەچێتە ژوورەوە و جانتای توێژەر هەڵدەگرێت و فایلە نهێنییەکە دەکاتەوە و خەریك بوو بە دەستەکەی دیکەی بە مۆبایل وەکو جاران وێنەی لێ بگرێتەوە، کە توێژەر لەناکاو بەسەریدا ڕادەگات، هەر کە ئەو دیمەنە دەبینێت، تووشی هەڵچوونێکی لەڕادەبەدەر دەبێت و پیلی کچەکە دەگرێت و بە توندی پاڵی پێوە دەنێت و لە پێش چاوی چەند قوتابییەك لە ژوورەکە دەردەکات؛ وەکو قوتابییەك لە هەمان کاتدا گوتی:

"دکتۆر، تووڕەیی و ڕقەکەی ئەو سێ ساڵەی لە یەک چرکەدا بەسەر ئەو کچەدا ڕشت"(Q1)..

"هەرکەسێکی دیکە بێ، وەکو تیۆری میزڵدان کە دەڵێت میزڵدانەکە هەرچەندیش نەرم و لاستیکی بێ، بەرگەی ئەو هەموو زێدە هەوایە ناگرێت و لە کۆتاییدا هەر دەتەقێ، بە ڕاستی بێتامی کردبوو؛ دەمانزانی هەر فیتنەیەک دەنێتەوە."(Q13)

مامۆستایەکیش بە تەلەفۆن بە توێژەر دەڵێت:

"دەستەکانت خۆش بێ، باش لێت تێدەگەم کە چیت کێشاوە لەگەڵ ئەو کچەدا؛ نازانم بۆچی بەش ئەوندە پشتگیریی لێ دەکات؛ هەتا بڵێی بێڕێز و نەپەروەردەکراوە؛ بۆ زانیاریت بیستوومە کە لە ڕووی ئەخلاقیشەوە کێشەی هەیە؛ بە خوا، پارساڵ تووشی هەڵوێستێکی وەکو جەنابت بووم؛ ڕێک ئەوەی جەنابت کردت، من دەمویست وای لێ بکەم؛ بەڵام دوایی خۆم ڕاگرت و داومەتە دەست خوا."(M3)

هەر لەگەڵ ئەو ڕووداوە، یەکسەر تیمێکی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و بنەماڵەی ئەو قوتابییەش هورووژمیان بۆ مامۆستا و زانکۆ هێنا؛ بە هەوڵ و کۆششێکی فراوان و دیپلۆماسیانەی جێگری سەرۆکی زانکۆ، دۆسیەکە ئاشتیانە بڕایەوە. کاردانەوەی بەشێك لە قوتابییەکان بەم شێوازەی خوارەوە بوو:

"هەی دەستەکانت خۆش بێ دکتۆر گیان! ئاخ کە دڵم حەسایەوە!"(Q14).. "خۆزگە دەستی منیشی لەگەڵدابایە"(Q18).. "دەستەکانت خۆش بێ مامۆستا! زۆر پەشیمانم و شەرم لە خۆم دەکەمەوە کە برادەرایەتیی ئەویشم کردووە و لە زۆر شتدا بە گوێم دەکرد!"(Q6).. "ئێمە زۆر هەڵەبووین کە بووبووینە پێڕی ئەوان، تۆخوا چیتر حیسابی ئەوەمان بۆ مەکەوە!"(Q7).. "ئاگامان لەو کچە بوو کە پێش بچێتە ژوورەوە و پێش ئەو ڕووداوەیش، جنێو و قسەی زۆر نەشیاوی بە تۆ دەدا؛ سەرمان سوڕمابوو لە پەروەردە و نەزاکەتی ئەو قوتابییە"(Q4,Q10,Q11,Q12,Q15).. "بە خوا دکتۆر گیان، ئەگەر ئەو کچە ڕەفتارە توندەکەی تۆیشی کردبا، دیسانیش هەر تۆیان دەکردە ناهەق"(Q16).. "پێشبینییەکەت دروست دەرچوو دکتۆر، ئەوکات کە لە پۆلدا لەبەر غەشکردنی ئەو چوار کچە، عاجز بوویت و پێت گوتن ئەوەی غەش و گزی لە دەرسدا بکات، مسۆگەر دزیش دەکات؛ دوو هەفتە تێنەپەڕی کە هاتە سەر جانتایەکەیشت و دزیشی کرد"(Q2,Q14)

پاش دامرکانەوەی ئەو ڕووداوە، کچی خاوەنزانکۆ کە وەك دەڵێن هیچ پۆستێکی ئیدارەیشی نییە، دەچێتە ئەو بەشەی کە ڕووداوەکە لێی قەومابوو و لە سەرۆکی بەش داوای ڕاپۆرتێکی تایبەت دەکات و ئینجا هەروەك سەرۆکبەشەکە خۆی دەیگێڕێتەوە، پێی دەڵێت:

"ڕاپۆرتی ئەو کێشەیەم بۆ بەرزبکەنەوە و ئەو مامۆستایانەیش کە پشتی ئەو مامۆستایەیان گرتووە یان ئێستایش بەرگریی لێ دەکەن، نابێ یەک دەقەش لێرە بمێننەوە و فەوری ئەوانیش دەربکەن!"(K6,M1,M5)

بێسەروبەری و پەنجەرە شکاوەکانی ئەو زانکۆیە، تەشەنەی کردبووە هەموو لایەنێکی بەڕێوەبردن و ئیدارەی ئەو زانکۆیە؛ یەکێك لە قوتابییەکان بە توێژەر دەڵێت:

"دکتۆر گیان، کوڕە پلکم کە قوتابییە لە بەشی [...] و پلەیەکی بەرزی هەیە لە [...]؛ تەنانەت تاکە ڕۆژێکیش دەوامناکات، ڕۆژی تاقیکردنەوە بە سەیارەیەکی جامڕەش دێتە ناو حەوشەی زانکۆ؛ لە ژوورێکی تایبەتدا دایدەنێن و بە بیست خولەک پرسیارەکان وەڵامدەداتەوە و سواری سەیارەکەی دەبێت و دەڕواتەوە!"(Q11)

هەمان قوتابی دەڵێت:

"زانیاریمان لایە کە لیژنەی تاقیکردنەوە بە فەرمانی [...]، نمرەی 19 (نۆزدە)ی قوتابییەکی بۆ کردووەتە 91 (نەوەدویەک)! کارەساتە کارەسات!"(Q11)

قوتابییەکی دیکەیش دەڵێت:

"بیستوومانە کچێکی هونەرمەند (گۆرانیبێژ) بە ناوی [...] لە ئەڵمانیا دەژییێت، لێرە بە قوتابی وەریانگرتووە، بێئەوەی دەوام بکات!"(Q15)

قوتابییەکی دیکەی قۆناغی چوار بە توێژەر دەڵێت:

"لە قۆناغی دوو، من لە وانەی [...] کەوتبووم و دەبا لە خولی دووەمدا دووبارە تاقیکردنەوەم کردبا، بەڵام پێیان نەکردم و بۆ قۆناغی سێ و ئینجا چواریش دەرباز بووم؛ ئێستا کە خەریکی تاقیکردنەوەی فاینالی کۆتا ساڵین، پاش ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی بەش تووشی دەمەقاڵێ بوومەوە کە بۆچی ئەو کچەتان دەرنەکرد، یەکسەر هەڵدەچێت و پێم دەڵێت: ئەی تۆ خۆت کچ نیت؟ چۆن پشتگیری لە پیاو دەکەی؟ کچ ئەگەر هەڵەیش بکات، دەبێ هەر پشتی بگری!... ئینجا پێم دەڵێت: تۆ لە کۆرسی دووەمی قۆناغی دوودا،

لە وانەیەک کەوتبووی و دەبێ ئێستا ئەو ئیمتحانە بدەیتەوە!.. ئاخر چۆن دەبێ ئیمتحانێک کە دوو ساڵ (واتە چوار کۆرس) بەسەریدا تێپەڕیوە، ئێستا لێم نوێبکەنەوە؛ ئەی ئەو هەموو ساڵە بۆ پێیان نەدەگوتم؟ ئەگەر وایە، چۆن هێشتوویانە من ببمە قۆناغی سێ و چوار؟"(Q18)

هەمان قوتابی لەگەڵ باوکی دەچێتە لای سەرۆکی زانکۆ و ئاگاداری کێشەکەی دەکەنەوە و هەروەك خۆی دەگێڕێتەوە، سەرۆکی زانکۆش زۆر بە ڕێزەوە بە قوتابییەکە دەڵێت:

"پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت؛ هیچ کێشەت نییە و زۆر ئاسان چارەی دەکەین؛ وەرە هەروا ئیمتحانێک بدەرەوە و هەر شتێک بۆ خۆت بنووسە، خەمت نەبێ ناجحت دەکەین؛ بەس با ڕۆتینی ئیداری تێپەڕێنین و سبەینێ کەس نەڵێت ئیمتحانی نەداوە!"(Q18)

وەك قوتابییەکە دەگێڕێتەوە، بەڵێنەکەیان بردە سەر و شوکر بۆ خوا لەو دەرسەیش ناجح کرا!(Q18)

قوتابی دەهاتە پۆل، هیچ دەفتەر و قەڵەم و کاغەزێکی پێ نەبوو؛ توێژەر جارێك کویزێکی پێکردن، زۆرێکیان نە کاغەزێکیان پێ بوو و نە پێنووس و، ناچار بوون لە هاوپۆلەکانیان وەربگرن؛ کاغەزی بەهێڵیان لە دەفتەر دەکردەوە و دەیانکردە سێ پارچەی نارێك وەکو کاغەزی نووشتە و جادۆ و لە بەینی خۆیاندا دابەشیان دەکرد! بەڵام قەڵەم بەشی هەموویانی نەکرد، ناچار بوون بچنە ئۆفیس قەڵەم بهێنن! کچەکان جانتایەکی پڕ کەرەستەی مکیاج و مۆبایلێك و هەندێ کەس دوو مۆبایلیان پێ بوو؛ کوڕەکانیش مۆبایل و، هەندێکیان سویچی سەیارە و چاویلکە و هەندزفری و هەندێکیشیان پاکەتی جگەرە یان جگەرەی ئەلکترۆنییان پێ بوو؛ هیچ بە قوتابیی زانکۆ نەدەچوون؛ بە دەگمەن یەکێك کتێبێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا، ئەوەیشی دەیهێنا، تەنها بۆ خۆدەرخستن بوو، بۆ ئەوەی بڵێت من خوێنەرم؛ کەچی کە لێت دەپرسی: ئەو کتێبە باسی چ دەکا؟ دەیگوت وەڵڵا هێشتا نەمخوێندووتەوە و دامناوە بیخوێنمەوە!

هەر کە دەبووە نزیکی تاقیکردنەوەکان، هەندێ لە قوتابیان خۆیان لەو مامۆستایانە نزیك دەکردەوە کە وانەکەیان قورس بوو، دەترسان بکەون؛ بە جۆرەها ڕێکار بۆ نموونە دەعوەتکردن بۆ خواردنێك دەیانویست مامۆستا نەرمییەکیان لەگەڵدا بنوێنێت، یان پرسیار، یاخود نمرەیان پێ بدات و دەریانبچوێنێت.

ئەگەر قوتابییەك دەرنەچووبا، لە هەموو لایەکەوە گوشاری بۆ دەهێنا و چەندین واستەی دەکرد؛ بۆ نموونە هەروەك بۆ توێژەر خۆی ڕووی داوە، هەندێك لە کەوتووەکان خۆیان دەگەیاندە خێزانی مامۆستا یان برادەری نزیکی کە لە مامۆستا بپاڕێنەوە و دەرجەکەیان بۆ چاکبکاتەوە و لە کەوتن قوتاریان بکات.

توێژەر، بە دوو ڕاپۆرتی جیا لە دوو ڕێکەوتی جیادا (یەکەمیان ساڵی 2021 و دووەمیشیان لە ساڵی 2022دا)، سەرۆکی زانکۆ لەو کەموکووڕی و بێسەروبەری و گەندەڵیانە ئاگاداردەکاتەوە؛ لە وەڵامی ڕاپۆرتە دواییەکەیدا، لە دانیشتنێکدا پێی دەڵێت: "ئەو شتانەی کە نووسیوتە گرنگن، بەڵام ئێستا کاتی بەسەر چووە و دەبا لە کاتی خۆیدا پێت گوتباین؛ کێشەیەك کە تایبەتە بە پارساڵ یان کۆرسی یەکەم، ماوەی بەسەر چووە و هیچی لەگەڵدا ناکرێ". قوتابییەکی قۆناغی چواریش دەچێتە لای سەرۆکی زانکۆ، باسی گەندەڵییەکی گەورەی بەش دەکات کە بووبووە هۆی تێکەوتن و خورانی مافی قوتابییەکە و، داوای لێ دەکات بۆی چارەسەر بکات، لە وەڵامدا پێی دەڵێت: "بۆچی زووتر بۆ نموونە 10 ڕۆژ لەمەوبەر واتە کاتی گفتوگۆی نامەی دەرچوون، نەهاتی و ئەو شتانەت پێ نەگوتم؟ مادام وایە بابەتەکە لای من ئکسپایەر بووە" ؛ بەڵام (Q14)

لە کێشەیەکی نێوان قوتابی و مامۆستایەکی خۆیاندا، کە نامە تایبەتەکانی هاوینی ساڵی 2020ـی نێوانیان، پاش دوو ساڵ بە مەبەست بۆی دەنێرن، بە ئکسپایەری لەقەڵەمنادات و بابەتەکە زیندوو دەبێتەوە و ماوەی دوو هەفتە مانۆڕی لەسەر دەدەن، کەچی ئەو بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە زانکۆ و پرۆسەی خوێندن و ئیدارەیشەوە نەبوو.

لەکاتی کۆکردنەوەی داتادا، توێژەر بۆی دووپاتبووەوە کە هۆکاری گزی و غەشکردنی سیستەماتیک لەو زانکۆیەدا، هەر لە سەرۆکایەتیی زانکۆوە بۆ قوتابییەکان شۆڕدەبێتەوە؛ چاوپۆشی و خۆبێدەنگردنی ئیدارە لە گزی و غەشکردنی قوتابیان، بۆ خاڵی لاوازی خۆیان دەگەڕێتەوە؛ فەرمانبەرێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و مامۆستا و کادیرێکی ئیداریی زانکۆی XYیش بۆ توێژەریان گێڕایەوە کە نامەیەکی هۆشداری لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی XY نێردراوە و ئاگاداری کردوونەتەوە کە ئاگایان لە گزییەکان هەیە کە چۆن دەستیان بردووەتە ماڵپەڕی زانکۆ و، دەستکارییان کردووە بۆ ئەوەی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵای وا دەربخەن کە ژمارەی بینین و ڤیۆی سایتی زانکۆ بۆ بابەتی خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئەو توێژینەوانەی لە سایتەکەیاندا دانراون، زۆرن و بەم شێوەیە خاڵی زیاتری پێ وەربگرن (M5,K5.)

توێژەر لە فۆکۆسێکی گرووپیی 12کەسیدا، (توێژەر خۆی و 11 قوتابی) ئەو زانیارییانەی خوارەوەی تۆمارکردووە:

"بە داخەوە ئەو زانکۆیە تەنها بووەتە کارگەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی بڕوانامەی بێکەڵک؛ بەش بە حاڵی خۆم لەو چوار ساڵەدا هیچ فێرنەبووم".. "ئێمەیان هەر لە سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنەوە وا ڕاهێنا تەنها بیرمان لای بڕوانامە بێت، نەک زانست".. "ئێمەی قوتابی دەمانەوێ بە ئاسانترین شێوە و بەبێ ئەوەی هەوڵ و کۆششێکی جدی بدەین و بێ ئەوەی ماندووببین، بڕوانامەکەی بەدەستبهێنێت؛ ئێمە

هەمیشە لایەنی ئابووری بە پێش لایەنی هزرییەوە دەخەین؛ ئەوە هەر ئەو دواکەوتوویی کلتوورییەیە کە بۆ ئێمەت باسکردووە؛ زانکۆ بەرهەمهێنەری ئەم دواکەوتووییەیە؛ چونکە ئێمە زانکۆکەمان تەنها بینای بە زانکۆ دەچێ، کەچی لە ناوەرۆکەوە زۆر لاوازە و هیچ بە شوێنی خوێندن ناچێ".. "ئەوەی من دەمەوێ لەم قۆناغەدا بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکە، تا دوایی بڵێم بڕوانامەیەکم هەیە و خۆمی پێ هەڵبکێشم؛ بەدەر لەمە هیچ ئامانجێکم نییە لە زانکۆ؛ چونکە باش دەزانم دوای دەرچوونیش دانامەزرێم، ئەگەر ئێستایش کارێکی باشم دەست کەوێت، بەبێ دوودڵی واز لەو زانکۆیە دەهێنم و بۆ خۆم کار دەکەم؛ بۆیە هەرچۆنێک بێت ئەم چوار ساڵە بەڕێدەکەم و دوای زانکۆش هەوڵدەدەم کارێکی وا بدۆزمەوە کە بتوانم ژیانم بەڕێوەببەم".. "کاتێک قوتابی هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت و زانکۆ نەبێت بە دەریچەیەک بۆ گەیشتنی قوتابی بە حەز و خولیاکانی، ئەوا ئەو ژینگەیە بەهایەکەی لەدەستدەدات و تەنیا دەبێتە ئامرازێک بۆ ڕابواردن و کاتبەسەربردن و لە کۆتاییدا وەرگرتنی بڕوانامەیەکی بێنرخ کە هیچ بەهایەکی زانستیی نییە و، ئەو ژمارە قوتابییەی ساڵانە لە زانکۆ دەردەچن و دێنە نێو کایەکانی کۆمەڵگاوە، تەنیا دەبنە بارگرانییەک بەسەر حکومەت و ئابووریی کۆمەڵگاوە".. "ڕاستییەکەی ئەو بەشەم بۆ خوێندن هەڵبژاردووە، چونکە نرخی خوێندنی سەرەتا هەرزانترینیان بوو، دوایی گرانیان کرد".. "پێش کە بێم بۆ ئەم زانکۆیە، هەمیشە کەسێکی گەشبین بووم، هەرچەندە کەسەکانی دەوروبەرم بەردەوام دەیانگوت زانکۆکە هیچ باش نییە، خۆزگە نەهاتباینە ئێرە، بەڵام بەردەوام باوەڕم وابوو دەتوانم خۆم، پێبگەیێنم؛ چونکە حەزم لە خوێندن بوو، بەڵام بە داخەوە ئەو زانکۆیە حەزکەی منیان کوشت و ئیستاش لەوپەڕی پەشیمانی و بێهواییدام".. "دوای دەرچوونیشم لەو زانکۆیە، ناتوانم بە خۆم بڵێم پسپۆڕ؛ بەداخەوە ئەو زانکۆیە ژینگەیەکی لەبار نەبوو بۆ پێگەیاندن و وەرگرتنی زانست، لە ماوەی تەمەنی خوێندنمدا تەواوی زانستەکەم لە چەند مەلزەمەیەکی بێناوەرۆک کورت دەبووەوە؛ ئەویش تەنها بۆ دەرچوون لە قۆناغەکانی خوێندن بوو، هیچی دیکەی لێ فێرنەبووم؛ ئەمەش مانای وایە نە لێهاتووییەکم لە بوارەکەمدا هەیە، نە بە دوای سەرچاوە زانستییەکاندا گەڕاوم تا زانستی خۆمی پێ دەوڵەمەند بکەم؛ دەرچووانی ئەو زانکۆیە و زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بە دەگمەن نەبێ، کەسانی کاریگەر و پسپۆڕ و لێهاتوو و شارەزایان لێ دەرناچێت."

نموونەیەکی هەرەزیندوو کە توێژەر خۆی تێدا بووە، جارێکیان توێژەر کە گەیشتە زانکۆ، وا دەبینێت ژووری سەرۆکبەشی و چەند قوتابییەکی ئەو ITقەرەباڵغە و خەریکی چاککردنەوەی کۆمپیۆتەری ئەو بەشەن؛ تەنانەت تەکنیشنی بەشی بەشەی زانکۆکە دوای چەند سەعاتێك هەر پێیان چاك نەکراوەتەوە؛ ئیدی بەنیاز بوون کۆمپیوتەرەکە بنێرن بۆ شەقامی سوڵتان موزەفەر لەوێ چاکیبکەنەوە؛ توێژەر زۆری بە لاوە سەیر دەبێ چۆن بەشی ئای تی بایی ئەوەندە زانستەیان لەباراندا نییە کە کێشەیەکی وا چارە بکەن، کە توێژەر بە چارەکە سەعاتێك بۆی چاککردنەوە؛ سەرەڕای ئەوەی کە توێژەر دەرچووی ئەو بەشە نییە.

هەموو تێبینییەکانی توێژەر، سەلمێنەری ئەو ڕاستی و واقیعەیە کە لەو زانکۆیەدا ئەوەی گرنگ نەبووە و نییە، زانست و مەعریفەیە و بە پێچەوانەوە گرنگییەکی تەواو بە شتی دوور لە زانست و خوێندن دەدات؛ وەکو: ڕێوڕەسمی دەرچوون و ڕۆژی ئاڵا و جلی کوردی و گەشت و سەفرە و وێنەی دەرچوون و هتد. هەرهەموویان بە مامۆستا و قوتابی و ئیدارەوە، بە بەهانەن و لە خوایان دەوێت بۆ ئەوەی ڕۆژێك کە تەنانەت حکوومەتیش نەیکردووەتە پشوو، ئەوان بیکەن بە پشوو. توێژەر، لە تاقیکردنەوەی میدتێرمدا، پرسیارێکی چوارەوەڵامەی هێنابووەوە، لە نێوان گشت 37 قوتابیدا (بەیانیان 20 قوتابی و ئێوارانیش 17)، تەنها دوو کەسیان وەڵامی دروستیان هەڵبژاردبوو، کەچی ڕۆژانە ئەو نموونە زیندووانە لە وانەکانیدا بەردەوام بۆ قوتابیانی دەهێنایەوە و شرۆڤەیان دەکرد؛ لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی پرسیارەکە واقیعەکەی ناو زانکۆی وێنا دەکرد، لێرەدا دەقەکەی وەك دۆکیۆمێنتێك دەخەینەڕوو:

**پرسیار:** ڕۆژی 2022/3/10 قوتابیانی قۆناغی چواری زانکۆی XY بە بۆنەی دەرچوونیانەوە ـ کە هێشتا مسۆگەریش نەبووە! ـ ئاهەنگێکی گەرموگوڕ دەگێڕن؛ بە ئامادەکاری و ماندووبوونێکی پێشوەختە، لە کڕینی جلوبەرگی تایبەتەوە بیگرە، تاکو ڕۆیشتن بۆ ساڵۆن و ئارایشتکردن، کات و وزە و، پارەیەکی زۆریش سەرف دەکەن؛ کەچی هەمیشە بۆ پێدانی قیستەکان کێشەیان هەبووە و هەیانە؛ بۆ تاقیکردنەوەکانیش هەرگیز ئەو گەرموگوڕییەیان نەبووە؛ لە ئاهەنگەکەدا، هەریەکەو ئەندامانی خێزانی بانگهێشت کردبوو؛ لە حاڵێکدا یەک جار

نەبووە، دایک و باوک یان برای قوتابیان بۆ بەدواداچوونی ڕەوشی خوێندنی قوتابییەکەیان بێنە زانکۆ! لە ڕێوڕەسمی وێنەگرتنیشدا، سەرۆکی زانکۆ و تاقمە ئیدارییەکە لەگەڵ قوتابییەکاندا وێنە دەگرن؛ کەچی هەرگیز لە کاتی وانەگوتنەوەدا سەردانی پۆلێکیان نەکردووە کە چ دەخوێنن و چۆن دەخوێنن؛ لە حەوشەی زانکۆدا، کتێبفرۆشێک چەند کتێبێکی ڕیز کردبوو بۆ فرۆشتن؛ قوتابییەکان هەموویان بە تەنیشتیدا تێدەپەڕین، وەک بڵێی هەر نایبینن! بەڵام بۆ نیوەڕۆ، زۆرێک لە قوتابییەکان داوای خواردنی سەفەرییان کردبوو بە دیلیڤیری بۆیان دەهات!.. پاش تەواوبوونی ئاهەنگەکە، ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ، هەروەها پێش نوستن، زۆربەیان ـ هەروەک بۆ مامۆستاکەیان دەیانگێڕایەوە ـ بە دڵێکی ناخۆش و خەفەتەوە چوونە ناو جێگا و بیریان لەوە دەکردەوە کە ئاخرەکەی چی؟! وەک بڵێی ئامانجەکەیان نەپێکابێت و ئەوەی کە چوار ساڵە چاوەڕوانی بوون، بینییان و تێپەڕی.. شەوەکەیان بە نارەحەتی و خەمەوە تێپەڕاند... ئەم تێکستەی سەرەوە، گوزارشت لە کام لەو تیۆرە هاوچەرخانەی خوارەوە دەکات؛ تەنها یەکێکان ڕاستە هەڵبژێرە:

**a)** (تیۆری مارکسیزم کە باسی هەژمۆنی سیستەمی سەرمایەداری دەکات چۆن قوتابییەکان دەکەونە ژێر سایە و هەیمەنەی ئەو سیستەمەوە و گیرفانیان پێ پڕتر دەبێت)؛ (هەروەها تیۆری سایبێرنتێکی سیستەمەکانی پارسۆنز کە باسی هاتوچۆی وزە و زانیاری دەکات لە نێوان وردەسیستەمەکاندا؛ چونکە ئەوەندەی کە گرنگی بە ڕواڵەت و جلوبەرگ و چۆکلێت و چەپکەگوڵ و خواردن و وێنەگرتن و بەگشتی لایەنە ماددییەکە دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە خوێندن و مەعریفە و وانە و کتێب نادرێت).

**b)** (تیۆری ئەنۆمیی میرتۆن کە باسی ناهەوسەنگیی نێوان ئامانج و ئامراز دەکات؛ قوتابییەکان نەگەیشتوونەتە ئامانجیان، بۆیە ئێوارەکەی ئەو ڕۆژە دڵیان توند بووە و تووشی خەمۆکی بوونە)؛ (هەورەها تیۆری شیکردنەوەی ئەرکیی میرتۆن کە باسی ئەرکی ئاشکرا و ئەرکی شاراوەی سیستەمەکان دەکات؛ ئەرکی زانکۆ فێرکردن و پێدانی بڕوانامەی ئەکادیمییە، نەک ئاهەنگگێڕان و وێنەگرتن و فەشێن و خۆدەرخستن؛ وەک بڵێی ئاهەنگی شاجوانی زانکۆ گیرابێت).

**c)** (تیۆری شانۆی ئێرڤینگ گافمەن کە باسی ڕۆڵنواندنی قوتابیان دەکات کە چۆن وەک ئەکتەرێکی سینەمایی ڕۆڵ بگێڕن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوانی زەینی دروستبکەن بۆ بەرچاوی بینەران و ئەوانەی کونتاکتیان پێوە دەکەن)؛ (تیۆری کارلێکگەرایی هێمایی هێربێرت بلۆمەر، کە ئاماژە بەوە دەکات قوتابییەکان بەو جلوبەرگ و ڕەفتاری نائاکادیمیکەوە، هێما و کۆد و پەیامێک بۆ لایەنی بەرانبەر دەنێرن، کە ئەو کۆد و پەیامە، بە جوانی ناخوێندرێتەوە و دیکۆدینگ ناکرێت و لایەنی بەرانبەر وەک پێویست لەو پەیامە تێناگات؛ بۆیە پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە، قوتابییەکان تووشی دڵساردی و بێهیوایی بوونە)؛ (تیۆری پۆستمودێرن، کە فشە و گاڵتەی بە هەموو دەستکەوتی مودێرنێتە دێت و بە توندی بەگژیدا دەچێ؛ یەکێک لە دەستکەوتەکانی مودێرنیتەش ئەوەیە کە ناشیرینترین ڕوخساری مرۆڤ، بە کەرەستەی جوانکاری، جوان دەربخات و لایەنی بەرانبەر هەڵبخەڵەتێنێت).

**d)** (تیۆری ڕەخنەگەرایی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە باسی بەماددیبوونی کولتوور و بەکاڵابوونی مرۆڤ دەکات کە چۆن سیستەمە باوەکەی سەرمایەداری بە هەژمۆنی خۆی بە هەندێک پاداشتی وەک ئاهەنگگێڕان و وێنەگرتن و خۆڕازاندنەوە، مارکتینگ دەکات و درێژە بە دەسەڵات و بازاڕی خۆی دەدات)؛ (تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی ڕیچارد ئەندرسۆن، کە باسی دانوستانی کۆمەڵایەتی دەکات؛ قوتابییەکان کات و پارەیەکی زۆریان سەرفکردبوو بۆ بۆنەیەکی تایبەت کە ئەویش دەرچوونیانە؛ کەچی یەکەم، هیچ دیار نییە دەربچن؛ دووەم، بەرانبەر بەو هەموو ماندوویەتی و ڕۆڵنواندن و شەونخوونی و خەرج و مەسرەفە زۆرەدا، ئەوەی چاوەڕوانی بوون، پێیان نەبەخشراوە؛ بۆیە دڵگران و خەمبار بوونە).

تاقیکردنەوەکە، 10 پرسیاری هاوشێوەی سەرەوەی تێدا بوو؛ لەبەر ئەوەی قوتابییەکان لە منداڵییەوە ڕاهێنراون کە وانەکان ئەزبەر بکەن نەك لێی تێبگەن، کە تووشی ئەو چەشنە پرسیارانە دەبنەوە، وەکو خۆیشیان باسی دەکەن، مێشکیان

جام دەکات و نازانن لێکی جیا بکەنەوە؛ بۆیە لەو تاقیکردنەوەیەدا، تەنانەت یەك قوتابیش دەرنەچوو و هەرهەموویان کەوتن! ئینجا قوتابییە هەرە باشەکەیان کە یەکەمی بەش بوو، بەڵام خۆیشی لەو تاقیکردنەوەیەدا کەوتبوو، بە توێژەر دەڵێت: "دکتۆر! کچەکەم خۆی مامۆستایە، دەڵێت: ئەگەر لە تاقیکردنەوەیەکدا ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان کەم بێ، ئەوا مامۆستا خەتابارە نەك قوتابی و، لە خاڵەکانی مامۆستا کەمدەبێتەوە."(Q1)

**4. بەکاڵابوونی خوێندنی باڵا (زاڵبوونی پارە و قازانجی ماددی بەسەر زانست و سوودی مەعنەویدا):**

لایەنێکی دیکەی پەنجەرە شکاوەکانی ئەو زانکۆیە، کە هەم هۆکارە و هەم ئەنجام و، خۆی بەرهەمی بێسەروبەرییەکانی پێشوویە و بەرهەمهێنیشیانە، بەکاڵابوونی خوێندن و زاڵبوونی پارە و قازانجی ماددییە بەسەر زانستدا. لەبەر ئەوەی ساڵانە ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو لەو زانکۆیەدا کەمدەبێتەوە، ئیدارەی زانکۆ کە لەسەر بنەمای قازانجی ماددی دامەزراوە، ناچارە چەند ڕێکارێکی گونجاو لە بواری بازرگانی و وەبەرهێناندا بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی بە پێوەری قازانجە ماددییەکەی جاران، تووشی زیان و مایەپووچی نەبێتەوە؛ ئەو ڕێکارانە، بە پێی تێڕوانینی توێژەر، نیشانە و بەڵگەی بەکاڵابوونی خوێندنی باڵان و ئاکامی زاڵبوونی لایەنی بازرگانییە بەسەر لایەنی زانستییەوە؛ واتە پارە، قسە و بابەتی حاشاهەڵنەگری یەکەم و ئاخرە؛ ڕێکارەکان، لە دوو هەنگاوی خوارەوەدا جێبەجێدەکرێن:

- **کەمکردنەوەی خەرجییەکان:**

- دەرکردنی ژمارەیەکی زۆری مامۆستای هەمیشەیی و کاتی و سپاردنی چەند وانەیەك بە یەك مامۆستا بۆ یەك قۆناغ و یەك پۆل، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بۆشاییی مامۆستاکانی دیکەی پێ پڕبکەنەوە؛ هەروەك فەرمانبەرێك دەڵێت: "سەرۆکایەتیی زانکۆ هەوڵدەدات بەشی [...]، تەنها بە دوو مامۆستای هەمیشەیی، سەرجەم وانەکان پڕبکەنەوە."(K8)
- سپاردنی چەند پۆست و ئەرکێك بە یەك کەس؛ زۆرترین کار لە کەمترین فەرمانبەر دەکێشن؛ فەرمانبەریان هەیە کە جگە لە مامۆستایەتی، بۆ ئەوەی بە یەك مووچە چەندین کار پێکەوە ڕاییبکرێن، چەند کاری ئیداریی دیکەشیان پێ سپاردووە؛ بۆ نموونە: مامۆستایە، سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوەیە، ئەندامی لیژنەی زانستیی بەشە، بەڕێوەبەری مەشقی هاوینانە، سەرۆکی دەستەی جێندەرە، چاودێری تاقیکردنەوەکانی قوتابیانی بەندکراویشە! یان ئەو پاکەوانە بەنگلادیشییە، لە کاتی تاقیکردنەوەکان دەیانکردە پاسەوانی پشکێنەری دەرگای هاتوچۆی سەرەکیی کۆلێژیش، بۆ ئەوەی ئاگای لە دەرگایەکە بێت و لێ نەگەڕێت هەموو کەسێك بچێتە ژوورەوە؛ ئەمە جگە لەو کارەیشە کە وەك کۆگاوانێك سەردانی بەشەکانی زانکۆی دەکرد و بۆ نموونە جاربەجار کارتۆنی ئاوی خواردنەوەی بەسەر بەشەکاندا دابەشدەکرد و بە مامۆستا و فەرمانبەرانی ڕادەسپارد کە کەمتر ئاو بخۆنەوە، با مەسرەفیان گران نەبێ! بەرپرسێکی ئیداری دەڵێت: "ئێمە چوار پۆست و چوار ئەرك، بە یەك فەرمانبەر ڕادەسپێرین."(K5)
- ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەیش کە دامەزراون، هەتا بکرێت، ساڵانە مووچەیان لێ کەمبکرێتەوە؛ یان مامۆستای گەنج و تازەپێگەیشتی و کەمئەزموون وەربگرن، بۆ ئەوەی بە کەمترین مووچە ڕازی بن و لە لایەکی دیکەوە، بۆشاییە ئیداری و مەرجە ڕواڵەتییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایشی پێ پڕبکەنەوە؛
- دەرکردنی فەرمانی دابەشکردنی قوتابیانی قۆناغی چواری هەموو بەشەکانی زانکۆ بە گرووپی چوار کەسی (تەنانەت هەندێ حاڵەت پێنج کەسی) و نووسینی یەك توێژینەوەی دەرچوون پێکەوە؛ بۆ ئەوەی ژمارەی سەعاتی مامۆستای چاودێر و لیژنەی گفتوگۆکردنیان بگاتە کەمترین ڕێژە و لە ئەنجامدا کەمترین پارەیش سەرفبکرێت؛
- لێکردنەوەی تابلۆی سەری کۆڵانەکەی زانکۆ، بۆ ئەوەی ناچار نەبێ کرێی تابلۆکە بدەن بە شارەوانی (بەڵام لەگەڵ نەمانی ڕێنمایی وەزارەتی شارەوانی سەبارەت بە کرێ و باجی تابلۆکان، ئێستا تابلۆی زانکۆ دووبارە لێ دراوەتەوە)؛
- کەمکردنەوەی پارەی ئەو توێژەرانەی کە توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارەکەی زانکۆدا بڵاودەکەنەوە؛
- بڕینی سلفەی چاپی کتێب و چاپنەکردنی هیچ کتێبێکی دیکە کە جاران زانکۆ چاپی دەکرد؛
- بڕینی سلفەی چا و شەکر و قاوە و کلینێکس و قورتاسییەی بەشەکان؛ ناچار فەرمانبەر و مامۆستا بە خۆیان دابینیاندەکرد؛ کەچی، بنەماڵەی خاوەنی زانکۆ، خاوەنی کۆمپانیای هاوردەکردنی چایەکی بەناوبانگن کە تەنانەت بۆ ڕیکلامی چایەکەش بووبێ، دەیانتوانی چایەکی سەفەری بدەنە بەشەکان؛
- هۆشداریدان بە مامۆستایان بۆ ئەوەی چیتر مەلزەمەی ئەلکترۆنی (pdf, word, PowerPoint) لە ڕێگە ئۆنلاینەوە بە قوتابیان نەدرێت، بەڵکو بیدەنە پەڕاوگەی زانکۆ، تاکو قوتابی ناچار بێت لەوێ هاردکۆپییەکان بکڕێت؛
- دەرکردن و گۆڕینی فەرمانبەرانی پەڕاوگە بەو پاساوەی ئەو داهاتە چاوەڕوانکراوەی ئیدارە ناگەڕێننەوە؛
- ناچارکردنی مامۆستا بەوەی کە لەسەر حیسابی گیرفانی خۆی ماجیك و قورتاسییەی تایبەت بە کۆپیکردن و ڕاکێشانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی قوتابیان دابینبکات؛
- دابیننەکردنی کلینێکس و سابوون بۆ ئاودەست و دەستشۆرەکان؛
- بەخشینی خەڵاتێکی هەرزان وەکو پێنووس و دەفتەری ساڵنامە بە قوتابییە یەکەمەکانی زانکۆ.

مامۆستایەك کە ئەرکی ئیدارییشی هەبوو، بۆ توێژەری دەگێڕایەوە:

"لەو زانکۆیەدا بەس ئاوی خواردنەوەمان پێ دەدەن؛ ناچارم چا و شەکر و تەنانەت کتریی ئاوکوڵاندن لە ماڵەوە بهێنم؛ چەند ساڵە داوای UPSێک دەکەم، بۆم ناکڕن؛ حبری پرینتەر شێت دەبێت تا بۆت دەکڕن؛

[...] سەرۆکی لیژنەی تاقیکردنەوەکان ناچار بوو، بۆ ڕاکێشانی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان حبری پرینتەری ژوورەکەی من ببات."(M1)

مامۆستایەکی دیکەش دەڵێت: "زانیاریم هەیە کە خاوەنی زانکۆ لەسەر پێنج هەزار دینار، دەوەدەوی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی دەکرد و لەسەر ئەو بڕە پارانە دەیخستە ناو گوشارێکی وادا، ناچار بوو واز لە پۆستەکەی بهێنێت."(M4)

- **زیادکردنی داهات:**

- گەورەکردن و پەرەپێدانی خواردنگە و کافتریا؛ بە کافتریایەك ڕازی نەبوون، کردیانە دوو کافتریا؛ چونکە دەیانبینی کە کافتریایەك شوێنی ئەو هەموو قوتابییەی لێ نابێتەوە؛ توێژەر بەردەوام دەیبینی کافتریاکان زۆر قەرەباڵغتر بوون لە هۆبەکانی خوێندن؛ ئەو کەسەی وەبەرهێنەر و بازرگان بێت و ئەو دیمەنانە ببینێت، دەزانێت کە بازاڕ لە چیدایە؛ مادام قوتابی ئەوەندە لە خەمی سکیدا بێت، کەی دەپڕژێتە سەر خوێندن و کتێب و زاخاودانی مێشك؛ گرنگیدان بە مەعیدەیش، واتە داهاتی زیاتر و پڕکردنی خێراتری گیرفان؛ بۆیە پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی کافتریا و خواردنگەیان پێ ژیرانەترە لە کردنەوە و پەرەپێدانی کتێبخانە و تاقیگە!
- گرانکردنی نرخی خوێندن و توندکردنەوەی ڕێکاری وەرگرتنی قیستەکان، بە تایبەت لە کاتی تاقیکردنەوەی میدتێرم و فاینالْدا.

جارێکیان لە کاتی تاقیکردنەوەی میدتێرمدا، توێژەر لەسەر پەیژەکانی بەش دەگاتە بەرپرسێکی باڵای ئیداری و پاش سڵاو و چاکوچۆنی لە گفتوگۆیەکی زۆر کورتدا، لە سیستەمی تاقیکردنەوەی میدتێرم، بەگلەیی بوو و گوتی: "پێم وایە پێویستی نەدەکرد ئیمتحاناتی میدتێرم ئەوەندە جدی وەربگیرێن؛ خۆ ئیمتحاناتی فایناڵ نییە؛ کەی میدتێرم، ئەوەندە زەبتوڕەبتەی ؛ ئینجا قسەی توێژەر دووپاتدەکاتەوە و دەڵێت: "دیارە! بۆیە وا توندیان کردووە، نەکا قوتابی قیستەکەی (K3) پێویستە؟" (K3)زوو نەهێنێ؛ ئێستا لە ترسی بێبەشکران لە ئیمتحان ناچارە بیدات!"

هەربۆیەش، گرنگ ئەوە بوو قوتابی قیستی خوێندنەکەی بەوەخت و کامڵ بدابا، بابەتی دیکەیان پێ گرنگ نەبوو؛ تەنانەت چاوپۆشییان لێ دەکرد؛ وەکو کەمتەرخەمی لە هاتن و لە خوێندندا و، غەش و گزیکردن. توێژەر خۆی لەبەر ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە، ئیمانی بە سیستەمی حزوور و غیابی قوتابیان نەبوو؛ هیچ قوتابییەك لەسەر هاتن و نەهاتن و غەش و قۆپیەکردن سزانەدەدرا؛ تەنانەت حاڵەتی وا هەبووە کە مامۆستایەك غیاباتی زۆر جدی وەرگرتبوو و ڕاپۆرتی قوتابییەکی کچی بەرزکردبووەوە و ئەمری فەسڵی دەرچووبوو، بەڵام لە هەمان ڕۆژدا ئەمرەکەیان هەڵوەشاندەوە؛ لەوەیش سەیرتر، ئەو کچە کە لە شوێنێکی گرنگیشدا فەرمانبەر بوو و پێی نەدەکرا لە هەموو وانەکاندا ئامادە ببێت، کەچی مامۆستای وانەیەکی هیچ جارێک ناوی بە غیاب نەنووسیبوو؛ ڕێک هەر ئەو ڕۆژانە، لە وانەی مامۆستایەکی دیکەدا غیابەکەی ئاماژەی پێ درابوو و ناوەکەی گەڕابووەوە! لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی توێژەر هیچ کات حزوور و غیابی قوتابیانی نەدەکرد، بەڵام ناوی چەند قوتابییەك کە بەردەوام لە دەرسی توێژەردا ئامادە بوون، لە لیستی کۆتا سەرۆکی بەش خۆی بە توێژەر دەڵێت:!هۆشداریدا هاتبوویەوە کە غیابی درێژخایەنیان هەبووە

"ئەو کۆتا هۆشدارییەی کە بۆ چەند قوتابییەکی ئێوارانم دەرکردووە، تەنها بۆ ترساندنیانە، ئەگینا کێمان فەسڵکردووە کە ئەوانە دووەم کەس بن!"(K6)

هەر ئەو سیستەمە بازرگانییە زاڵەیە کە وەکو خوێن لە هەموو شادەمار و دەمارەکانی ئەو زانکۆیەدا هاتوچۆ دەکات و هەژمۆنی خۆی بەسەر خاوەنی زانکۆ، فەرمانبەران، مامۆستایان و قوتابیاندا سەپاندووە و لە هەموو بوارێکیدا ڕەنگی داوەتەوە:

بەکاڵابوونی خوێندن و ئامانجی ماددی، وا لە "خاوەنی زانکۆ" دەکات، بۆ دەستکەوتی ماددیی زیاتر بۆ خۆی و کۆمپانیاکەی تێبکۆشێت؛ کەس ناهەقیشی ناگرێت ئەگەر سەرەتای ساڵ، سەرەڕای خۆتۆمارکردنی 15 قوتابی بۆ خوێندن کۆمەڵناسی، وەك قۆناغی یەکەم وەریاننەگرێت و ئەو بەشە بە نەزۆکی کۆتایی پێ بێت؛ چونکە کردنەوەی لە بەشی هۆبەیەکی 15 کەسی، خەرجییەکەی زیاترە لە داهاتەکەی.

وا لە "فەرمانبەر و بەڕێوەبەرانی زانکۆ"یش دەکات کە بیر لە مووچە و داهاتی خۆیان بکەنەوە و، بۆ ئەم مەبەستەش بەپێی ویست و ستراتیژیی خاوەنزانکۆ کار بکەن و بڕیار دەربکەن؛ ئەگینا دەبێ بەردەوام خۆیان بە بەربژێری دەرکران بزانن.

توێژەر، لە نزیکەوە دەیبینی کە فەرمانبەران و تەنانەت "مامۆستایان"یش چۆن خۆیان دەپاراست کە شوێن و پێگەیان بوو؛ [33]لەدەستنەچێت؛ یەکێك لەو تەکتیك و ئامرازانەی کە بەردەوام بەکاریان دەبرد، ئامرازی "مشتومڕی باڵۆنسواران"

ئەم تەکتیکە دەڵێت: وا دادەنێین چەند کەسێك لە باڵۆنێکدان و خەریکە لە ئاسمان بەر دەبێتەوە؛ چاری ناچار دەبێ یەکێك یان چەند کەسێك لە باڵۆنەکە فڕێ بدرێنە خوارەوە بۆ ئەوەی گشتیان تێدانەچن؛ بۆیە هەرکەس دەبێ لە قاڵبی گفتوگۆ و

مشتومڕێکدا بەرگری لە خۆی بکات و وا لە لایەنی بەرانبەر (کە بڕیاردەریشە) بکات کە نابێ ئەو ببێتە بەربژێر بۆ فرێدان؛ گفتوگۆ و چەلەحانەی ناو باڵۆنەکەی زانکۆدا، هەرگیز بابەتی زانستی و پێگە و ئاستی مەعریفی و شارەزایی و بڕوانامەی نەبوو؛ بەڵکو کەسێك لە پۆستەکەی دەمایەوە کە بۆ زانکۆ کەمترین ئەرکی ئابووریی هەبایە و لە ستراتیژیەتی خاوەنی زانکۆ دەرنەچووبایە؛ کەمترین لادان لەو ستراتیژییە، بە واتای سنووربەزاندن (دەرنەچوون لەو مشتومڕەدا) و بکەن کە ]...[دەرکرانە لە زانکۆ یاخود کۆمپانیاکە (فڕێدران لە باڵۆنەکەیە). سەیری ئەو دانپێدانانەی سەرۆکی بەشی چۆن ئەو هەقیقەتە دووپاتدەکاتەوە:

"کچی خاوەن زانکۆ هاتە لام و ئەمری پێ کردم، ڕاپۆرتی ئەو کێشەیەم بۆ بەرزبکەنەوە و ئەو مامۆستایانەیش کە پشتی ئەو مامۆستایەیان گرتووە و، هێشتایش بەرگریی لێ دەکەن، نابێ یەک دەقەیش لێرە بمێننەوە و فەوری ئەوانیش دەربکەن!"(K6)

هەروەها وا لە "قوتابیان"یش دەکات، کە لەگەڵ هاتنی بۆ ناو ئەو سیستەمەدا، لەسەر حیسابی زانست و مەعریفە، ببێتە کەسێکی نمرەپەرست و بڕوانامەگەرا و ڕووکەشبین؛ هیچ گرنگییەك بە خوێندن و فێربوون و ناوەرۆك نەدات؛ بەڵکو دەڵێتە خۆی، مادام زانکۆ هەر پارەی مەبەستە، من پارەکەم دەدەم و بڕوانامەکەشم لێ دەوێن؛ چۆن دەبێ پارە بدەم و دەریشمنەچوێنن؟

ئەو قسانەی خوارەوە، قوتابییەکی قۆناغی چوارەمی ئێواران لە پۆلدا بە ئامادەبوونی توێژەر و هاوپۆلەکانی دەربارەی مامۆستایەکی دەگوت کە گوایە لە دەرسی ئەو مامۆستایەدا دەرنەچووبوو:

"جا با بەس دەرەجەکەم چاکنەکاتەوە، بە خوا ئەوەی خراپە بەسەری دەهێنم! دەی با تاقیبکاتەوە! پێی وایە ئەوها وازی لێ دەهێنم! بکەومە خولی دووەم، لە دەوام کێشەم بۆ دروستدەبێ و ڕێگام پێ نادەن هاوێن بێمەوە بۆ تاقیکردنەوە؛ ناهێڵم ژیانی من بفەوتێنێت... خۆی بە چی دەزانێت؟ لە بنی پێیەوە بگرە هەتا تەوقی سەری، بە قەدەر ئەو پارەیەی کە داومەتە زانکۆ ناهێنێت!"(Q21)

کە پارە و قازانجی ماددی ببێتە تەوەر و ئامانجی سەرەکی و یەکەمینی، زەبری هەرەگەورە بە لایەنی زانست دەکەوێ و تەنانەت زانکۆ ئامادە دەبێ، ناوبانگە ئەکادیمییەکەیشی بۆ پارە بکاتە قوربانی؛ ئەزموونی توێژەرێك سەر بە "زانکۆی کە یەکێکە لە زانکۆ هەرەئاستبەرزەکانی بریتانیا و جیهان، کە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ [34]ئابووری و سیاسیی لەندەن" توێژەر بۆی گێڕایەوە، ئەو ڕاستییەی سەرەوە دووپاتدەکاتەوە؛ ئەو توێژەرە وەك نوێنەری زانکۆی ئابووری و سیاسیی دەوام دەکات و ژوورێکی تایبەتی پێ دەدرێت؛ دەڵێت:XYلەندەن بۆ ماوەی ساڵێك لە زانکۆی

"پرۆژەیەکی توێژینەوەم لە زانکۆی ئابووری و سیاسیی لەندەن (LSE)ەوە هێنایە هەرێمی کوردستان کە دەبوو بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەیەکی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت و پاش ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی XY، لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا ڕێککەوتین و ساڵی 2020 گرێبەستێک لە نێوان ئەو دوو زانکۆیەدا واژۆکرا؛ بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە بڕی پارەی تەرخانکراو کە پێویست بوو بە دۆلار مامەڵەی پێوە بکرێت، لە زانکۆی LSEیەوە دەهاتە سەر حیسابەنکی زانکۆی XY و، هەرهەمووی بۆ مووچەی توێژەر و تێچووی توێژینەوەکە بێت و زانکۆ هیچ سوودێکی ماددیی لێ وەرنەدەگرت؛ لە بەرانبەر ئەوەدا، دەرئەنجامی توێژینەوەکان دەبوو بە ناوی XYیەوە بڵاوبکرێتەوە؛ ئەمەیش دەستکەوتێکی ئەکادیمیی گەورە بوو کە هەر زانکۆیەک شانازیی پێوە دەکات؛ بەڵام لەبەر ئەوەی زانکۆی XY کادیرێکی دارایی ئەوتۆی نەبوو کە ئیدارەی بوودجەیەکی بچووکی وەها بکات و ئەو دەستکەوتە ماددییەیشی کە چاوەڕوان بوون دەستیانبکەوێت نەدەهاتە دی، یەکسەر لە ڕێکەوتنەکە پاشگەز بوونەوە و دەستکەوتە ئەکادیمییەکە و ناوبانگی زانستیی خۆیشی کردە قوربانی؛ ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەو پارەیەی کە هاتبووە سەر حیسابی زانکۆ بە دۆلار، پاش بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەرانبەر بە دیناری عێراقی، زانکۆ نرخی دۆلاری بە گوێرەی نرخی دیناری جاران قرساند و قازانجی قرساندنەکەیش بۆ ئەو لایەنە لە زانکۆ چوو کە بە ناڕەسمی ئاڵوگۆڕی دۆلار و دیناری دەکرد."(M7)

مامۆستایەکیش دەگێڕێتەوە: "زانیاریم پێ گەیشتووە کە بەڕێوەبەری ژمێریاری جارێکیان گوتبوو: سەرۆکی زانکۆ کێیە؟ هەتا من لەوێ بم، خاوەنی زانکۆ حیسابێکی بۆ سەرۆکی زانکۆ ناکات! تۆ ئیشت بەوەدا نەبێ کە سەرۆکی زانکۆ چیی دەوێ و چیی گوتووە، ئەوەی من دەڵێم دروستە و هەر ئەوەیش جێبەجێ دەبێ"(M4)

## گفتوگۆ و شیکردنەوە:

لەم بەشەدا، هەوڵدەدرێت بە تاوتوێکردن و ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەو داتا و ئەنجامانەی کە لە بەشی پێشوودا خراونەتەڕوو و، بە ڕەچاوکردنی چوارچێوەی تیۆریکی توێژینەوە (کە دوو تیۆری دەگرێتەخۆ: "پەنجەرە شکاوەکان" و "ئەنۆمیی دامەزراوەیی")، وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بدەینەوە:

لە XY هەروەك لە داتا و ئەنجامە گرنگەکانی توێژینەوەکەدا دیارە، بێسەروبەری و پەنجەرە شکاوەکانی زانکۆی بچووکی ئاشکراوە بگرە تاکو گەورەی شاراوە، لە چوار جۆردا پۆلێنبەندی و ڕیزبەندکران کە بریتی بوون لە: "پەنجەرە شکاوەکانی لایەنی ژینگە و ئیکۆلۆژی"، "لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان"، "لایەنی زانستی و خوێندن" و، لە کۆتاییدا "بەکاڵابوونی خوێندن و زاڵبوونی پارە و لایەنی بازرگانی بەسەر زانست و مەعریفەدا".

بەپێی "تیۆری پەنجەرە شکاوەکان" بێت، بێسەروبەرییەکانی ئەو زانکۆیە، سەرەتا لە لایەنی ژینگەییەوە دەستیپێکردووە؛ پاش ئەوەی حیسابێك بۆ ئەو هەموو پەنجەرە شکاوە نەکرا و وەکو خۆی مایەوە و نۆژەن نەکرایەوە، تەشەنەی کردووەتە لایەنی گەورەتر و گرنگتر؛ لەوێشەوە بۆ لایەن و سیستەمێکی گرنگتری دی.

کاتێك قوتابی یان مامۆستا یان فەرمانبەر، دەچێتە ئاودەست و لەبەر پیسی و بۆگەنی خەریکە هەڵدێت؛ دوکمەی سابووندان دادەگرێت و هیچ سابوونێکی تێدا نییە، یان دەیەوێ دەستوپلی وشکبکاتەوە و دەبینێ بۆکسی کلینێکس هیچی تێدا نییە؛ کە دەبینێ حەوشە و هۆبەی خوێندن و کافتریا و نوێژخانە و ڕێڕەو و ڕەسیف، پڕە لە زبڵ و خاشاك، دیوار و مێز و کورسی بە تۆز و بە نووسینی گرەفیتی ڕازێنراوەنەتەوە، سیسرکەی بێگیان ئەگەر مێروولە نەیبات پاکناکرێتەوە؛ کە زەق و بەردەوام، ئەو هەموو پەنجەرە شکاوە دەبینێت، کەچی کەسیش چاکیان ناکاتەوە، دەڵێتە خۆ: "دیارە، ئەو زانکۆیە بێخاوەن و بێزەبتوڕەبتە"؛ هەیبەت و شکۆی زانکۆ لای دەشکێ و ئەگەر پێش هاتنی بۆ کەمپێسی زانکۆ حیسابێکی بۆ کردبێ (بۆ نموونە گوتبێتی ئەو زانکۆیە جگە لەوەی حکوومی نییە و تایبەتە، بە ناوەکەیشدا دیارە دەبێ وەکو ئەو وڵاتانە پاك و خاوێن و ڕێکوپێك بێ)، تێڕوانینی دەگۆڕێ و متمانە و هێزی کۆنترۆڵی دەروونیی لاواز دەبێت و بۆ نموونە "قوتابی" ئەو ڕاڤەیەی بۆ دروستدەبێت و دەڵێت: "مادام دۆخەکە ئەوهایە، دەکرێ گزی و غەشیش بکەم؛ دەکرێ قیستەکانیش وەپاش بخەم؛ دەشکرێ نەچمە ژوورەوە و بۆ خۆم لە حەوشە پیاسە بکەم؛ دەکرێ واستە و واستەکاری بکەم؛ دەکرێ پێشنیازی بەرتیل و کڕین و فرۆشتنی پرسیاریش بە مامۆستا و لیژنەی تاقیکردنەوەکان بدەم و هتد"؛ هەروەك ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان ئەو ڕاستییە دووپاتدەکەنەوە.

"مامۆستا"یش بەم شێوەیە لێکی دەداتەوە و دەڵێت: "کەوایە، کێ بە کێیە! مادام کەس لەو شتە بچووکانە ناپێچێتەوە، کە ئاشکرا و زەقن و زۆر بە ئاسانی چارەسەریش دەکرێن، ئەگەری زۆرە لە شتی گەورەتر و گرنگتریش نەپێچنەوە؛ بە تایبەت کە نهێنی و شاراوەشن و کەس پێیان نازانێتەوە و بەدواداچوونی بۆ ناکات؛ بۆیە دەکرێ لە پۆلدا بە دڵی خۆم کات بکوژم؛ بۆ چی و بۆ کێ خۆم ماندووبکەم؛ هەر مەلزەمەیەکی چوار لاپەڕی دەدەمە قوتابیان و بە تاقیکردنەوەیەکی ئاسان و سەرپێیی، لەکۆڵ خۆمیان دەکەمەوە؛ هەم ئیدارە هیچ ناڵێت، هەم قوتابی پێی خۆشە، هەم مووچەی خۆیشم وەردەگرم".

"فەرمانبەری ئیداری"یش بە بینینی ئەو پەنجەرە شکاوانە، بەم شێوەیە تەفسیری دەکات: "مادام ئەو زانکۆیە ئەوندە بێدەروپەیکەرە و کەس نییە لێت بپێچێتەوە، دەکرێ کاری ئەمڕۆ وەدەرنگ بخەم و بۆ خۆم بە تەلەفۆن لەگەڵ خزموکەس و برادەراندا قسە بکەم و بچمە ناو سۆشیاڵمیدیا، یان جگەرەیەکی پێ بکەم، یان بچمە ژووری فەرمانبەرێکی دیکە و لەوێ بەکۆمەڵ بۆ خۆمان دابنیشین و قسە بکەین و کات بەسەر بەرین"؛ بۆیەشە زۆرجار سەردانیکەران دەبا ژوور بە ژوور بەدوایاندا بگەڕێن، هەتا بیاندۆزنەوە.

بە پشتگوێخستن و چاکنەکردنەوەی ئەو بێسەروبەری و پەنجەرە بچووکە شکاوانە، نۆرەی پەنجەرەی گەورەتر و گرنگتر دێ و جۆری دووەمی بێسەروبەری دێتە ئاراوە، کە جگە لەوەی بەرهەمی جۆری یەکەمن، هاوکات بەرهەمهێن و پەرەپێدەری جۆری یەکەمیشن و ئەوانە بە شێوەیەکی بازنەیی یەکتر دەژێننەوە و بەهێزتر و تۆکمەتر دەکەن؛ لێرەوەیە کە کارەکتەرەکانی ئەو زانکۆیە کە لە سێ توێژی کادیری ئیداری، مامۆستا و قوتابی پێکهاتوون، دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو سیستەمە بازنەییەوە و لە کارلێك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە؛ وەها بنیاد و ستراکچەری زانکۆ دەشێوێنێ کە جگە لەو کارەکتەر و بکەرانە، ئەرك و ڕۆڵیشیان دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و ئامانج و ئاراستەکەی، لە ڕەوتە سەرەکییەکەی کە خوێندن و زانین و فێربوونە، دەگۆڕێت و دەیکاتە تۆڕێکی نارێك و بێسەقامی کۆمەڵایەتی-ئیداری کە لەسەر بنەمای خۆویستن و تاکگەرایی و بەرژەوندیی ماددی و مەعنەوی دەوەستێ و، هەر ئەمەیشە کە وایان لێ دەکات، وەك لە داتا و ئەنجەمەکانی توێژینەوەکەماندا دیارە، هەستی بێمتمانەیی و ڕکابەرایەتی و ململانێ لە نێویاندا بورووژرێ و پەنا ببەنە بەر بژاردەی زەمکردن و پیلانگێڕی و پێوەکردنی یەکتر و خەنجەرلێدان لە پشتەوە و یەکترشکاندنەوە و گەورەکردنەوەی خاڵی لاوازی یەکتر؛ نیشانەکان هەموو ئاماژە بەوە دەکەن کە هەوێنی هەموو ئەو ڕەفتارە نەرێنیانەیش، دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەرێکی زۆر بەهێزی دەروونی کە پێی دەڵێن: ئیرەیی و حەسوودی؛ ڕێك ئەوەی لە ئەنجامەکانی تایبەت بە "پەنجەرە شکاوەکانی لایەنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی" ئەو زانکۆیەدا بینیمان.

دوای ئەو خەریکبوونە بە یەکتر و کاتکوشتن بە شتی لاوەکی و نازانستی، کە خۆیلەخۆیدا پەنجەرەیەکی شکاوی هەرەدیاری زانکۆکەیە، نۆرە دێتە سەر شکاندنی پەنجەرەیەکی هەرەگرنگی دیکە، کە ئەویش "لایەنی خوێندن و زانست و مەعەریفە"یە؛ لێرەوەیە کە پشکێکی زۆر کەم لە کات و توانست و وزەیان بۆ "خوێندن و زانست" دەمینێتەوە؛ زانست دەبێتە بابەتێکی لاوەکی و لابەلا و دوورلەمەبەست و بێگانە و کەمبەها؛ چونکە خەریکبوون بە خوێندن و بابەتی زانستی، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندامانی ئەو زانکۆیە (واتە کادیری ئیداری و مامۆستا و قوتابی) بکەونە ژێر گوشاری کلتووریی باو و زاڵی زانکۆدا کە زانستی پێ بابەتی سەرەکی نییە؛ بۆیە ئەوان لە ئامانجە یەکەمینی و سەرەکییەکەیان دووردەخاتەوە و لە بازنەی گەمەی باو و سەرقاڵکەر، دەیانخاتە دەرەوە؛ ئەو گەمەیەی کە لەسەر بنەمای کێبڕکێ و ڕکابەرایەتی لەسەر بابەتی ناپەیوەند و نەشیاو بۆ ئەکادیمیستەکان وەستاوە؛ هەرکەسێکیش (مامۆستا بێ یان قوتابی یان فەرمانبەری جدی) نەهێتە ناو بازنەکەیانەوە، لایان دەبێتە کارەکتەرێکی نامۆ و ڕەزاگران و مچوڕکهێن و بێزراو؛ هەربۆیەش، هەم ئەو مامۆستایەی کە تەنها جەخت بکاتە سەر لایەنی خوێندن و قوتابیان بە خوێندنەوە ناچاربکات و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکانی مەلزەمەی دەرسەکەی زۆر بێ، لای قوتابیان خۆشەویست و پەسندنابێ و، مامۆستایانی دیکەیش کە نە ئەو ئەرك و ڕۆڵەیان پێ دەکرێت و نە پاشخان و توانستە زانستییەکەیان ڕێگەیان پێ دەدات لایەنە زانستییەکەیان زیاتر لەوەی کە هەیانە بیخەنەڕوو، ڕقیان لەو مامۆستایە هەڵدەستێ و هەرهەموویان ئەو مامۆستایە دەکەنە بەربژێری یەکەم بۆ ئەوەی لە "باڵۆنە مشتومڕاوی"یەکەی ئەو زانکۆیە، فڕێبدرێتە دەرەوە و هەموویان هەناسەیەکی خۆش لە نەمان و دەرکرانیدا هەڵمژن؛ بەرپرسی ئیداری و فەرمانبەری جدی و مکوڕیش لەسەر بابەتی خوێندن و دەوام، دەبێتە کەسێکی قێزەوەن لای قوتابی و مامۆستاکانیش؛ هەروەك بە ئەنجامی توێژینەوەکەیشدا دیارە و تەنانەت قێزیان لە ژمارەتەلەفۆنەکەیشیان دەبووەوە کە دەهاتە سەر شاشەی مۆبایلیان.

ئەم نیشانانە، هەروەك بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دیارە، خاڵێکی دیکەی پەنجەرە شکاوەی لایەنی خوێندن و زانستی ئەو زانکۆیەی بەهێزتر دەکەن، کە ئەویش گزی و غەشکردنی سیستەماتیکە؛ قوتابی لە مامۆستا و ئیدارە گزی دەکات، هەروەك ئیدارە خۆیش لە وەزارەتی خوێندنی باڵا گزی دەکات؛ قوتابی بە ڕاشکاوی لە لایەن ئیدارەوە پاڵپشتی دەکرێت کە بە قۆپیە و غەشکردن دەربچێت؛ هەروەك زانکۆ خۆیش بە گزی و غەشکردن و دەستکاریکردنی ئەنجامەکانی ماڵپەڕەکەی خۆیان، هەوڵدەدات خاڵی خۆی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرزبکاتەوە.

کە پەنجەرەی زانست و خوێندن دەبێتە قوربانیی چاکنەکرانەوەی پەنجەرە شکاوەکانی ژینگەی زانکۆ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی ئەو زانکۆیە، ئەوەی لای سێکوچکەی ئیدارە و مامۆستا و قوتابی گرنگ نابێ، زانست و خوێندن و کتێبە؛ زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی "زانینگەیی"، دەکاتە "خواردنگە" و "سەیرانگە" و "پێشانگە"ی ڕانانی جلوبەرگ و مودێل و، هەروەها شوێنێکی گونجاو بۆ ڕابواردن و کاتبەسەردابردن و هەڵاتن لە زیندانی ماڵەوە و خۆدەرخستنی ئازادانە و بێسەرگیروبەرگیر بۆ بەشێکی زۆر لە قوتابیان؛ کە سەیری قوتابیانت دەکرد، دەتبینی ئەو کچانە چۆن ئەوندە کات بۆ ئارایشتکردن و خۆڕازاندنەوەی ڕۆژانە تەرخاندەکەن، کەچی بۆ خوێندن و کاری دیکە بەردەوام گلەیی دەکەن لە پێڕانەگەیشتن و نەپڕژانەسەر و کاتکەمهێنان؟ دوو کافتریاکە هەمیشە جمەی لێوە دەهات! حەوشە پڕ بوو لە قوتابیان کە دەستەدەستە و کوتلەکوتلە پێکەوە پیاسەیان دەکرد لەمسەری زانکۆ بۆ ئەوسەر؛ کوڕان خەریکی چاوگەڕان و کچانیش خەریکی خۆعەرزکردن و وێنەگرتن بە لەقتەی جۆراوجۆرەوە؛ بە عەزرەت بووی کتێبێك ببینی بە دەستیانەوە کە خەریکی خوێندنی بێ، یان کۆڕێك ببینی کە باسی بابەتێکی زانستی بکەن؛ تەنها کاتی تاقیکردنەوەکان نەبێ، کە هەموو خوێندنەوەکەیان خستبووە ئاخر دەقە و بە پەلەپەل خەریکی خوێندن و سەیرکردنی مەلزەمەیەکی چەند لاپەڕەیین و پاش تاقیکردنەوەکەش، مەلزەمەکەیش هەر لە حەوشە بەجێدەما و فڕێدەدرا؛ چونکە چیتر بە کەڵکیان نەدەهات!

بۆ فەرمانبەر و مامۆستایش، دەبێتە "کۆمپانیا" و "کارگە"یەك کە بە پابەندی بە ئامادەبوونێکی پەتی لە کاتێکی دیاریکراودا، بە کەمترین توانست و پسپۆڕایەتی و بە سەرفکردنی کەمترین وزەی جەستەیی و مێشك و ئاوەز و نووسین و توێژینەوە و شیکردنەوە و قووڵبوونەوە، مانگانە مووچەیەکی بۆ پێ دابیندەبێت؛ ڕەنگە تاکە شتێك کە ماندووکەر و جێگای گلەیی و ڕەخنەیان بێت، هاتوچۆی ڕۆژانە بە ئۆتۆمبێل و سەرفکردنی بڕە بەنزینێکە، کە گوایە بڕێکی زۆری مووچەیان سەرفی بەنزین دەبێت و شتێکی وایان بۆ نامێنێتەوە؛ تەنانەت لە کاتی کەرەنتین و خوێندنی ئۆنلاینیشدا لەسەریان سەپێنرابوو، هەر دەبێ حزووری فیزیکییان هەبێت و لە پۆلەکاندا بێئەوەی قوتابییەك ئامادە بێ، بە بەرنامەی ، وانەی ئۆنلاین بڵێنەوە. Moodle یان Google Meet یان Zoom

مامۆستا ئەگەر جلوبەرگێکی فەرمی لەبەر بکات، جانتایەکی پێ بێ کە مەلزەمە و لاپتۆپ و کەرەستەی دیکەی تێدا بێ، ئەتەکێتی مامۆستایەتیی بەجێهێناوە، با هەگبەی زانست و مەعەریفەیشی بەتاڵ بێ؛ فەرمانبەریش بە هەمان شێوە، ڕواڵەتگەرایی و ڕووکەشیەتی بەسەر لایەنی شارەزایی و کوالێتیدا هەمیشە زاڵە.

ئەو سێ پەنجەرە شکاوەی "ئیکۆلۆژی" و "پەیوەندییەکان" و "زانست و خوێندن" کە بەردەوام بە شێوەیەکی بازنەیی و بە جێگۆڕکێ لە کەشوهەوای زانکۆدا یەکتر بەرهەم دەهێننەوە و یەکتر پاوەجێ دەکەن، ئەو تێڕوانینە لای هەموو ئەکادیمیستێك دروستدەکات، کە زانکۆیەك، ئەوهەموو پەنجەرە شکاوەی لێ بێ و کەس خۆی لێ نەکاتە خاوەن و بۆیان گرنگ نەبێ چاکیبکەنەوە، دیارە تاکە ئامانج یاخود ئامانجی هەرەگرنگیان، هەر "پارە" و قازانجی ماددییە و تا ئەو کاتەی ئەو ئامانجەی بۆ دابینببێ، بابەتی دیکە و پەنجەرە شکاوەکانی دیکەی، هیچ پێ گرنگ نییە؛ وەك ئەوەی "دەیڤید گان"ـی بەڕێوەبەری ترانزیت و مێترۆی شاری نیۆیۆرك و، "ویلیام براتۆن"ـی سەرۆکی پۆلیسی مێترۆی ئەو شارە، لە

جێبەجێکردنی تیۆری پەنجەرە شکاوەکاندا کردیان، نازانن کە بە پشتگوێخستن و چاوپۆشیکردن لە نۆژنکردنەوەی ئەو پەنجەرە شکاوە ورد و سووك و بچووکانە، لە درێژخایەندا قازانجە ماددییەکەیشی ساڵ‌بەساڵ کەمدەبێتەوە و بێئەوەی هەستی پێ بکات، خۆی بە دەستی خۆی پەنجەرەی قازانج و بازرگانی و بزنسەکەیشی دەشکێنێ و تووشی مایەپووچی دەبێتەوە.

لە "تیۆری ئەنۆمیی دەمەزراوەیی"ی مێسنەر و ڕۆزێنفێڵدیشدا بینیمان کە چۆن بەئابووریکردنی دامەزراوە نائابوورییەکانی وەك ئەو زانکۆیە، ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە تووشی ڕەفتاری ئەنۆمیك و لادەرانە دەکات؛ ئەو تیۆرە دەسەلمێنێ کە ئەگەر "سامان و دەستکەوتی ماددی"ی وەك پارە و مووچە و پۆست و پێگە و نمرە و بڕوانامە لە دامەزراوەیەکی نائابووری و ناماددیی وەك خێزان و قوتابخانە و زانکۆدا ببێتە ئامانج و خەون و خولیای ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە، کۆمەڵە ئاکام و ئاسەوارێکی نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە کە لە کۆتاییدا بنیادی ئەو دامەزراوەیە لێك هەڵدەتەکێنێ و تووشی شکست و دارمانی دەکات. خاڵی یەکەمی تیۆرەکەی ئەنۆمیی دامەزراوەیی جەختی دەکردە سەر "مەیل و حەزی تێرنەبووی سەرکەوتن و دەستراگەیشتن بە ئامانجی ماددی"؛ ئەم بنەمایە وا لەو ئەندامانی ئەو زانکۆیە دەکات هەر هەموویان بە خاوەنی زانکۆ، فەرمانبەران، مامۆستایان و قوتابیانەوە، تەنها بیر لەو بنەما چەسپاوە بکەن: "بابەتەکە ئەوە نییە چۆن گەمە دەکەیت، گرنگ ئەوەیە ئایا دەیبەیتەوە یان دەیدۆڕێنیت!"؛ بۆیە ئامرازی گەیشتن بە ئامانج، چۆنیەتیی گەمەکردن و ڕەفتار و جووڵانەوە، لەچاو خودی سەرکەوتن و دەستکەوتنی ماددی (پارە، مووچە، پۆست و پلە، نمرە، بڕوانامە)دا هیچ گرنگ نابێ؛ بۆیە خاوەنی زانکۆ هەندێ بابەتی زانستی و مەعنەوی کە تەنانەت پەیوەندی بە برەندبوون و ناوبانگی ئەکادیمیی زانکۆکەوە هەیە، دەکاتە قوربانی داهات و قازانجی زیاتر؛ هەروەك لەگەڵ "زانکۆی ئابووری و سیاسیی لەندەن"دا کردی؛ فەرمانبەر، کۆشش و تەقەلاکەی هەر هەمووی بۆ مانەوە و لەدەستنەدانی پۆست و بەرزکردنەوەی مووچەکەیەتی؛ مامۆستایش ئەوەی بۆی گرنگە تەنها دابینبوونی داهاتێکە، با مووچەی دووەم یان سێیەمیش بێ، ئینجا بەرزکردنەوەی پلە و خاڵی زانستییە بۆ تایتەڵە ئەکادیمییەکەی؛ قوتابییش هەموو ئامانجی دەبێتە وەرگرتنی بڕوانامەیەکی ئاسان و مسۆگەر، جا لە ڕێگەی غەش و بەرتیل و گەندەڵییەوە بێ، یان تەنانەت خوێندن و خۆماندووکردن و خۆپێگەیاندن؛ چونکە ئەوەی گرنگە بەدەستهێنانە پەتییەکەی بڕوانامەکەیە، نەك سەکۆی زانستی و فێربوون و پڕبوون؛ هەر ئەوەیشە کە قوتابی لە دەریچەی نمرەوە سەیری مامۆستا و کەسایەتییەکەی دەکات؛ فیدباکی مامۆستا لای قوتابی بەو نمرەیە دەپێورێ کە لە میدتێرم و فایناڵدا بە هەق و ناهەق داویەتە پێی؛ ئەگەر دەری‌بچوێنێت، مامۆستایەکی باشە و لە وێنەی نییە؛ ئەگەر خۆی دەرنەچێت و لە دەرسەکەی بکەوێت، مامۆستاکەی دەخاتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە و پەنا دەباتە بەر گلەیی و ڕەخنە و واستە و شانۆی فرمێسکرژاندن، تەنانەت هەڕەشەی جۆراوجۆری وەکو "بەدەرکردنت دەدەم!"، "سکرینشاتی نامەکانت بڵاودەکەمەوە!"، "تۆمارە دەنگییەکەت کە لە پۆلدا باسی زانکۆ و سیستەمی حوکمڕانیت کردووە، بڵاودەکەمەوە!"، "بنەماڵە و عەشیرەتی خۆمت دەهێنمە سەر!" و هتد؛ هەروەك لە ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەدا بینیمان کە چۆن ئەزموونی توێژەر و بەشێك لە مامۆستایانی ئەو زانکۆیە ئەم ڕاستییە دووپاتدەکەنەوە.

بنەمای دووەمی ئەو تیۆرە، جەختی دەکردە سەر بەهای "تاکگەرایی و خۆویستی"، کە وا لە ئەندامانی ئەو زانکۆیە دەکات، هەموو شتێکیان تەنها بۆ خۆیان بوێت و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی نێوانیاندا (خاوەنزانکۆ-ئیدارە؛ ئیدارە-ئیدارە؛ ئیدارە-مامۆستا؛ ئیدارە-قوتابی؛ مامۆستا-مامۆستا و قوتابی-قوتابی) تەنها بەرژەوەندیی خۆیان ڕەچاوبکەن و بکەونە ناو ڕەوتێکی کێبڕکێوە لەگەڵ یەکتردا و، لەبری نواندنی هەڵوێستی تەبایی و هاوکاری و هاوخەمی، هەڵوێستێکی دژمنانە و ڕکابەرانە نیشانبدەن. تاکگەرایی دەبێتە بەهایەکی زاڵی کلتووری لەو زانکۆیەدا کە تاك هان دەدات لە بەها باڵاکانی کۆمەڵگا دابڕێت و لێی دووربکەوێتەوە؛ هەر ئەوەیش وایان لێ دەکات پەیوەندی و کۆنترۆڵێکی لاوازی کۆمەڵایەتییان هەبێت؛ تاکگەرایی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە پاشکۆی ئامانجە تاکەکسییەکان و، سەری هەموو ئاراستەیەك تەنها بەرەو لای خۆی دەگەڕێنێتەوە، نەك بەرەو مەبەستێکی هاوبەش.

ئەو ڕاستییەی سەرەوە بەو وتەیەی فەرمانبەرێك و سێ مامۆستای ئەو زانکۆیە، دەسەلمێندرێتەوە کە دەیانگوت: "ئەگەر لەبەر هاوسەرەکەی نەبایە کە خاوەن پۆستێکە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، یەك دەقەیش نەیاندەهێشت لەو پۆستەدا بمێنێتەوە؛ چونکە نە لە ڕووی زانستییەوە هیچی پێیە، نە لە ڕووی ئیدارییەوە شارەزایە؛ کەسێکی زۆر فاشل (K8,M1,M4,M5)؛ یان وتەی ئەو بەرپرسەی زانکۆ کە دەڵێت: "با هیچ شکاتی لێ نەکات؛ چونکە هاوسەرەکەی دەرچووە" ؛ یان ئەو قسەیەی کە بەرپرسێکی (K3)لە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، دەتوانێ وا بکات تایتەڵە زانستییەکەی لێ بستێننەوە" دیکەی زانکۆ دەگێڕێتەوە: "سەرۆکی زانکۆ زۆر بە توورەیی و بە دەنگێکی بەرز سەرۆکبەشی لە ژوورەکەیدا دەرکرد؛ جاران نەیدەوێرا وا لەگەڵیدا بجووڵێتەوە؛ چونکە کاریان بە مێردەکەی هەبوو کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا پۆستێکی بەرزی هەیە، و لە ترسی مێردەکەی، حیسابێکیان بۆ ئەویش دەکرد، بەڵام ئەمساڵ دەستمان گەیشتووەتە سەرووتر و، ، نیشانەی ئەو (K5)پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەری مێردەکەیدا دروستکردووە و چیتر پێویستیمان بە مێردەکەی نەماوە!" بەرژەوەندیگەراییەی هەڵقوڵاوی تاکگەرایی و خۆویستنە کە هەستی یەکانگیری، تەبایی، هاوکاری، هاوخەمی، هاودەردی و دڵسۆزی لە نێوان ئەندامانیدا دەکوژێ و لەبری، هەستی حەسوودی، زەمکردن، ڕق و کین، ململانێ و زۆرانبازی، تیر و بەهێزتر دەکات؛ ئەوەیش دەبێتە هۆی بەربڵاوی و گشتگیربوونی ئەو کلتوورە؛ هەروەك بەها کلتوورییەکەی گشتگیرگەرایی واتە بنەمای سێیەمی تیۆرەکەی ئەنۆمیی دامەزراوەیی جەختی لێ دەکردەوە. پەیوەندییەکانی نێوان


ئەندامانی ئەو زانکۆیە، ڕەنگدانەوەی کلتووری گشتیی کۆمەڵگای کوردییە کە ئەگەر چوار مامۆستا و قوتابی لەگەڵ یەکتردا هەڵنەکەن و نەسازێن، چۆن چاوەڕوانی ئەوە بین، 40 حیزبی سیاسی و ڕکابەر پێکەوە بسازێن و ڕێکبکەون! بەها و بنەمای چوارەمی ئەو تیۆرە، "پارەپەرستی"یە؛ لەو زانکۆیەی کە پارە و سامانی ماددی دەبێتە بابەتی یەکەم و ئاخر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان لە کەشوهەوا و ژینگەیەکی بە ناو فێرکاریدا کە دەبا زانستپەروەر و مەعریفەخواز بێ، بە پێوەری بەهای ماددی، دەستنیشان و پێناسە و سنووردار دەکرێن؛ زانست و خوێندن، دەبنە کاڵایەکی ماددی کە دەکرێ بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت؛ کە پەروەردە و خوێندن بووە کاڵایەک بۆ فرۆشتن، بتەوێ و نەتەوێ، زانکۆ دەبێتە فرۆشگا و قوتابیش دەبێتە کڕیار و بەکاربەری زانست و، مامۆستا و فەرمانبەری ئیدارییش دەبنە کرێکار و خزمەتکار کە لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ نموونە و ئامانجە بازرگانییەکانی بەڕێوەبردندا و، تا ڕادەیەکی زۆر دەکەونە ژێر گوشارەوە. هەروەك مێسنەر و ڕۆزێنفێلد دەیانگوت، وشە و زمان و ستاندەرد و پێوەر و ڕێسا ئابوورییەکان دزە دەکەنە کەوشەن و قەڵەمڕەوی دامەزراوە نائابوورییەکانەوە و، لێرەوەیە کە خاوەنی زانکۆ یان کچەکەی، سەرەڕای ئەوەی هیچ پۆست و ئەرکێکی ئیداریشیان نییە، خۆی بە هەمەکارە و بەڕێوەبەری گشتیی ئەو زانینگەیە دەزانن و فەرمان و ڕاسپاردەکانیان بۆ فەرمانبەرێکی ئیداری تەنانەت لە سەرۆکی زانکۆ یان ڕاگری کۆلیژێك بەهەندتر دەبێت و زیاتر پێوەی پابەند دەبێت؛ چونکە فەرمانبەران و بەڕێوەبەر و بەرپرسانی زانکۆ وەك ژێردەستەیەکی خاوەنزانکۆ و وەبەرهێنەر، خۆیان دەبیننەوە؛ بەو واتایەی کە سەیری خاوەنزانکۆ یان بنەماڵەکەی دەکەن، وەك ئەوەی وایە ڕاژە و مووچەی خۆیان لەو ئاوێنەیەدا دەبیننەوە؛ ئەوان بە قەدەر مووچەکەی خۆیان سەیری بڕیاری خاوەنزانکۆ و بنەماڵەکەی دەکەن؛ واتە کە سەیری خاوەنزانکۆ یان کچەکەی دەکەن، یەکسەر مووچە و ئەو بڕە پارەیەی کە مانگانە لێی وەردەگرن، دەبینن و دێتە پێش چاویان؛ ئەو سەرۆکبەشەی کە خۆی دەگێڕێتەوە کچی خاوەنزانکۆ ئەمری پێ کردووە کە چی بکات، لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو یەك ملیۆن و نیوە یان دوو ملیۆن دینارەی قسەی کردووە کە مانگانە پێیدەدات!


کە ئابووری و بازرگانی بووە ئامانجی هەرەگرنگ و یەکەمینی، زانست و خوێندن بێنرختر دەبێ لەچاو پارە و قازانجی زیاتر بۆ خاوەنزانکۆ و، مووچەی مسۆگەری فەرمانبەران و ئیدارەی زانکۆ و، بڕوانامەی ئاسانیش بۆ قوتابی؛ قوتابییەکی سەرکەوتوو و زیرەك و جدییش بێڕێزتر و کەمبەهاتر دەبینرێت لەچاو قوتابییەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو (وەك ئەوەی پۆستێکی بەرزی هەیە و بە ئۆتۆمبێلی جامڕەش جاربەجار دێتە زانکۆ)؛ بە واتایەکی دی، ڕۆڵ و ئەرکی سەرکەوتنی مەعنەوی و زانستی، لە ڕۆڵ و ئەرکی سەرکەوتنی ماددی، بێبایەختر دەبێت؛ لێرەوەیە کە کاری مامۆستایەتی لەچاو کاری ژمێریاری و سندووقداری و پارەوەرگرتن لەو زانکۆیەدا ڕێزێکی کەمتری هەیە؛ مامۆستا جگە لەوەی کە مووچەیەکی کەمتر لەوی وەردەگرێت، دەبێ بچێتە بەر دەرگای ژووری ژمێریارەکە و لە پشت پەنجەرەیەکی بچووکەوە، ئەو پارەیەی کە چەندین جار بە ئامێری پارەئەژمێر ژماردوویانە، پاش واژۆکردن، بەبێ زەرف و پاکەت دەیدرێتێ؛ ئەوەی یەکەم سەروکاری لەگەڵ "پارە"دایە، ئەوەی دووەم لەگەڵ "زانست". قسەی بەڕێوەبەری ژمێریاری، ئەو ڕاستییەی بە ڕوونی دووپاتدەکاتەوە، کە گوتبوو: "سەرۆکی زانکۆ کێیە؟ هەتا من لەوێ بم، خاوەنی زانکۆ حیسابێکی بۆ ؛ ڕاستیش دەکات؛ چونکە هەر خۆیە کە سەرچاوەی کۆکردنەوەی پارە و لە هەمان (M4)سەرۆکی زانکۆ ناکات!" کاتیشدا، سەرچاوەی سەرفکردنی پارەشە؛ سەرەتا هەموو پارەکان بە وەرگرتنی قیستی قوتابییەکان بۆ سندووقەکەی وی دەگەڕێتەوە؛ ئینجا هەر ئەویشە کە پارە سەرەفدەکات؛ هەم بۆ ئیدارە و هەم بۆ مامۆستایان و، هەر ئەویشە کە ئەو بەشە زۆرەی کە دەمێنێ، بۆ خاوەنزانکۆ دەگەڕێنێتەوە؛ بەڵام سەرۆکی زانکۆ لەو میانەدا، تەنها کاری بریتییە لە ئیمزاکردنی چەند کاغەزێکی ڕۆتینی و پسوڵەی لیستی مووچە و خەرجییەکانی دیکەی وەك کڕینی ئاو و کارتی ئینتەرنێت و هتد؛ واتە ئەرکی کەمکردنەوەی خەزینەی سندووقە و وەك خۆی گوتەنی، لەسەر پێنج هەزار دینار دەبا لەگەڵ خاوەنزانکۆ دەوەدەوی کردبا؛ ئەوەی یەکەم ئەرکی پڕکردنی کیسەیە، ئەوی دیکە کاری بەتاڵکردنی کیسەیە؛ کەوایە، پێگەی کامیان لای بازرگانێك کە حیسابی 500دیناری کلینێکسێك لای گرنگە، بەهێزتر و بەرزتر دەبێت! هەر ئەوەیشە کە بڕیارەکانی بەڕێوەبەری ژمێریاری لە سەرۆکی زانکۆ زۆر زووتر و مسۆگەرتر وەردەگیرن و جێبەجێ دەبن!

ئەو ناهاوسەنگی لە نێوان شتی ئابووری و نائابووری دەبێتە هۆی ناکۆکی و دژایەتیی نێوانیان و ڕۆڵی نائابووری (وەکو فێربوونی زانست و مەعریفە) دەکەوێتە ڕیزی دووەمەوە و ملکەچی ڕۆڵی ئابووری دەبێ و ناچارە لەگەڵ ڕۆڵی ئابووریدا خۆی بگونجێنێ؛ هەر ئەوەیە کە زانکۆ بڕیاردەدات قوتابیانی قۆناغی چوار ببنە گرووپی چوار-پێنج کەسی و پێکەوە یەك توێژینەوەی دەرچوون بنووسن و، بە دوو مامۆستای سەرپەرشتیار، کاری هەموویان ڕایی بکرێت؛ واتە زانکۆ، پلانی فێرکاری و خوێندن بە پێی پێداویستییە ئابووری-بازرگانییەکانی خاوەنزانکۆ ڕێکدەخات.

هەر ئەو تێڕوانینەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی پارە ببێتە هەوێن و کاکڵەی هەموو کارلێك و پەیوەندییەکی ناو زانکۆ؛ قوتابی پارە بە ئیدارە دەدات، لەبریدا ئیدارە پێویستە بڕوانامەیەکی دانپێدانراوی وەزارەتی خوێندنی باڵای پێ بدات (یاخود پێی بفرۆشێت)؛ ئیدارەیش ئەو پارەیەی کە لە قوتابی وەریگرتووە، دەیداتە خاوەنی زانکۆ و وەبەرهێنەرەکەی؛ هەتا بکرێت ئەو بڕە پارەیە زۆرتر بێ، باشترە و جێگای دڵخۆشی و ڕازیکردنی خاوەنزانکۆ و کۆمپانیاکەیەتی؛ خاوەنی زانکۆیش، لەو بڕە پارەیەی کە دەستیدەکەوێ، دیسانەوە بۆ ئەوەی لەچاو ساڵانی ڕابردوو کە ژمارەی قوتابیان و داهاتەکەی زیاتر بوو، هەست بە زیان و مایەپووچی نەکات، بەشێکی کەمی لێ سەرفی زانکۆ و فەرمانبەران و ئیدارە دەکاتەوە؛ مامۆستایش پارە لە ئیدارە وەردەگرێت لەبری ئەو چەند ڕۆژ و سەعاتەی کە لە پۆلدا ئامادە بووە و وانەی گوتووتەوە؛ ئامادەبوون و

حزووری پەتیی مامۆستا و قوتابی، گرنگترین مەرجی ئیدارییە کە ڕەوایەتی و مانای پێ ببەخشێتە زانکۆ و، ڕەخنە و هەنجەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایشی پێ بڕەوێنێتەوە؛ چونکە گرنگ ئەوەیە بە وەزارەتی بسەلمێنن قوتابی و مامۆستایان هەیە و پۆل و وانە بەردەوامن؛ جا لەو پۆلەدا چی دەگوترێتەوە و چۆن دەگوترێتەوە و بەرهەمی چییە، کێشە نییە؛ ئەوەی دەمێنێتەوە، پەیو ... ەرجە ئیدارییەکانی زانکۆ، مامۆستا تاقیکردنەوەیان پێ د ... ەوە و ئەوەش دەبێتە چیرۆکی ساڵانەی ئەو زانکۆیە کە بەرد ... ووونکردن و هەستپێکردن و گێڕانەوە بوو، بۆ لێتوێژراوان ... ێویستیاندەزانی کە باسبکرێت و لە ناوەندە تایبەتەکاندا بورووژ ... ی ئەو توێژینەوەیە کورت دەکاتەوە:




**در...**

ئەم توێژینەوەیە، توێژ ... ی ) لە هەولێر کراوە، کە ... ومی ( توێژەر و لێتوێژراوانی ... زانستی لەو زانکۆیەدا، کامیان ... ئەنجامە هەرەگرنگەکان ... بوون لە پەنجەرە شکاوەکانی "ل ... خوێندن و زانست" و "بەکاڵابوون ... لەگەڵ پشتگوێخستنی پ ... پەنجەرەیەکی دی کە " ... 'مامۆستا" و "قوتابیان"ـی ئەو زانکۆیەیە؛ کەچی چاککردنەوەی پەنجەرە شکاوەکانی جۆری یەکەم، کارێکی زۆر ئاسانە و بە کاتێکی کەم، وزەیەکی کەم و پارەیەکی کەم جێبەجێدەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کاربەدەستانی ئەو زانکۆیە، هیچ حیسابێك بۆ ئەو کێشانە ناکەن و تەنانەت بە بێسەروبەری و کێشەیشی نازانن، دەیهێڵنەوە و تێروانێکی نەرێنی بۆ سێکوچکەکەی زانکۆ دروستدەکات کە دیارە ئەو زانکۆیە تەنها بیر لە قازانجی ماددی دەکاتەوە و هەر شتێك کە پێویستە پارەی لێ بدات، خۆی لێ دەدزێتەوە و شتێکیش کە پارەی بۆ دەهێنێ، گرنگیی پێ دەدات؛ بۆ نموونە ئاودەست و دەستشۆرك پارەی لێ دەبات، وەکو کڕینی کلینێکس و سابوون، بەڵام کافتریا پارەی بۆ دەهێنێ، بۆیە پەرەی پێ دەدات و دەیکاتە دوو کافتریا.

ئەنجامەکان، وێنەیەکی ڕوون لە نارێکی و بێسەروبەری لە کارلێك و پەیوەندیی نێوان ئەو سێ توێژەدا پیشاندەدات کە هەرکەسێك لەوێ مابێتەوە و ئەو شپرزییەی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی نێوانیاندا بینێبێت، هەست دەکات کە پەنجەرەیەکی زۆر گرنگی ئەو زانکۆیە شکاوە و پێویستە زوو چاکبکرێتەوە؛ چونکە شپرزییەکەی تا ڕادەیەکە کە کاری کردووەتە سەر "لایەنی خوێندن و زانست" و لە کۆتاییدا، ئەوەی کە حاشاهەڵنەگر و بەڵگەنەویستە، "بەکاڵابوونی خوێندن و بڕوانامە"یە کە زانکۆی خستووەتە ناو ڕەوتێکی بازرگانیی وەهاوە کە ئەوەی گرنگ نەبێ، زانست و مەعریفەیە و، لە "زانینگە"وە بووەتە "کۆمپانیا"یەکی وەبەرهێنان کە "خواردنگە" و "سەیرانگە"یشی هەیە و قوتابی بە کچ و کوڕەوە دەتوانن بە ئیسراحەتی خۆیان لەو سەیرانگەیەدا پیاسە بکەن و ئەوەی لە ماڵەوە بۆیان ناچێتە سەر و پێیانی ڕەوا نابینن، لەوێ ئاسوودە و ئازاد دەیکەن.

ئەم زانکۆیە، نموونەیەکە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەت زانکۆی تایبەت و ئەهلییەکان کە مەبەستی هەرەسەرکییان، بازرگانیکردن و قازانجی ماددییە؛ بەکاڵابوونی خوێندنی باڵا و زاڵبوونی چەندایەتی بەسەر چۆنایەتیدا، زەبرێکی پەککەری لە سیستەمی خوێندنی باڵا داوە و ئەوەی پێشکەشی حکوومەت و کۆمەڵگای دەکات، لەشکرە قوتابییەکی زۆروبۆریی ناپسپۆڕیی ئاشبەتاڵ و کارنەزانی پڕداوایە کە هیچێکی وایان لەباراندا نییە؛ واتە ساڵانە نزیکەی 50هەزار بڕوانامەی نوێ دێتە بازاڕی کارەوە، بەڵام زۆربەی هەرەزۆریان بێپێز و بێکەڵکن و گرێکوێرەی کۆمەڵگایان نەك پێ ناکرێتەوە، ئاڵۆزتری دەکەن و ئەوەندەی دی کوێری دەکەنەوە؛ ئەمەیش، زەنگێکی مەترسیدارە کە ئەو توێژینەوەیە کاربەدەستەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای لێ ئاگاداردەکاتەوە و هۆشدارییان پێ دەدات کە چیتر کوالێتی و چۆنایەتی نەکەنە قوربانی چەندایەتی؛ ڕاستە کە حکوومەت بە کردنەوەی زانکۆی زیاتری حکوومی و ئەهلی، بە دەیان هەزار گەنجی تازەپێگەیشتووی ئەوداڵی کاروپیشە و چاولەدەستی حکوومەت، بە وەرگرتنیان لەو زانکۆیانە بە شێوەیەکی کاتی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە و چوار ساڵ بە خوێندنەوە سەرقاڵیان دەکات و بەم شێوەیە بارگرانی و لۆدی سەر خۆی کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر ساڵانە گریمان 50هەزار قوتابی وەربگرێت و لەکۆڵ خۆیانی بکاتەوە، لەو لاوە 50هەزاریش بە بڕوانامەوە دەردەچن و، ئەو جارە بە ئیددیعا و داواکاری و چاوەڕوانییەکی زیاتر و بەرزتر، بەکۆڵ حکوومەت و کۆمەڵگادا دێنەوە.

"، کە XYئەم توێژینەوەیە، هەڵگری پەیامێکی دیکەشە بۆ بەرپرسانی زانکۆ ناحکوومییەکان بە تایبەت زانکۆی " ناوەرۆکی ئەو توێژینەوە لە خەمخۆری و دڵسۆزی و نیەتپاکیی توێژەرەوەیە و لەجیاتی دڵگرانی و دەمارگیری و لێکدانەوەیەکی نەرێنی، ئاوڕێك لەو پەنجەرە شکاوانەی زانکۆکەیان بدەنەوە و بۆ مانەوەی بەهێزتری خۆیان لە مەیدانی ڕکابەرایەتی و بازاڕی مارکێتینگی خوێندندا، هەتا زووە لە کێشەی هەرەبچووك و وردەوە دەستپێبکەن و ئەو پەنجەرە شکاوانە چاکەوە بکەن؛ چاوپۆشی لەو پەنجەرە شکاوانە، بە دڵنیاییەوە لە کۆتاییدا پەنجەرە ئابوورییەکەیشیان لێ دەشکێ و تووشی نسکۆ و پەشیمانی دەبن.

بە دڵنیاییەوە، خۆدانەبەرڕەخنە (ڕەخنەلەخۆگرتن) وێڕای ئەوەی کارێکی زۆر ئەرێنی و نیشانەی تێگەیشتن و پێشکەوتنە، بوێری و سینگفراوانییەکی وایشی دەوێت کە وەك ئەنتی ڤایرۆسێك، سەرتاپێی ستراکچەر و بنیادی یەکە و دامەزراوەکەی خۆی، سکانێکی هەمەلایەنە بکات، بێئەوەی لە ئەنجام و ئاکامەکانی بترسێت یان شەرمی لێ بکات؛ ئەگەر پەنجەرە شکاوەکانی خۆی بشارێتەوە و چاکینەکاتەوە و لە دەرخستن و ئاشکراکردنی کەموکووڕییەکانی خۆی شەرم و شوورەیی .بکات، ئاخری لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا، دەبێ لە مایەپووچی و شکستی خۆی شەرمبکات

ئەو زانکۆیەی کە توێژەر لێی کۆڵیوەتەوە، لە پێوەر و پێودانگێکی گەورەتردا، نموونە و ڕەنگدانەوەیەکە لە گشت زانکۆکانی هەرێم و سیستەمی خوێندن؛ وەنەبێ دۆخەکەی لە زانکۆکانی دیکەی هەرێم (بە حکوومی و ناحکوومییەوە) خراپتر و بێسەروبەرتر بێ؛ لەوانەیە لە زۆرێك لەو زانکۆیانە باشتریش بێ؛ ئینجا سیستەمی خوێندن و ناوەندە ئەکادیمییەکانیش، بەشێکی جیا و سەربەخۆ نین لە کلتوورە گشتییەکەی کۆمەڵگا و بنیادە کۆمەڵایەتییەکەی وەکو گشتێکی کۆمەڵایەتی؛ کۆمەڵگایەك کە پڕە لە پەنجەرە شکاوی گەورە و بچووك، پێویستە هەموو دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە ئاستی گەورە و بچووکدا، بۆ ئەوەی پاوەجێ بمێنن، بە سینگێکی فراوانەوە، خۆیان بخەنە بەر تیشکی ڕەخنەی "خود" و "ئەوانی دیکە"دا؛ ئەو کارەی کە توێژەر لەو توێژینەوەدا کردوویەتی، ڕەخنەلەخۆگرتنێکە کە لە سیستەمی خوێندنی باڵا و ژینگەی ئەکادیمیدا کە خۆیشی دەگرێتەوە و خۆی بەشێکە لێی؛ ئایا حکوومەت و هەموو سیستەمە پەیوەندیدارەکانی (بۆ نموونە کەرتی تەندروستی) ئامادەن ئەو بوێرییەیان هەبێ و توێژینەوەیەکی خودڕەخنەیی بکەن لەسەر خۆیان؟ توێژەر، بە پێویستی دەزانێت حکوومەت و دامودەزگاکانی لە ئاستێکی زۆر بەرفراوان و گەورەدا، بوێرانە و دلێرانە پەنجەرە شکاوەکانی خۆیان بە توێژینەوە بدۆزنەوە، کە بە دڵنیاییەوە ژمارەی پەنجەرە شکاوەکانی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کەمتر نین، ئینجا بە ڕاشکاوی ڕێگەچارەی زانستیانەیش .بخەنەڕوو

پێشنیازێکی و ڕاسپاردەیەکی دیکەی توێژەر تایبەتە بە سیستەمی خوێندن؛ ئەویش ئەوەیە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا، توێژەرانێك ڕابسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە زانکۆ حکوومی و ناحکوومییەکان و وەزارەتەکەی خۆیشیان بۆ ئەوەی بە وردی بە شێوازی "چەندایەتی" و "چۆنایەتی" لەو پەنجەرە شکاوانە بکۆڵنەوە و ڕێکاری چارەسەر و ڕزگارکردنی "سیستەمی خوێندنی باڵا" بخەنەڕوو با لەوە زیاتر سووکایەتیی پێ نەکرێت و نەبێتە قوربانی؛ بەو مەرجەی پاڵپشتییەکی تەواوی ئەو توێژەرانە بکات و ئەو ئاڵنگاری و ئاستەنگانە لا بەرێت کە توێژەر لەو توێژینەوەیەدا تووشی بوو یاخود پاش

بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە، ئەگەری زۆرە تووشی بکەن؛ با توێژەرانی دڵسۆز، ترسیان لەوە نەبێ توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی بڵاوبکەنەوە.

## پەراوێزەکان:

1. Lived Experience
2. Philip Zimbardo (1933-Present)
3. James Quinn Wilson (1931-2012)
4. George Lee Kelling (1935-2019)
5. Vandalism
6. Graffiti
7. Rudolph William Louis Giuliani (1944-Present)
8. David L. Gunn (1937-Present)
9. William Joseph Bratton CBE (1947-Present)
10. Zero tolerance policy
11. Steven Fredrick Messner (1951-Present)
12. Richard Rosenfeld (1948-Present)
13. American Dream
14. Autoethnography
15. Participant Observation
16. Non-Participant Observation
17. Unstructured Interview
18. Focus Group
19. Documentary Research
20. Interpretivism
21. Criticism
22. Critical Ethnography
23. Ethnology
24. Monography
25. Heterogeneity or Maximum Variation Sampling
26. Theoretical Saturation
27. Validity
28. Structural analysis
29. Interpretive analysis
30. Narration
31. Jaap Lintvelt (1950-Present)
32. Theoretical Sensitivity
33. Balloon Debate
34. London School of Economics and Political Science

## سەرچاوەکان:


ایمانی، محمدتقی (2002). *"تحقیق قوم نگاری در رویکردهای کمی و کیفی تحقیق"*. دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز. شماره 183 و 184، صص 37-62.

تقوی، نعمت‌الله (2020). *"جامعه‌شناسی روستایی"*. تهران: انتشارات پیام نور.

ڕوانگەوڕەخنە (2020). *"داهاتووی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان"*. ڕاپۆرتی د. کاوە شێروانی لە سایتی: http://www.rwangauraxna.com/detail.aspx?IDNews=2029

ریویر، کلود (2017). *"درآمدی بر انسان‌شناسی"*. ترجمه: ناصر فکوهی. تهران: نشر نی.

صالحی‌عمران، ابراهیم و دیگران (2011). *"بررسی عوامل و انگیزه‌های پیدایش و گسترش دانشگاه‌ها و مؤسسات آموزش عالی غیردولتی-غیرانتفاعی در ایران مطالعه موردی: استان مازندران"*. مجله مطالعات اجتماعی ایران. دوره 4 (3): 54-70.

فلیک، اووه (2021). *"درآمدی بر تحقیق کیفی"*. ترجمه: هادی جلیلی. تهران: نشرنی.

کوردیپیدیا (2017). *"90% ی مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکان بوونەتە وانەبێژ لە زانکۆ ئەهلییەکان"*. چاوپێکەوتنی "د. ئەحمەد دزەیی" لەگەڵ دواڕۆژ، نووسینگەی هەولێر، ڕێکەوتی 2017-03-15. وەرگیراوە لە سایتی: https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20170315102312999058&lng=22

کوزر، لوئیس و روزنبرگ، برنارد (2015). *"نظریه‌های بنیادی جامعه‌شناختی"*. ترجمه: فرهنگ ارشاد. تهران: نشر نی.

لینت ونت، ژپ (2012). *"کتاب رساله ای درباب گونه شناسی روایت نقطه دید: نظریه و تحلیل"*. ترجمه: عله عباسی و نصرت حجازی. تهران: انتشارات علمی و فرهنگی.

نادری، حمدالله و دیگران (2011). *"سنجش چندبعدی احساس آنومی در بین جوانان"*. تهران: مطالعات امنیت اجتماعی. شماره 25: 179-210.

وەزارەتی خوێندنی باڵا (2022). *"ئاماری زانکۆکان، قوتابیان و مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان"*. وەرگیراوە لە بەشی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا.

Adams, T. E., Jones, S. H., & Ellis, C. (2015). *“Autoethnography: Understanding qualitative research”*. New York, NY: Oxford University Press.

Brix, H. James (2006). *“Encyclopedia of Anthropology”*. London: Sage Publications, Inc.

Chang, Hewoon (2008). *“Autoethnography as method”*. Walnut Creek, CA: Left Coast Press Inc.

Cooperman, Larry (2014). *“From Elite to Mass to Universal Education: From Distance to Open Education”*. RIED v. 17: 1, 2014, pp 111-130.

Cullen, J. B., Parboteeah, K. P., & Hoegl, M. (2017). *“Cross-National Differences in Managers' Willingness to Justify Ethically Suspect Behaviors: A Test of Institutional Anomie Theory”*. Academy of Management Journal, 47(3), 411–421.

Ellis, Carolyn (2004). *“The ethnographic I: A methodological novel about autoethnography”*. Walnut Creek, CA: AltaMira Press.

Gillham, B. (2000). *"The Research Interview"*. London: Routledge.

Harcourt, B. E. & Ludwig, J. (2006). *"Broken Windows: New Evidence from New York City and a Five-City Social Experiment"* . The University of Chicago Law Review, Vol. 73, No. 1, Symposium: Homo Economicus, Homo Myopicus, and the Law and Economics of Consumer Choice, pp. 271-320.

Karabel, J. (2005). *“The Chosen: The Hidden History of Exclusion and Admission at Harvard, Yale, and Princeton"*. European Journal of Education 22 (2): 183-193.

Kelling, G. L., & Bratton, W. J. (1998). *“Declining Crime Rates: Insiders' Views of the New York City Story”*. Journal of Criminal Law & Criminology, 88(4), 1217-1232.

Mertens, D. M. (2005). *“Research and evaluation in education and psychology: Integrating diversity with quantitative, qualitative, and mixed methods”*. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.

Messner, S. F., & Richard, R. (1997). *“Political Restraint of the Market and Levels of Criminal Homicide: A Cross-National Application of Institutional Anomie Theory”*. Social Forces 75:1393-1416.

Messner, S. F., & Rosenfeld, R. (2001). *“Crime and the American Dream”*. Belmont, CA: Wadsworth.

Messner, S. F., & Rosenfeld, R. (2011). *“The Present and Future of Institutional Anomie Theory”*. In Taking Stock: The Status of Criminological Theory, edited by Francis T. Cullen, John Wright, and Kristie Blevins, 127–148. New Brunswick, New Jersey: Transaction Publishers.

Muftic, Lisa R. (2007). *"Advancing Institutional Anomie Theory: A Microlevel Examination Connecting Culture, Institutions, and Deviance"*. International Journal of Offender Therapy and Comparative Criminology 50(6):630-53

Naidoo, Loshini (2012). *"Ethnography: An Introduction to Definition and Method"*. Sydney: University of Western Sydney, Sydney.

Sarantakos, Sotirios (2013). *"Social Research"*. London: Palgrave Macmillan.

Savolainen, Jukka (2000). "Inequality, welfare state, and homicide: Further support for the institutional anomie theory". Criminology 38(4):1021–1042.

Schofer, E., & Meyer, J. W. (2006). *"The World-wide Expansion of Higher Education in the Twentieth Century"*. American Sociological Review 70 (6): 898-920.

Schwandt, T. A. (1997). *"Qualitative Inquiry"*. Thousand Oaks, CA: Sage Puplication.

Sherman, L. W., et al., (1992). *"Crime, Punishment, and Stake in conformity: Legal and informal control of Domestic Violence"*. American Sociological Review, Vol. 75.

Siegel, Larry J. (2017). *"Criminology: Theories, Patterns, and Typologies"*. Minnesota: West Publishing Company.

Trompenaars, F., & Hampden-Turner, C. (2012). *"Riding the Waves of Culture Understanding Cultural Diversity in Business"*. Nicholas Brealey Publishing.

Trumbic, S. Uvalic (2010). *"UNESCO's Role in the Development of Higher Education in a Globalized World"*. Paris: UNESCO., In book: International Encyclopedia of Education. pp. 597-602.

Wilkinson, D. & Birmingham, P. (2003). *"Using Research Instruments: A Gide for Researchers"*. London: Routledge Flamer.

Wilson, J., & Kelling, G. L. (1982). *"Broken Windows; The police and neighborhood safety"*. The Atlantic Monthly, No. 249, pp. 29-38.

XYU (2022). *"About Us: XYU history"*. From: https://XYU.edu.krd/about-us/

Zimbardo, P. G. (1969). *"The human choice: Individuation, reason, and order versus de individuation, impulse, and chaos"*. Nebraska Symposium on Motivation, No. 17, pp. 237-307.

# النوافذ المحطمة للجامعات الخاصة لحكومة إقليم كردستان: دراسة أوتوإثنوغرافية في في أربيل XY جامعة

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى إستكشاف بعض اللاتنظيميات الأساسية واللامعيارية في المؤسسات الأكاديمية الخاصة في كردستان. تحاول الإجابة عن سبب ظهور هذه الإضطرابات واللاتنظيميات، وكيف يتم ترجمتها إلى فوضى هيكلية والبنيوية على المستوى الكلي والذي يؤدي إلى إنحراف الجامعة من وظيفتها الأساسية وهي التعليم والإنتاج العلمي. هل الجانب التجاري مهيمن أم البعد الأكاديمي في الجامعات؟ أيهما يشكل الآخر ويقيد الآخر؟ إن هذا البحث مستوحى من الناحية النظرية من "نظرية النوافذ المحطمة"، التي طورها "ويلسون" و"كيلينج"، والتي تدرس أسباب وسياقات إنتشار المشكلات التافهة وتوسيعها وترجمتها إلى مشكلات إجتماعية واسعة النطاق. كما أنه إعتمد على مفهوم "الأنومي المؤسسي" الذي إقترحه "مسنر" و"روزنفيلد"، والذي يركز على عملية التنشئة الإقتصادية لمؤسسات غير إقتصادية وتجارية. من الناحية المنهجية، إستخدم الباحث المنهج أوتوإثنوغرافي النقدي والتفسيري. لزيادة تقوية بيانات الكيفية للبحث، أستخدمت أيضا تقنية فوكوس الجماعي والمقابلة غير المنظمة مع 37 عينة (22 طالبا و 7 مدرسين و 8 موظفين جامعيين) بالإضافة إلى ملاحظات الباحث بالمشاركة والمباشرة وغير المشاركة. يشار إلى إسم الجامعة المدروسة بالرمز (XY)، قام الباحث بالتدريس في هذه الجامعة لمدة ثلاث سنوات، ولذلك إختارها كعينة مهدفة. تظهر النتائج أن الجامعات الخاصة في كردستان برغم من كثرتها، تعمل كمؤسسات تجارية أكثر من مؤسسات أكاديمية وتعليمية، وتشارك في تسويق وبيع الشهادات المعتمدة من قبل وزارة التعليم العالي في كردستان.

**الكلمات المفتاحية:** النوافذ المحطمة، الأنومي المؤسساتي، أوتوإثنوغرافي، جامعة XY، سلعنة الدراسة العليا.